لە پەراوێزەکانی پەروەردە و فێرکردنەوە

له پەراوێزەکانی پەروەردە و فێرکردنەوە

ئامادەکردنی

شنۆ یەحیا (شوارێ)

پێداچوونەوەی

م/ غەریب پشدەری

٢٠١٣

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **ناوی کتێب: لە پەراوێزەکانی پەروەردە و فێرکردنەوە**
- **ئامادەکردنی : شنۆ یەحیا (شواڕێ)**
- **پێداچوونەوە : غەریب پشدەری**
- **پیتچنین: شنۆ یەحیا (شواڕێ)**
- **نەخشەسازی ناوەوە: شنۆ یەحیا (شواڕێ)**
- **بەرگ: ڕێدار جەعفەر**
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم:** ٢٠١٣
- **تیراژ:** ٧٥٠ دانە
- **چاپخانەی: موکریانی (هەولێر)**

- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٧٤٣) ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە.**

زنجیرەی کتێب (٧٦١)

هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

پێرست

ز	بابەتەکان	لاپەڕە
١-	پێشکەشه بە..	٧
٢-	سەرنج..	٩
٣-	مامۆستای تازە..	١١
٤-	کە جەرگمان لە زەوی دەخشێ..	١٩
٥-	شەنەبایەکی خەرمانی پەروەردە..	٢٩
٦-	چۆن منداڵەکەت بۆ یەکەمین جاری چوونە قوتابخانەی ئامادەدەکەیت	٣٧
٧-	ڕەچاوکردنی جیاوازی ئاستی قوتابییان..	٤١
٨-	هەوڵدان بۆ ئەوەی هەموو قوتابخانەکان بکەین بەنموونەیی نەك تەنها چەند قوتابخانەیەك.	٤٥
٩-	ئەو ڕێگا هەمە جۆرانەی منداڵ سەرکەوتوو دەکات لە قوتابخانەدا......	٤٧
١٠-	مامۆستا کێیە	٥١
١١-	خەسڵەتەکاتی مامۆستای سەرکەوتوو..	٥٥
١٢-	بەرپرسایەتییەکانی مامۆستا..	٥٩
١٣-	خۆشەویستی مامۆستابۆبابەتەکەی دەبێتە هۆی دروستبوونی خۆشەویستی لە نێوان مامۆستاو قوتابی..	٦٣
١٤-	لە دیاردە نەشیاوەکانی نێو هەندێك قوتابخانە..	٦٥
١٥-	قوتابخانەو جگەرەکێشانی مامۆستایان..	٦٩
١٦-	بەرپرسیارییەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە..	٧٣
١٧-	بەڕێوەبەری قوتابخانە سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی ئاکنجە............	٨١
١٨-	لاکردنەوەیەك لە کۆبوونەوەکانی ماڵ وقوتابخانە یان دایك و باوك و مامۆستایان..	٩٥

ز	بابەتەكان	لاپەڕە
-١٩	چۆنیەتی ڕێكخستنی خشتەی وانەكانی هەفتە لەناو قوتابخانەدا........	١٠٥
-٢٠	با ئێمەش كاژێك باوێین..	١٠٩
-٢١	یادەوەری مامۆستایەك..	١١٩
-٢٢	نموونەكانی فریاكەوتنی پێش وەختی خاوەن پێداویستە تایبەتەكان..	١٢٣
	١- فریاكەوتنی پێش وەخت لە ماڵەوە..	١٢٥
	بەرنامە (پرۆژە) ی پۆرتاج...	١٢٩
	بەرنامەی سكای های : Ski Hi..	١٣٧
	٢- فریاكەوتنی پێشوەخت لە سەنتەر (مەلبەند – ناوەند) دا.........	١٣٩
	٣- فریاكەوتنی پێش وەخت لە هەریەك لەسەنتەر و ماڵەوەدا..........	١٤١
	٤- فریاكەوتنی پێشوەخت لەڕێی پێشكەش كردنی ڕاوێژ بۆدایك و باوكان...	١٤١
	٥- فریاكەوتنی پێشوەخت لە نەخۆشخانانداا	١٤٣
-٢٣	هەموو تازەیەك نامۆیە..	١٤٥

پێشکەشە بە /

بەو یەکەم مامۆستایەی فێری ئەلف و بێی پەروەردەو فێرکردنی کردم .... !!!

سەرنج

لە دەرگادان وكردنەوە و چوونە ژووری هیچ لایەنێکی ژیان، هێندە سانا و بێ گرێ و گۆڵ و دڕك و داڵ نیە ، هەر كەسێك ویستی بە ئارەزوو و هەوا و هەوەس و حەزەكانی خۆی، سەری تێهەڵكا و هەنگاوی پان و پۆڕو هەراوی خۆی تێدا باوێ ... نەخاسمەش لایەنی پەروەردە و فێركردن، كە بەردی بناغە و بنچینە و شەنگەستی پلە و پایە تۆكمە و پتەوەكانی ژیانە و هەمیشە دیاردەیەكی دیار و بەرچاوی هەنگاو و پێشكەوتن و بەردەوامی بەرەو پێشچوونی هەموو كات و شوێنەكانی دوێنێ و ئێستا و ئایندەی هەر نەتەوەو كۆمەڵگایەكە، چەند خۆشە بۆ ئێمەی كۆنترین نەتەوەی ئەم دنیاو مەرز و بوومەش ، لەمڕۆی ئەمڕۆی ڕەخساودا، هەریەكەمان لە ئاستی خۆیەوە، چاكی مەردانەی لێ بكەین بەلادا و خەریكی هەڵنانی دیوار و دار و پەردووی ماڵێكی نوێی سەردەمیانەی ئاوەدان و زەنوێری خۆمان بین .

بەو ترووسكە ئومێدانەش شاگەشكەو خۆش و شادو شەنگولم، كە دەبینم نەوەی نوێ تۆوی غەمخۆری و دڵسۆزی و كاروكردەوە و بەرهەمی ناوازەیان لە

– زۆر لایەنەکانی ژیاندا – خەریکی چەکەرە و فراژوو بوون و چرۆ دەرکردنە، بۆ رازانەوەی گوڵزار و باغی ئیرەمی پێشکەوتنی ئەم وڵاتە بێ نازە ...

ئازیزان ...

کە لاپەڕەکانی ناو دوو تۆێی(لە پەراوێزەکانی پەروەردە و فێرکردنەوە)م تاوتۆێ کردو وەك حەزێکی پەروەردەییانەی خۆشم بە ناو دێڕو لاپەڕەکانیدا گەڕام و زۆر بە وردی و بە سەرنجێکی قووڵەوە تێڕامام، ئۆخژنم لە هەناوی هات و لە ناخەوە دەستخۆشی و ئافەرینی ئەو شۆخە مامۆستایەم کرد کە کتێبێکی ئاوا ناوازەی لە هەموو کوێرە ڕێیەکانەوە، بە شارێی ئەم پرۆسەیە ئاشناکردوونەوە و وەك چەپکە گوڵێکی ڕەنگین کتێبخانەی کوردی پێ رازاندۆتەوەو بۆتە چرای سەوز و پرشنگداری کتێبخانەی هەموو قوتابخانەکان .

ئازیزان/ پێتان وانەبێ دەستی ئەوەشی بۆ لەمل دەدەم کە بێ کەموکورتی و کەمایەسییە، یا خوانەکردە بڵێم لە هەموو بواران پەڕیوەتەوە ..بەڵام رێی ئەوە بەخۆم دەدەم بڵێم :سەرەتاو دەستپێکێك هێندە جوان وبابەتی وا تۆکمەو بەسوود و رێچکەیەکی ئەوتۆ جوان وفرە بابەتییانەی بەسوودی هەڵبژاردووە، کە بەراستی کەم وێنەن. خوا وێنەیان زۆرکات و قەڵەمی ئەو خاتوونەش هەر بەبرشتتربێت .

غەریب پشدەری

٢ / ٩ / ٢٠١٢

مامۆستای تازە

لــە چــایخانە بچــکۆلانەکەی ئــاوایی، هەرهــەموویان ســەبارەت بەمامۆســتای تــازە دەدوان... هەر یەکە قسەیەکی دەکرد بەبێئارامی چاوەڕوانی مامۆستای تـازە بـوون ... مەحموودی نالبەند گوتی:

- بابێ بزانین ئەو چی دەڵێ ؟

سەبری تەڕە فرۆش وەڵامی دایەوە.

-جا ئەوە دیارە ...ئەویش هەروەکو ئەوان قسەیەك دەکات: دەبێ ئێوەش یارمەتیمان بدەن...خەڵك چاوی لە دەستی ئێوەیە .

لەودەمەیدا دەرگای چایخانەکە کرایەوە تارمایی پیاوێکی باڵا بەرز وەدەرکەوت ... ئەوانەی لە چایخانەکە دانیشتبوون هیچ یەکێکیان لەجێگای خۆی نەبزووت... یەکێکیان گوتی .. هات... یەکێکی دیکەیان گوتی...بەڵی..هەر ڕاست خۆیەتی... پیاوە لاوەکە چەند خولەکێك لەبەر دەرکێ وەستا...لە نێوان دووکەڵی جگەرەکێشانی نێو ژووری چایخانەکەوە ڕوانی و گوتی

" سڵاو هاوڕێیان..."

ئەوانەی لەوێبوون هەر لە شوێنی خۆیانەوە وەڵامی سڵاوەکەیان بە "عەلەیکە سەلام "دایەوە ..."

مامۆستای لاو پرسی :

- دەڵێی میوانتان لێ خۆش نایە ؟!...

مەحموودی ناڵبەند لە جێگای خۆی بڵند بوو و وەڵامی دایەوە.

- فەرموون کاکی مامۆستا ...دۆست و بێگانە هیچ جیاوازییەکیان نییە ... فەرموون زۆر بەخێرێن...

مامۆستا لەسەر سەکۆی چایخانەکە لێی دانیشت... کوێخا لەبەری هەڵسا و گوتی.

- کاکە زۆر بەخێربێی ...

- زۆر سوپاس...

هەر وەکو چۆن هەواڵیان داوینێ کە ئێوە لاوێکی دڵفراوان و نیشتمان پەروەرن ...لەبەر خاتری خزمەت کردن بە وڵات، ژیانی شارتان وازلێهێناوە و ئاوایی ئێمەتان هەڵبژادووە .

ماموستای لاو زەردەیەکی کردو وەڵامی دایەوە :ـ

- هەرکەسێ ئەو قسانەی کردبێ گەورەیی نواندووە... پێم وانییە من هێندەش چاك بم .

مەحموودی نالبەند وەڵامی قسەکانی کوێخای دایەوە و گوتی :

- ئینشاڵلا هەرچییەکیان گوتبێ ڕاستە . تەنیا داوایەك کە لە تۆمان هەبێ ئەوەیە کە دواکەوتوویی نیشتمان و هەژاری و نەداری وڵاتەکەمان بەمنداڵەکانمان نەڵێیت...

ماموستای لاو زەردەیەکی هاتێ و وەڵامی دایەوە .

دەمەوێ خۆشەویستی نیشتمان لە دڵ و دەروونیاندا زیندووکەمەوە، ئەگەر بتوانم لەم ئەرکەدا سەرکەوم ئەوکاتە هەست بەئاسوودەیی دەکەم.

کوێخا چایەکی بۆ کاکی ماموستا بانگ کرد و گوتی :

ئینشاڵلا سەرکەوتوو دەبیت.

کاکی ماموستا دوابەدوای ئەو درێژەی دایێ .

- لە وڵاتەکەماندا سەرچاوەی دەست لێ نەدراو و دەرنەهاتوو زۆرە... بۆ بەرهەمهێنانی ئەم سەرچاوانەش دەبێ هەوڵ بدەین، تا ئایندەی وڵاتەکەمان بە دەستی لاوەکان بنیات بنێینەوە، هەروەك چۆن باوو باپیرانمان بە بەخشینی خوێنی خۆیان ئازادی و سەربەخۆییان دەستەبەر کردو. ئەوان کە ئەو وڵاتەیان ئاوا دامەزراندووە ئێمەش دەبێ ئەم چووزەرەیە گەشەپێبدەین، بۆ ئەوەی وڵاتێکی ئاوەدان و دەوڵەمەندتر بەنەوەی دوارۆژ بسپێرین...

پیرەمێردەکە لەسەر سەکۆی ئەوبەرەوە دانیشتبوو، بەدەنگە لەرزۆکەکەی قسەکانی کاکی ماموستای بڕی. برالە بەخۆڕایی خۆت ماندوو مەکە ...هەر تۆ دەمت لێك

کردەوە ئێمە تێگەیشتین دەتەوێ چ بڵێیت. بـیروڕاو بۆچـوونەکانت زۆر چـاکن، بـەڵام کارپێکردنیان گرنگە ...لەبری ئەوەی نەوە بە نەوەی بسپێرن ئەگـەر دەسـتیان لـەناو دەستی یەکدی نابایە، بارودۆخ و گوزەرانی ئێمە زۆر لە ئێستا چاکتر دەبوو...

مامۆستای لاو بەسەر لەقاندنێك قسەکەی پەسەند کرد .

- راستە بابە گیان بەڵام چـاك کردنـی ولاتێـك پێویسـتی بـەکات هەیـە ... دەبـێ ئێمە ...

کوێخا یەکسەر قسەکانی کاکی مامۆستای بڕی و پرسی:

- کاکی مامۆستا ئێوە تەمەنتان چەندە ؟.

- بیست و چوار ساڵ .

من هەفتاو پێنج ساڵم ...کاتێك لەتەمەنی ئێوەدا بووم...زۆر لە ئێوە بـە هەسـت و سۆزترو بەکەف وکوڵتر بووم، کە دوژمن ولاتەکەی داگیرکردین، هەر هەموو دەستمان لەناو دەستی یەکدی ناو تا دوژمنمان لـە ولاتـی وەدەرنـا ،...هـێێێ ...هـەی.. ئەویش ڕۆژگارێك بوو ...ئێمە ئەو دەمەی هێشتا سمێلمان خەتی نـەدابوو. هـەر کـە پارچەیەکی ولاتمان لە دەستی دوژمن ئازاد دەکرد، هێندەی دی بەکەفوکوڵتر دەبووین، کـە هـەرخوا بۆخـۆی بزانێـت شـەو و ڕۆژ هـەدادانمان نەبوو...خـەوو خۆراکمـان لێ هەڵگیرابوو سوپاس بۆ خوا کارەکان بەرەوپێش چوون...کە دوژمن پێی لە ولاتی بـڕا، کەوتینە بیری چاکسازی... یەکەمین بەرنامە کە بەلامانەوە گرنگ بوو دروسـتکردنی قوتابخانــە بوو...کاربەدەســتانی ئیــدارە گوتیــان: ئێمــە بودجــەی دروســتکردنی قوتابخانەمان نییە، دەبێت بۆ خۆتان قوتابخانەکە دروست بکەن ...خـەڵکی ئـاوەدانی قەزمە بەدەست وەخۆکەوتن. شەو و رۆژ کاریان دەکرد تا قوتابخانەکـە تەواوبکـەن...

کاتێك لە نێوان میللەت و دەوڵەت لێك تێگەیشتنی تەواو هەبێ ئەوددەمی جیاوازی دەبەیندا نامێنێت و ئێمەو ئێوە باوی نامێنێت...گوتم:

" دروستکردنی قوتابخانە لەسەر ئێوە...ناردنی مامۆستاش لەئێمەوە... زۆری نەبرد مامۆستایان نارد و قوتابخانە کەوتە کار. ئێمە کە تازە لاوبووین دەستمان بەخوێندنێ کرد ئێمە لە مامۆستا بە کەفوکولترو مامۆستاش لە ئێمە خۆش حاڵتر ...

کاکی مامۆستا لە نیشتمان پەروەرە گەرمو گوڕو گەرمە تەندوورەکان بوو، بەڵام لەکاتی وانەگوتنەوەیدا پتر وشەی (ئێمە) و(ئێوە)ی بەکار دەهێنا، هەمیشە دەیویست بۆشاییەك لەنێوان میللەت و دەوڵەتیدا دروست بکات... هەر لەناو وانەکەیدا ئاماژەی بەوە دەکرد کە چۆن دوژمن هاتۆتە ولاتی و (ئێمە) ش چۆناوچۆنمان لە ولاتی وەدەرناوە...ئەوددەمانەی کە دەگەڵ دوژمنیدا پێکدا دەهاتین بێ ئەوەی خواردنێ بخۆین یان پشوویەك بدەین سینگمان کردبووە قەڵغانی سەرە نێزەی دوژمن...بەددان و نینۆك زۆرانبازیمان دەکرد...دەمانویست ئەوە بەجیهان نیشان بدەین کە دەتوانین بێ خواردن و بێکارکردن ژیان بەسەربەرین.تەنیا سەربەخۆو ئازادبین. دووبارە بە وشەی (ئێوە) دەستی پێدەکردەوە:

" دیارە ئەورۆ ناتوانین بڵێین ئەوەی کە دەمانەوێت دەستمان کەوتووە و پێی گەیشتووین... هێشتا لە زۆر شتی دیکەمان کەمە... فابریقەمان پێویستە ... ڕێگاوبانی چاکمان دەوێت... ئاوی پتر- تەندروستی پترمان پێویستە، ئیدی هەموو ئەوانە دەبێت(ئێوە) دروستیان کەن..ئێوەی لاوانی ولات دەبێت ئایندەی ولات بنیات بنێنەوە...

کاتێکی چوومە پۆلی دووەم باوکی خوالێ خۆشبووم پرسی:

- حاڵو باڵی قوتابخانه چۆنه ؟...

-خراپ نییه بابەگیان ...چاك دەڕوات...

- هەتا ئێستا چی فێربوو ون .؟

- دوو دانه هۆنراوەی نیشتیمانی و یەك سروود.

- هەر ئەوەندە؟

- شتێکی دیش، نەبوونی فابریقەو ئاو و تەندروستی و ڕێگاوبان و...

باوکم نێوچەوانی تێك ناو و پرسی:

- ئەی بۆ دروستی ناکەن؟

- چونکه مامۆستا هۆیەکانی پێ نەگوتبووین بۆخۆم پینەم کرد:

- لەبەر ئەوەی کەسمان نییه ...

- ئەدی چ بکەین ...کێ هەیه بێتو ئەوکارانه ئەنجام بدات؟

- دەبێت (ئێمه) لە ئایندەدا ئەم کارانە ئەنجام بدەین...

- باوکم گورج لەجێگای خۆیەوە بڵندبوو و بەتووڕەییەوە گوتی:

- هەی سەگباب ...لە بەیانییەوە تائێوارە دەچییە قوتابخانە بە ناخێری گیانت ئەو قسانەش دەکەیت؟ ئەوەتۆ سەتڵە ئاوێکت لەسەر بیرێڕا پێ نایەتەوە...ماڵی من جێی خواردن و نووستنێ نییه... باشه چ پەیوەندیەکی بە تۆوە هەیه بچی فابریقەو ڕێوبانی بۆخەڵکی دروستکەیت ؟...

بەکورتیەکەی باوکم منی بردەوە سەرکاری شینایی بۆ زەوی کێڵان و باغەوانی...باوکەکانی دیکەیش وردە وردە منداڵەکانیان لە قوتابخانەوە دەرهێناو بۆسەرکارێیان بردنەوە...هەر ئەو(ئێمه) و(ئێوه) گوتنانەی کاکی مامۆستای هەوەڵێ،

بــووە هــۆی داخســتنی قوتابخانــەی ئاواییەکــەمان، ئیســتاش دوای چــەندین ســاڵ ئاواییەکەمان هەروەك ئەو ڕۆژەی لە دوژمنمان ئەستاندەوە دواکەوتوو و وێرانەیە. نــە ڕێ و بانێکمان هەیە ...نە ئــاو نــە تەندروســتی و نەکشــتوکاڵ و نەپیشەســازی ... هیچمان هەرنییە... پیرە مێردەکە بێ دەنگ بوو، مامۆستای تازە پرسی:

- منداڵەکانی ئاوایی هیچیان نەبوونە شتێك؟.

کوێخا وەڵامی دایەوە:

- بەدی! کوڕەکەی ڕەجەبی قەساب خولی سەرەتایی تــەواوکرد و گــوتی: باوکــە مــن دەمەوێ هەر بخوێنم تا ببمە پیاوێکی گەورە...ڕەجــەبی قەســاب ڕازی نــەبوو، بــەڵام دەروەستی کوڕەکەی نەهات ...چەند کەسێکیش ڕوویان لێ ناو ڕەجەبی قەساب ڕازی بوو کوڕەکەی بنێرێتە شاری بۆ خوێندنێ، لە وانەیە ڕۆژێك بێت و پیاوێکی چاکی لێ دەرچێت و خزمەتی خەڵکی ئاواییەکە بکات...دوایەش یەك دوو کەســی دی بــەدوای کوڕەکەی ڕەجەبی قەسابدا چوونە شاری...هەمووشیان خوێندنیان تەواوکردو تەنانەت بەپلەوپایەی بەرزیش گەیشتن بەڵام سوودی چییە..؟!

مامۆستای لاو کە بەچڕوپڕی گوێی بۆقسەکان شل کردبوو پرسی:

- هیچ کامێکیان نەگەڕانەوە ئاوایی و یارمەتی خەڵکەکەی بدەن .؟

کوێخا زۆر بە پەرۆشەوە سەرێکی لەقاندو گوتی:

- بۆ نایەنەوە ...هەموو ساڵێك وەختی هەڵبژاردنێ پەیدادەبنەوە ...ئینجا کە دێنەوە یەك دنیا پەیمانی مزروشیرین بە خــەڵکی دەدەن، هــەر مەپرســە!. وتــاری بــەجۆش و خرۆش دەخوێننەوە و ئاو و تەندروســتی و کارتــان بــۆ دابــین دەکــەین ... ڕێ وبــانی چاك...فابریقەی گەورە دادەمەزرێنین..." کاتێك کە هەڵبژاردنیش تەواودەبێت دەڕۆن

و هیچ کەس سەرو سەکوتیان نابینێتەوە... ئیستا کـاکی مامۆسـتا ئەگـەر ئێـوەش هاتوون هەمان قەوان بۆ خەڵکی لێدەنەوە و بڵێن" ئێوە ئـەی لاوەکـان چـاوی هیـواو ئومیدی دوارۆژی وڵاتن و ئەو جۆرە شتانە، بەخۆڕایی خۆت ماندوو مەکەو بگەڕێوەو برۆوە سەرکارەکەی خۆت، بەو کەسەش بڵێ کە تۆی ناردووە: کەسێکی دیکە بنێرێـت کە بتوانێت هەر خۆی ئەو کارانە ئەنجام بدات.

مەحموودی ناڵبەند دوا بەدوای قسەکانی کوێخا گوتی:

" کاکی مامۆستا ئێوە تووڕە مەبن مەبەستمان ئێوە نییە لە تەواوی ئـەو ماوەیـەی کە هەر کەسێك هاتووە لە جیاتی ئەوەی کارێك ئەنجام بدات ئێمەی کردووەتـە تـۆپی فتبۆڵێ و پاسمان پێ لێ دەدات... ئەگەر هەر یەکێك بۆ خۆی کـەمێکی لـەو کارانـە ئەنجام بدایە ئەوە دەمێك بوو وڵاتەکەمان ببووە بەهەشتی بەرین ...•

•لە نووسینی / عەزیز نەسین

گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی (ژمارە ٦٦) نیسانی ٢٠٠٦بڵاوکراوەتەوە.

که جەرگمان لەزەوی دەخشێ

ن/ شوارێ

لە وەتەی ئەم گەردوونە کەوتۆتە چەرخەلە و گەڕان و سووڕان و شەو و ڕۆژ و مانگ و ساڵ و وەرزەکانی یەك بە دوای یەکدا بەدوای خۆیدا هێناوەو ئەم گۆی زەوییەی دەخۆوە گرتووە و بە رووەك و گیانلەبەر و ئادەمیزادی ئاوەدان و زەنویر کردۆتەوەو مرۆڤیشی تێداکردۆتە گەورە و کوێخاو دەمڕاستی هەرچی هەیە و نیە، کەچی دەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سروشتێکی لێ ڕاست کردۆتەوەو دەستەویەخە پەنجەو نینۆکی لە خنخنۆکی ئەو ئادەمیزادە گیر کردووە و ئەوك و بەرۆکی بەرنادا و لەو کاتەوە کەچاوی بەژیان هەڵێناوە و تا ئەمڕۆی ئەم چرکە ساتانە و تا ئەو ڕۆژەش کە ژیان لەسەر ئەم زەوییە خڕیلەییەدا بمێنێ ئەوە هەر دە بەربەرەکانێ و بگرەو بەردە و

گێرمەوکێشەدایە دەگەڵیدا، و هەر جارەی یەکێکیشیان کەم یان زۆر لە سووچ و کەلێنێکی ئەم سەرزەمینەدا لەو مل ملانێ و زۆرانبازییەدا وەبن یا وەسەر دەکەوێت، هیچ کامێکیشیان بە بردنەوەی کۆتایی ناگەن ... هەرچەندە بە لۆژیك و بە رووالەتیش هەر سروشت بەهێزو بالادەستتر دیارە دەو گوریس کێشەکییەدا، بەلام خۆ ئادەمیزادیش بە هێزو توانای هزرو بیرو مێشکی خۆی، هەروا دەستەوەستان و ملکەچ و چاوەڕێ دانانیشێ و لە پێناو بەردەوامی و مانەوەی خۆیدا، لەهیچ هۆ و هۆکارێك و لە هیچ مەترسییەك ناسڵەمێتەوە ، و نە هەر بەلەش و لارێکی ساغ و توند و تۆڵ و تەندروستەوە، بەڵکە بە شەڵ و کوێری و کەڕ ولاڵی و گێڕی و سەقەتیشەوە، واز لە کردە مرۆییەکەی خۆی هەر ناهێنێت و کلکە کەوگیرێکی لەلایەکی بنی مەنجەڵی ژیان هەر وەردەدا و جێ پەنجەو مۆرکی خۆی لەسەر دەنەخشێنێ.

ئادەمیزاد دەگەڵ قۆناغەکانی بەرەو پێشچوونی خۆی شان بەشانی کارەسات و رووداو و بەسەرهاتەکانی سروشتدا، هەمیشە لە چارە سەرو هۆکارو رێی بەرگری گەڕاوە ، تا هەر نەبێ باری ئەو هەموو شتە قورسانەی سروشت لەسەرشانی خۆی و نەوە و ڕەچەڵەك و تۆرەمەی خۆی سووك بکات ...

ئەوەتا ئێستا، هەر چەندە لە تەمەنی مێژوودا سالانێکی زۆریش نیە، بەلام وەك هەستی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر ژیان، ئادەمیزاد ئاوڕێکی گەورەی لە هاو رەگەز و پێکهاتە مرۆڤایەتییەکەی خۆی داوەتەوە کە مەبەستە گرینگەکەی ئێمە بۆ پێشەکی باسەکەمان دەسەلمێنی :

لەزاو و زێ و زۆر بوونی هەموو زیندەوەرێکدا بە تایبەتی ئـادەمیزاد کـە ئەمــەیان تەوەری سـەرەکی باسـەکەی ئێمەیـە، هـەموو تاکـەکان وەکـو یـەك و بـە پێـوەری ئادەمیزادیبوون، بەیەك جۆر و شێوە و یەك پەیکەر و رەنگ و رواژا و یەك تەندروست و حەز و ئارەزوو و بیرو بۆچوون، لە دایـك نـابن ، هەریەکـە و بـۆ خـۆی مرۆڤێکـی تایبەت و سەربەخۆیە و تایبەتمەندی و توانا و هێـزی جەسـتەیی و هزرییـان لەیـەکتر جیایە، بۆیە زۆر ئاشکراو روون و ئاریشەیەکی حاشا هەڵنەگرە، کە هەموو کەسێك — نێرومێ— زۆرجاران وەك ئادەمیزادێکی تەندروستی بێ گێرمەو کێشە نایەتە باوەشی ژیانەوەو لـەدایك نابـێ، هەیـە شـەل و سـەقەت و خـوارو خـێچ، یـا کـەڕ و لاڵ، و کوتروکوێر ، یا نەخۆش و کزو لاواز و وردیلەو ئیسقادار دێتە دنیاوەو لە دایك دەبێ، بەڵام دەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوانـەش مـرۆڤن و هێنـدەی خۆیـان بەشـێکن لـەو کۆمەڵو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین و ئەوانیش هەر خۆشەویست و ئازیز و لەبـەردڵ و سەنگی سەبووری دایك و باوکی خۆیانن و بە پەرۆشێکی زۆر زیـاترەوە دەتـوانم بڵـێم بەسینگ و بەرۆکی خۆیانیانەوە دەنێن و درێغی چاودێری و بەخێوکردنیان هەرگیز لـە هیچ لایەنەکانی ژیانەوە لێ ناکەن ... جا هەر میللەت و نەتـەوەو کۆمەڵگایـەك بـە گوێرەی پێشکەوتن و توانای باری ئـابووری و رۆشـنبیری و کۆمەلایـەتی ... هتـد ، خۆیانەوە بە دەنگ و هانای ئەم جۆرە ئـادەمیزادە، خـاوەن پێداویسـتیانەوە دەچـن و چەندی بۆیان بکرێ نایـەڵن ئەمانـەش لـەژیان دابـبڕێن و بکەونـە دەرەوەی جـوغزی جوانییەکان و ئومێدە رەنگاو رەنگەکانی ژیانەوە .

هەر بۆ ئەمەش و بەتایبەتیش لە وڵاتە خوا پێداو و پێشکەوتووەکان و زۆرێکیش لە ولاتانی ئەم رۆژهەلاتی ناوینەش، بـۆ مەبەسـتی ئاوڕدانـەوە لـەو جگەرگۆشـەی کـە لەلایانــە هــاتوون بەرنامــەو پرۆگـرام و پـەروەدەی هەمـە جـۆر و شـێوازی نـوێی

پەروەردەییيان دوای لێکوڵینەوە و توێژینەوەو بەدواداچونێکی قووڵ و بەرین و هەراو داهێناوەو دەستيان بەجێبەجێ کردنی کردووە و تەنانەت ئەم باس و خواس و بەهاناوە هاتن و کار بۆ کردنی ئەم لایەنە ژیارییە لە بەرنامەوبڕیارو راسپاردەکانی زۆر بڕگەی یاسایی ئەنجوومەنی نێونەتەوەییدا کاری لەسەر کراوەو، وەك گوتمان زۆر لەپێش ئێمەومانانەوە هەنگاویان بۆ ناوە، یەکێك لەو هەنگاوە سەرەکییانەی لەم بوارەدا نراوە و ئیشی لێ کراوەو بەردەوامیش ئیشی لێ دەکرێ و بۆ دەکرێ، پەروەردەی پێش وەختە کە بریتیە، لە پشتگیری و پاڵپشتی کردنی هەر خێزانێکی منداڵی خاوەن پێداویستی تايبەتی تێدابێ، بۆ رێگە گرتن لە کەم تواناییيەکانی ناو جەستەو پەیکەرەی درووستبووی منداڵەکە، کە هەر لە یەکەم رۆژی لەدایکبوونیەوە دەست پێدەکات و کەموکووڕی و ناهەمواریيە جەستەیی و هزرییەکانی لێ دیاری دەدا، ئەوەش لە رێی ئەو بەرنامە دارێژراو وهەڵسەنگێنراوانەوە، کە بۆ منداڵەکە دەکرێت و لەرێی فێرکردنی ئەو کارامەییيە پەروەردە نوێیانەشەوە کە فێری خێزانەکەو منداڵەکەش دەکرێن. ئەوەی خێزانیش لەم بوارەدا فێری دەبێ یا فێر دەکرێ ئەوەیە، کە چۆن ژینگەیەکی لەبار و گونجاو و سەرنج راکێش بۆ منداڵەکانیان فەراهەم و دابین کەن. بۆ ئەم مەبەستەش، دەبێ خێزانەکان — ئەوانەی منداڵی خاوەن پێداویستی تايبەتییان هەیە — لەکاتی کردنەوەی هەر خولێکی مەشق و راهێنان لەسەنتەرەکانی سەر بەم بەرنامەیە ئامادەبن، کە پەروەردەی تايبەت ئامۆژگاری خێزانەکانی تێدا دەکات و هەر ئەو پەروەردەیەش هەفتانە سەردانی ماڵەوەی خێزانەکان دەکات، بۆ پێدانی زانیاری دەربارەی چۆنیەتی گەشەکردنی منداڵەکانیان و چۆنیەتی هەڵس و کەوت و چۆنیەتی کۆنترۆڵ کردنی ژیانی منداڵەکانیان.

یەکێك لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم بـوارە، دەریخسـتووە کـە ئـەو پشـتگیری و مەشـق و ڕاهێنان و فێرکردنانە، یارمەتی ئەو خێزانانە دەدەن تا کۆتـایی ژیانیـان هاریکـاری منداڵەکانیان بن. ئەو فێرکردن و مەشق و ڕاهێنانانەش بریتین لە چۆنیەتی هەڵگرتن، لەبەر و باوەش کردن، شووشتن و تەڕ و وشککردنەوە، خەواندن، خواردن و خواردنـەوە پێدان بەشێوەیەکی زانستیی و پەروەردەییانە، کە هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی کـەم کردنەوەی فشار و بار سووکی خێزان. هەر لـە ڕێـی ئـەم پڕۆگرامەشـەوە خێزانـی وا ڕاهێنراوە کە بتوانێ توانستی گرینگ فێری منداڵەکانیان بکەن.

نەتەوە و مەرزو بوومێکی وەك ئەم کوردستانە ڕەنگینـە و ئـەم کـوردە بـێ وەیـەی ئێمەش کە وەك زۆر و ستەم لێکراوێکی مێژوو، هەمیشە هەر ژێر چەپۆکەی دەسـتی ناحەزان و چاو چنۆك و زۆرداران و پێشێلی ئەسپی سـوارەی داخ لـەدڵ وکینـە دۆزان بووە و مێژوو شاهیدە کە نەخۆی و نە خاکەکەی تا ئێستا نەبووە و ڕێـك نەکـەوتووە ماوەی چەند ساڵێکان بەدوای یەکدا هەناسەی حەسانەوەیەکی هەڵکێشابێ و ئۆخـە و ئۆخژنی دەدڵی گەڕابێ.

دیارە وڵات و نەتەوەیەکیش هەمیشە لە ململانێ و زۆرانبازی و شـەڕی بەردەوامـدا بوو بێت و خاکەکەشی گۆڕەپانی ئەو شەڕانەی شەرخواز و دڕندانە بووبێـت داخـوا چ کارەساتێکی تێدا قـەوماوە و چ پاشماوەیـەکی وێرانکـاری و تـاڵان و بـڕۆ و کوشـت وکوشتار و شەل و کوێر و سەقەت و برینـدار و شـێت و شـبرو نەخۆشـی دەروونـی و کەساسی و کلۆڵی و بێدەرەتانی بەدوای خۆیدا بەجێهێشتووە، هەر بۆیە لەو ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین یەکێك لەو وڵات و نەتەوانەین کە پێویسـتیەکی ڕاسـتەوخۆو تەنانـەت

زۆر بەپەلەشمان بە پرۆگرام و بەرنامەی کاری پۆرتاج (پەروەردەی پێش وەخت) و پەروەردەی تایبەت هەیە، کە وەك زنجیرەیەکی نەپساوە ئەلقەکانی هەر لەسەرەتای لەدایکبوونی کەسانێکی خاوەن پێداویستی تایبەتەوە ، تا مردنیان پێویستیان پێیەتی ، کە پەروەردەی تایبەتیش ئەلقەیەکی ئەو زنجیرەیەیە بۆ خاوەن پێویستیە تایبەتییەکان . لە خوێندنی بەرفراواندا کە ئەویش بریتیەلە:

خوێندنی منداڵی کەم توانا — جا هەرچی کەم تواناییەك بێت — لەناو قوتابخانە ئاساییەکان و دەگەڵ قوتابییە تەندروست و ساغەکاندا ، ونابێ جیابکرێنەوە و دەبێ شان بەشانی هاوتەمەنەکانیان بخوێنن و فێربکرێن و فێربن . ئەمەش هەروا لەخۆوە ناڵێین ، توێژینەوە نێو دەوڵەتییەکان سەلماندوویانەکە منداڵی کەم توانا بەم ڕێگایە باشتر فێردەبێت. ئەمەش بە پشتگیری و هەوڵ و کۆمەکی هاوبەشی نێوان خێزان و قوتابخانە و کەسانی بەرپرسی ئەم بوارە ، تا بڵێی کاریگەر دەبێت و دەرەنجامێکی شایستەو دڵخواز بە دەستەوە دەدا.

بەلای خوێندنی بەرفراوانەوە ، هەموو منداڵێك وەك خودی خۆی لە منداڵێکی دیکە جیایە وجیاوازییە کەسییەکانی تایبەتن بەخۆیەوە و هەموو منداڵێکی خاوەن پێداویستی تایبەتیش لەدیدی خوێندنی بەرفراوانەوە توانای فێربوونی هەیە و زۆریش ئاساییە کەمنداڵ بەشێواز و بڕ و ڕێژەی جیاواز بێت.
یەکەمین شوێن، قوتابخانە بەرپرسی فێرکردنی هەموو منداڵێکە ئەویش بە پێی توانا و لێهاتوویی و ئامادەگی منداڵەکە، چونکە گوتمان جیاوازی تاکەکەسی (فروق فردیە) لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵ دەبینێ. هەروەها هیچ قوتابخانەیەکیش بۆی نیە منداڵێك

ڕەتکاتەوە، لەبەر ئەوەی خاوەن پێداویستی تایبەتە، بەڵکە دەبێ داوای هاریکاری و پشتگیری بکەن لە بەشی پەروەردەی تایبەت و هانای بۆ بەرن بەدەنگیانەوە بچێ.
هەربۆیەشە پەروەردەی تایبەت لەسەریەتی پێداویستیەکانی هەر منداڵێکی کەم توانا تاوتوێ بکات و هەڵیسەنگێنێ و، تا دەتوانێ زانیاری دەربارەی هەر منداڵێکی کەم توانا بەگوێرەی بارودۆخی کەمایەسییەکانی کۆبکاتەوە .

ئەوەندەی لەسەرەوەش باسمان کردووە هەمووی لەسەر بنەماو شەنگستی دەستووری عێراقی و ژمارەیەك پەیڕەوە نێو دەوڵەتییەکانە، کە ئەوەیان دەستنیشان کردوون هەموو منداڵێك مافی خوێندنی هەیە. ئەگەر هاتو منداڵ کەم توانایی جەستەیی یان هەستەکانی (بیستن و بینین) ... هتد ، هەبێت ئەوە هەر دەبێ وەك هەموو منداڵانێکی دیکەی ئاسایی مافی خوێندنی هەبێت. چونکە خوێندنی بەرفراوان مانای وایە کە : نابێ منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لە دەرەوەی قوتابخانەی ئاساییدا بێت.

جا هەر بەوپێ و دانگەش، پێمان خۆشە ئاوڕێك وەلای قوتابخانەکاندا بدەینەوەو بزانین دەبێ چبکەن و چۆن بن :
دەست نەنێن بەڕووی هیچ منداڵێکەوە — هەر چۆنێك بن — ولە قوتابخانەکاندا وەریان بگرن و، کاتێکیش منداڵی کەم توانا لەهەر قوتابخانەیەکدا تۆمارکرا، ئەو قوتابخانەیە دەبێ داوای هاریکاری و پشتگیری لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی ئەوشوێنە بکات .
لەسەر قوتابخانەکانیشە هانی منداڵانی دیکە بدەن پێشوازی لە منداڵانی کەم توانا بکەن. و وەبیر مامۆستاش بهێنرێتەوە کە مامۆستا بەرپرسیاری فێرکردنی هەموو

قوتابییەکانی ناو پۆلەکانن و بەچاودێری پۆلەکانیش رابگەیەنرێت کە لەژێر چاوەدێری مامۆستادا ئاگایان لە منداڵە کەم توانایەکان بێت .

لێرەوە بۆ پشت قایمی و راستی و دروستی باسەکەمان و بۆ ئاگاداری و خستنە بەرچاوی خوێندەوار و لایەنی پەیوەندیداریش پێم خۆشە هەندێك یاسا و بنەمای ئەم پرۆسەیە بخەمە بەرچاو، کە لە یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافی کەم ئەندام و کەم تواناکان(خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکان) ە. ژمارەیەك یاسای تایبەتی کە لە ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە مافی کەم ئەندامان دەرچووە :

- بڕیاری ٣٠٥ ساڵی ١٩٥٠ز دەربارەی گێڕانەوەی ئامادەگییە کۆمەلاتییەکانی کەم ئەندامانی لەش و لار.
- بڕیاری ٢٥٤٢ ساڵی ١٩٦٩ ز دەربارەی هەستانەوەو گەشە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی مافی کەم ئەندامانی باری ئەقڵی و لەش و لار.
- بڕیاری ٢٨٥٦ ساڵی ١٩٧١ ز دەربارەی مافی کەسانی کاڵ فام.
- بڕیاری ٣٤٤٧ ساڵی ١٩٧٥ دەربارەی مافی وەکو یەك بوونی کەسە کەم ئەندامەکان دەگەڵ مرۆڤی دیکەی ئاساییدا.
- بڕیاری ٣٢/٣١ ساڵی ١٩٧٦ بە جاڕدانی ساڵی ١٩٨١ ز بەساڵێکی نێو دەوڵەتی بۆ کەسانی کەم ئەندام.

- بڕیاری ٥٢/٣٧ ساڵی ١٩٨٢ ز دەربارەی بەرنامەی کاری جیهانی پەیوەست بەکەم ئەندامانەوە، جگە لەوەش جاڕدانی ماوەی نێوان ساڵی ١٩٨٣ و ساڵی ١٩٩٣ بە (دە) ساڵی جیهانی کەم ئەندامان.

- بڕیاری ٤٩/٤٨ ساڵی ١٩٩٣ ز دەربارەی یەکرێسایی بۆ هێنانەدی دەرفەتی وەکو یەك بۆ کەم ئەندامان .

ئەمانە و زۆر شتی دیکەی وڵاتە دراوسێیەکانی ئێمەش، کە گرینگییەکی زۆر بە پەرۆشانەیان بەم پرۆسەیە داوە و یاسا و رێسای زۆریان بۆ پشتگیری و جێبەجێ کردن و بایەخ پێدان ، دەرکردووە و نەیانهێشتووە کەلێنێك و درزو دەلاقەیەك بکەوێتە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و نەتەوەکانیانەوە .

خودا نەیبڕێ هەرچەندە ئێمەش زۆرنیە راست و چەپی خۆمان لەم بوارەدا ناسیوەو ئاوڕمان لە پێداویستی لایەنێکی گەورەی غونچە سیس و ژاکاوەکانی باغی سەر سەوزو زەنوێری کۆمەڵگاکەمان داوەتەوە، بەڵام ئەو هەنگاوانەی بەسۆز و دڵسۆزی و پەرۆشی بە پەرۆشانەوە، بەڕێوەیە، زۆرنابا ئێمەش دێینە ریزو ریزبەندی غەمخۆرانی مرۆڤی خۆمان و هەموو مرۆڤایەتی سەر ئەم ڕووی زەمینە. بۆیە لێرەوە بە پەرۆشێکی یەکجار بەخۆ راپەرموونەوە دەنگ هەڵدێنم و دەڵێم، گەلۆ ئەو چاوگەش و نەمامە شلك و ناسك و نازدارە دڵ پڕ لەخۆزگەو ئاوات و هیوا بەژیان و ڕاماو لە ئاسۆی ئایندەیەکی گەشدا، چاوەڕێی هیمەت و چاکی بەلاداکردنی مەردانەی ئێمەن، ئاسانکاری خوێندن و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەین، چونکە ئەوانەش هەر مرۆڤی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتین و چاویان لە دەست و پەنجە و سۆزی ئێمەیە،

بەسـەری بـێ نازییانـدا بێـنین و نازیـان بکێشـین و ئێمـەش دەبـێ لەئاسـتی ئـەو چاوەڕوانیانەیاندابین ... بۆ ؟

چونکە ، ئەوانە سفت و سۆی ئەو ئازارەن ((کە جەرگمان لە زەوی دەخشێ)) *

---

* ن / شوارێ/ لە رۆژنامەی خەباتی ژمارە (٢٩٩٦) لەبەرواری ٢٠٠٨/١١/١٤ لاپـەرەی کاروبـاری کوردستاندا بلاو کراوەتەوە.

سەرچاوەکان :

١- جریده النهار (العدد ١٨٤ – ٠٥ / ٢٠٠٩/١٠)

٢-سایتی(http://www.bintt.net/vb/showthread.php p=568047)

٣- تعلیم الآبناء / (تربیة و تعلیم) (معارف متعددة) الاربعاء ٢٧/مایو /٢٠٠٩

٤- ملتقـــــی التربیـــــة الخاصـــــة : أخبـــــار أقســـــام التربیةالخاصـــــة http://www.aljobran.net/showthread.php

٥- گۆرینی دیدی فەلسەفیمان بۆ مـرۆڤ بنـەمای گۆڕانکارییەکانەلـە سیسـتەمی پـەروەردەو فێرکردندا / راپۆرتی کۆتایی کۆنگرەی پەروەردەی ٢٠٠٧

٦- الشرق الاوسط / جریدة العرب الدولیة / الاحد / ١٧/ شعبان ١٤٢٧ ه ١٠سبتمبر ٢٠٠٦ العدد (١٠١٤٨)

٨-مدیریة التربیة و التعلیم بمحافظة السویس/ الخطة الاستراتیجیة لتطویر التعلیم بالسـویس ٢٠١٢/٢٠٠٨

٩- صحیفة الوقت / العدد ١١٢٧ الاثنین ٢٦ ربیع الاول ١٤٣٠ ه /٢٣/ مایس / ٢٠٠٩

شەنەبایەکی خەرمانی پەروەردە

ن/ شواریّ

شتێکی بەڵگە نەویستە کە پێشکەوتن و دەرکەوتن و گەشەی هەر گەل و نەتەوەو وڵاتێك بە پێوانەی ئەندازەی بەرز و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری وخوێندەوارییانەوە بەندە و، هەر لە دوورەوە لە سیما و روخسار و ئاکاریاندا دەردەکەویّ، کە لە چ قۆناغ و پلە و پایەیەکی پێشکەوتنندان .

گەلانی دنیاش هەریەکەیان کە (گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانە) بە گوێرەی ئەو هەل و دەرفەتانەی کە بۆیان هەڵکەوتووە و یا ئەو بارودۆخەی — زۆر یان کەم — بۆیان رەخساوە، بەردێکیان خستۆتە سەر بنچینە و بناغەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی و جیّ پەنجەی خۆیان بەسەر دیواری هەڵچووی ئاستی پێشکەوتنی ئەوڕۆی ئادەمیزادەوە ناوە. هەرچەندە ئەمەش لە شەو و ڕۆژێك و ناوەختێکدا و بە کتوپڕی نەهاتۆتە دی، بەڵکە سەدان و هەزارانساڵی خایاندووە و قوربانی زۆری لە پێناودا دراوە، تا ڕۆژی

بەو ڕۆژە گەیاندووە و ئەوڕۆ بەرو میوەی درەختە مێژووییەکەی کۆڵنەدان و بەردەوامی دەچنێتەوە.

ئێمەی کوردیش، هەر لە سەرەتای پشکوتنی چاوی مێژووەوە، لەگەڵ زۆربەی گەلانی ڕەسەن و ڕەگاژۆی سەر ئەم گۆی زەوییەدا هەبووین و تا ئێستاش کە هەین و هەر دەشبین، دریغیمان لە هاوبەشی بنیاتنانی شارستانیەتی و ژیاریی گەلانی جیهاندا نەکردووە و هەر بەردەوامیشین، ڕەنگە ئێمە خۆمان بە زۆرلێکراو و سەرکوتکراوی ژێر چەپۆکی زۆر گەلانی خاوەن هێزو تواناو زۆردار و چاوسوور بزانین و لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەکانی ژیانماندا دەرفەتی ئەوەمان بۆ نەڕەخسابێ وەك هاومرۆڤەکانی دیکەمان بێینە سەر شانۆی ژیان و ڕۆڵی خۆمان پێشانی دنیا بدەین، بەڵام وا وردە وردە ئێمەش بە هەنگاوی پتەو و بەردەوام و خێرا لەم سەردەمەی ئێستاماندا هاتووین چاکی مەردایەتی لێ بکەین بەلادا و دەرد و ئێش و ژانە ناسۆرەکان و داو دەرمان و هەتوانی نەخۆشی و برینەکان دەستنیشان کەین.

هەر بۆیەش ئەم چەند پەیڤانەی سەرەوەشم کردنە دیاری، تاکو لێیەوە کەلێنێك بدۆزمەوەو بچمە ناو حەوشەوبان و حەساری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە، کە بەلای منەوە سەرەتا و کۆتایی، هەموو پێشکەوتن و سەرکەوتن و دەرکەوتنێکی هەر گەل و نەتەوەو وڵاتێکە ... هەرچەندە دەستم بۆ بوارێکی زۆر سەخت و دژواریش بردووە، بەڵام پەرۆشیم وای لێکردم نەسلەمێمەوە بۆیە وامن لێرەوە و لە دوو تۆیی ئەم چەند لاپەڕەو نێوان ئەم دێڕانەوە، هاوبەشی و بیر و بۆچوون و سەرنج و پێشنیارەکانی خۆم لە بواری چاکسازی سیستەمی پەروەردە و گۆڕانکارییەکانی بەرنامە و پرۆگرامەکاندا دەخەمە ڕوو، هیوادارم دارێکم لەسەر بەردێك دانابێ و هاوبەشییەکی

خاكەڕايانەم لەلايەنە ئەرێنييەكاندا بەو چەند خاڵانەی خـوارەوە كردبـێ، خـۆ ئەگـەر نەشمتوانيبێ زيانێكم نە گەياندووە:

١- (چاكسازی يا گـۆڕانی هـەر بەرنامـەی كارێـك يـا پڕۆگرامێـك، بـە گـۆڕانی تاكەكانەوە بەندە و گۆڕانی تاكەكانيش دوو جۆرە گۆڕانن كە دەبێ لە تاكەكاندا هەبن يا دروست بن:

* **جۆری گۆڕانی يەكەم** : ئەوەيە كە تاك ديدو تێڕوانينی بەرامبـەر دەوروبەرەكـەی بگـۆڕێ و بزانـێ هەسـت بـە چـی دەكـات و چـاوەڕێی چـيە. كـە ئەمـەش ديـاردە زانستييەكانە .

* **جۆری گۆڕانی دووەم** : ئەمەيان گۆڕانی دياردە هەڵچوونە پڕ كەفوكوڵەكانە. هەر بۆيە لەوانەيە مامۆستا هەست بە گرينگـی و پێويسـتی ئـەو گۆڕانـە بكـات بـەڵام ڕەفتارێكی وا نانوێنێت يا كارێكی وا ناكات ببێتە هۆی گۆڕان).

٢- لە هەر پرۆسەيەكی چاكسازی و گۆڕاندا دەبێ مامۆستا هانبدرێ لەسەرخسـتن و بەرەو پێشچوونی پرۆسەكەدا، چونكە يەكـەمين كەسـێكە كـە هەسـت بـە گـۆڕان و كاردانەوەی گۆڕانەكان بكات و دەستنيشانی لايەنە چاك و خراپەكانی هەر پرۆگرامێك و گۆڕانكارييەك بكات و ببێتە هۆی چەسپاندن و جيبـەجێ كردنـی هـەر پرۆگـرام و بەرنامەی كارێك. چونكە هەر كاتێـك مامۆسـتا هەسـت بـە پەراوێزخسـتن و گـوێ پێنەدان و فەرامۆشكردنی خۆی بكات، هەڵوێسـتی بەرامبـەر تەنانـەت ئەركـەكانی خۆشی دەگۆڕێت نەك هەر چاكسازی و گۆڕانكاری .

٣- پێكەوە كاركردن: دەبێ دروشمان پێكەوە كاركردن بێت لە پرۆسەی پـەروەردەو و فێركردندا لە هەرێمی كوردستان. ئەويش بە شێوەی هاريكاری و كاری گرووپی و بـە

تێکەڵی هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ (ژن و پیاو یا کچ و کوڕ) چونکە کارەکە دەبێتە کارێکی هەرەوەزی و کراوە نەك تاکە کەسی و داخراو .

٤- پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن — وەك سیستەمێکیش — پەیوەندی راستەو خۆی بەتاك تاکی ئەندامانی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگاوە هەیە، جا هەر لە مامۆستاوە تا دەگاتە قوتابی و دایك و باوك و بەرێوەبەری قوتابخانە و سەرپەرشتیاران و کادیرانی پسپۆر و شارەزایانی تایبەتی ئەم بوارە، بۆیە دەبێ هەر هەموومان وەك پەنجەکانی هەر دەستێك هاریکاری و هاودەنگی و بەشدارییەکی راستەوخۆ و بێ گرێ و گۆل و ماندوو نەناسانەی تێدابکەن .

٥- ئەم پرۆسەیە، چونکە پەیوەندییەکی راستەوخۆ و بێ پێچ و پەنای بەکار و بیری ئازاد و سەربەست و دیموکراسییانەوە هەیە، نابێ لە هیچ قۆناغێکیدا دەرگای پرس و ڕاگۆڕینەوەی لەسەر دابخرێت و مەیدانەکەی بەرتەسك بکرێتەوە .

بۆیە دەبێ چ دامودەزگا حوکومییەکان و چ دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکردنەکانی وەك قوتابخانەکان (بەهەموو قۆناغەکانیانەوە و لە هەرپلەیەکیاندا) ببنە شوێنی بیرکردنەوەی ئازاد و دەربڕینی سەربەخۆ و ڕاستەوخۆ نەك شوێنی نوێ کردنەوەی ترسەکان و گەورەکردنی شەرمەکان .

٦- ئاگادار کردنەوەی پێش وەختی مامۆستایان، لە گۆڕانکاری و گوڕینی پڕۆگرام و بەرنامەی کاری خوێندنی کتێبی قوتابخانەکان، بە کردنەوەی خولی تایبەت بە گۆڕانکارییەکان و دەستنیشان کردنی گونجان و نەگونجانی ئەو گۆڕانکارییانە و چۆنیەتی چارەسەرکردن و لابردنی ئەو ئاستەنگانەی بۆ مامۆستا دەبنە مایەی دژواری و دەردە سەری .

٧- هاوکات لەگەڵ گۆڕانکاری و چاکسازییەکانیشدا هەر لەناو جوغزی پڕۆگرام و بابەت و سیپارەکانیشدا خول نەخۆین، دەبێ ستراتیژیەتی کارەکانی خۆشمان بەرەو لای بیناکردنی نەوەیەکی نوێی ئەو تۆوە بەرین، کە هەر هەمان وێنەی مرۆڤەکانی دوێنێ و سەد دەر سەدی ئەوانەی ئەوڕۆش نەبن، چونکە کۆمەڵگای کوردەواری وا تازە خەریکە دەکەوێتە سەرپێ و لە هەموو بوارەکاندا بە تایبەتی بواری پەروەردە و فێرکردن، هەنگاو بەرەو چەسپاندنی دێموکراسییەت دەنێ، بۆیەش دەبێ لە پێش هەموو بوارەکاندا، بواری پەروەردە دێمواکراسیترینی هەموو بوارەکانی تری ناوکۆمەڵگا بێت .

٨- مامۆستاش دەبێ هۆکارێکی کاریگەری هێنانە دی ئامانجە پیرۆز و مەبەستە لە مێژینەکانی خاك و نەتەوەکەی بێت و باوەڕی تەواوی بە (دێموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ) هەبێ و دەبێ ئەوەشی لەلا ڕوون بێت کە هیچ شتێك وەك خۆی چەق بەستوو نامێنێتەوە و بەردەوام لە گۆڕان و گۆڕانکاری دایە .

٩- لە چاکسازی و دەستکاری پرۆگرام و بەرنامەی کارەکانیشدا، واچاکە لیژنەیەك لەسەر ئاستی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنی و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان پێك بهێنرێت، بۆ بەدوا داچوون و چاودێری کردنی کەموکوڕی و لایەنە چاك و خراپەکان و چارەسەرکردنی خاڵە لاوازەکانی کارەکان .

١٠- بۆ چاکسازی و بەردەوامبوونی بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندن و، چنینەوەی بەروبووم و بەرهەمەکانی ماندوو بوونی هەموو لایەك، واچاکە یا لیژنەیەك یا دیوانێکی وەرگێڕان لە وەزارەتی پەروەردەدا دابمەزرێت و هەموو توانایەکی ماددی و مەعنەوی بخرێتە بەردەست و بابەت بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن — هەر لە خوارەوە تا دوایین پلە — لەسەرچاوەی دوور و نزیکەوە لەبەرچاوبگرن، کە لەگەڵ باری

میللەتەکەی ئێمەدا بگونجێ و، وەریان بگێرنە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەمەش دەبێ سوودی راستەوخۆ لە ئەدیب و نووسەر و زمانزان و مرۆڤی کارامە وەربگیرێ و لە وەرگێڕاندا هەر پشت بە پسپۆڕانی بابەتەکان نەبەسترێ و بەس، چونکە ئەوان بابەت زانن، نەك زمانزان !

١١- تەتەڵەکردن و لەسەرەد و بێژینگدانەوەی زۆری و بۆری و چڕوپڕی بابەتەکان و نەگونجانی زۆرینەیان لەگەڵ پێداویستی هەندێ قۆناغەکانی خوێندندا و هەوڵی زیادکردن و فەراهەم کردن و بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن و ئامادەکردنی کادیری لێهاتوو بۆ ئەو بوارە، کە گەورەترین پێویستی سەردەمن لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە و فێرکردندا .

١٢- پێداچوونەوە، بژار و ساغکردنەوەی زۆربەی زۆری بابەتەکانی خوێندن، کە پڕن لە هەڵەی زانستی و زمانەوانی و رێنووسی ستاندارد، بۆیە دەبێ لەگەڵ هەر هەنگاوێکی چاکسازی بابەتەکانی خوێندندا، ئەوشتانە رەچاوبکرێن کە ئاماژەمان کردۆتێ .

١٣- سالآنە ناردنی مامۆستایانی لێهاتوو و بەزیبك و زاکوون و چاپوك و زانا و زیتەڵە بۆ دەرەوە، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی لەسیستەمی خوێندنەکانی ئێمەوە نزیکن، تا ببنە بەردی بناغەی تەلاری خوێندنێکی سەردەمیانە و ئەوانیش لەناوخۆی وڵاتدا سوودیان لێ وەربگیرێتەوە .

١٤- دانانی دامو دەزگایەکی پێشکەوتووی پەروەردە و فێرکردن و بەڕێوەبردنی لە لایەن کادیری شارەزا و پسپۆڕی بواری پەروەردەو فێرکردن و دەستەو دایەرەیەکی دلسۆز و غەمخۆر، تا نەبێتە ناوی گەورەو دێی وێران .

١٥- ڕەچاوکردنی داد پەروەری لـە نێـوان مامۆسـتایاندا و هانـدان و و ڕێزگـرتن و دەستخۆشـی کـردن لـەو مامۆسـتایانەی هـەوڵ و تێکۆشـان و مانـدوو بـوون و بەرهەمەکانیان بەرجەستەو دیارن .

١٦- بەرزکردنەوەی ئاستی دەروونزانی و لایەنی زانستی و زمانەوانی مامۆسـتایان، ئەویش بەوەرگرتنیان لە کولێژی پەروەردەو پەروەردەی بونیاد، تا مامۆستای شارەزا و ئاست بەرز لە بوارە تایبەتییەکەی خۆیاندا بەرهەم بهێنرێن .

١٧- نەهێشتنی بەکارهێنانی هەموو جۆرە مەلزەمەیەك و وتنەوەی وانەی تایبـەتی لە دەرەوە و ناوەوەی قوتابخانـە و ماڵـە خواپێـداو و دەسـت ڕۆیشـتووەکاندا، ئـەدی قوتابخانەو پرۆگرام و بەرنامەی کار و ئەو هەموو مامۆستاو خەرجیانە لە پێناو چین، ئەگەر ئەو دیاردە دزێوانەی سەرەوە هەبن ؟!

١٨- هەڵسەنگاندنەوە و تاقیکردنەوەی ئەو مامۆسـتا لاوازانـەی ئەرکـەکانیان لـە ڕووی ئاستی فێرکردن و پەروەردەدا پێ بەڕێوە ناچێ، یا لە و ئاستەدا نین، لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دوور بخرێنەوە، یان خولی تایبەتییان بۆ بکرێتەوە و فێـر بکـرێن چۆن خۆیان فێردەکەن .

١٩- ژمارەی وەرگرتنەوەی مامۆستایان لە کۆلێژەکاندا زیاد بکرێت و مامۆسـتایان هان بدرێن رووبکەنەوە خوێندنی باڵاتر .

٢٠- سـاڵانە وەك نموونـەی کارچـاکی و چـالاکی پیشـەی مامۆسـتایەتی ڕێـز لـەو مامۆستا چالاك و ماندوو نەناس و خاوەن بـەهرەو داهێنەرانـە بگیرێـت، کـە کـاری ناوازە دەکەن لە پرۆسەی پـەروەردەو فێرکردنـدا و ناویـان وەك نموونـەی مامۆسـتای سەرکەوتوو بەسەر تێکڕای قوتابخانەکانی وڵاتدا پەخش بکرێت تا ببنە پێشـەنگ بـۆ ئاواڵەکانیان .

٢١- هەوڵدان بۆ پتەو کردنی پێوەندی نێوان قوتابخانەو ماڵی قوتابی، فێرکردن و ڕاهێنانی دایك و باوکەکانیان لەسەر چۆنیەتی بەرەو پێشەوە بردنی منداڵەکانیان لە سیستەمی نوێی پەروەردەو فێرکردندا یا لە پرۆسەی چاکسازییەکاندا .

٢٢- پێداچوونەوە بە شێوازی وەرگرتنی قوتابییان لە (مەڵبەندی وەرگرتن) دا و ڕەچاو کردنی خواست و ویست و حەز و ئارەزووەکانیان لە هەڵبژاردنی ئەو شوێنەی دەیانەوێ پسپۆری و شارەزایی تێدا بە دەست بێنن و بەرەو ئەو ئاواتانەوە بچن کە حەزیان لە هێنانە دییەتی. چونکە بە پێچەوانەی ئەمەوە دەبێتە هۆکاری نزمبوونەوەی ئاستی زانستی قوتابییان و هەموو ماندوو بوون و خەرجی و تەمەن و هێز و وزە و توانا هزری و ڕۆشنبیرییەکانیش تێکڕا بەفیرۆ دەچن . •

• بە دووبەش لە ڕۆژنامەی خەبات لاپەڕەی پەروەردەو خوێندن بڵاو کراوەتەوە

– ژمارە (٣٥٨٣) لەبەرواری ٢٠١٠/٩/٢٦

– ژمارە (٣٥٨٩) لەبەرواری ٢٠١٠/١٠/٣

چۆن منداڵەکەت بۆ یەکەمین جاری چوونە قوتابخانەی ئامادەدەکەیت؟

گومان لەوەدا نیە کە فێربوون شتێکی بنەڕەتییە لە ئاینـدەی منداڵـدا، هـەر بۆیـە کەسوکار هەمیشە لە چوونە قوتابخانەی منداڵەکانیاندا بۆ قوتابخانـە دوو دڵـن و لـە دڵەڕاوکێدان، هەمیشەش دەیانەوێ منداڵەکانیان بەرنە باشترین قوتابخانـە تـا تێیـدا نایابترین و بەرزترین وانە فێربن. بەڵام زۆر جارانیش ئەوە بـەلای کەسـوکارەوە گـران دەکەوێتەوە کە چۆن منداڵەکەیان رازی بکەن بچێتە قوتابخانە .

ئا لێرەدا هەندێ هەنگاو و ئامۆژگاری هەن یارمـەتیت دەدەن لـە هـەڵس وکەوتتـدا دەگەڵ ئەو منداڵەی کە یەکەمجاریەتی ئامادەی چوونە قوتابخانەیە و دوو دڵـی چـوونە ناو ئەو ئەزموونەشەو نایەوێ بچێت :

خوشکی بەڕێز ....

- پێش کرانەوەی دەرگای قوتابخانەکان و دەست بەوانە خوێندن کردنی، منداڵەکەت بەرە و بەیەکەوە بچنە قوتابخانەکەی بۆی دەچێ، تا بە تەواوەتی هەموو جێیەکانی ناو قوتابخانە دەبینن و شارەزای دەبن، تا لە دواییدا منداڵەکە شوێنەکەی بەلاوە ئاسایی بێت و نامۆیی لێ نەکا.

هەوڵ بدە منداڵەکەت شوێنە هەرەگرنگەکانی ناو قوتابخانەکە ببینێ .

- بە دوور و درێژی باسی ئەوە بۆ منداڵەکەت بکە کە هەر لەیەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەیەوە چی ڕوو دەدات و بارودۆخ و گوزەران چۆن دەبێ، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەش کە یەکەمجاری چوونە قوتابخانەی منداڵەکە و سەرەتای قۆناغێکی تازەیە لە ژیانیدا و، ناتوانێ لە مێشکی خۆیدا لێکیداتەوە داخوا بارودۆخ و گوزەران چۆن دەبێ. دەتوانی بۆ خۆت لەگەڵ منداڵەکەتدا باسی چۆنیەتی بەسەربردنی ڕۆژانەی خوێندنی ناو قوتابخانەی بۆ بکەیت و، یارمەتی ئەوەی بدەی و وای لێ بکەی بۆ خۆی بارودۆخ و گوزەرانی قوتابخانە لە مێشکی خۆیدا وێنا بکات. ئەوەش بزانە کەمنداڵەکەت وێنەی هەموو شتێك لە خەیاڵ و بیرو مێشکی خۆیدا دروست دەکات، هەر بۆیە باسکردنی یەکەمین ڕۆژی خوێندن لەگەڵ منداڵەکەتدا، ئەزموونی یەکەمجاری چوونە قوتابخانەی لە ژیاندا زۆر لەلا ئاسان دەکات و کەش و هەوای خوێندنی تا ڕادەیەك لەلا خۆش و ئاسان دەبێ

- هەندێك پرسیاری دیاریکراو لە منداڵەکەت بکە تا بۆ خۆی بتوانێ هەلوێستەکانی ناو قوتابخانە لە مێشك و خەیاڵی خۆیدا بێنێ و بەرێ . هەر بۆ نموونە دەتوانی لە ناخۆشترین بەش ولایەنی سەخت و گرانی یەکەمین جاری چوونە قوتابخانەی لێ بپرسی، هەروەها دەشتوانی ئەو شتانەشی لێ بپرسی کە لە یەکەمین جاریدا تووشی

دوو دڵی و دڵە ڕاوکێی دەکەن لە چوونە قوتابخانەی . هەروەها دەتوانی دەربارەی ئەو شتانەشی لێ بپرسی کە لە یەکەمین جاری چوونە قوتابخانەیدا چاوەڕێیان دەکات و لە ژیانیدا حەزی لێیانە، کە کەش و هەوای خوێندنی تا ڕادەیەك لەلا ئاشنا و خۆشەویست دەکا .

- هەوڵبدە منداڵەکەت وا ڕابێنی بەر لەوەی ڕۆژی چوونە قوتابخانەی بێت، شەوانە زوو بنوێت و (بخەوێت). بۆ نموونە دەتوانی کاتێکی دیاری کراو بۆ نواندنی شەوانەی منداڵەکەت دیاری بکەیت بەر لە دەست بە خوێندن کردنێ بە هەفتەیەك دوو هەفتە .
هەوڵبدە (١٥) پازدە خولەك لە جاران زووتر منداڵەکەت لە خەو هەستێنی و داواشی لێ بکەی شەوانە (١٥) پازدە خولەك زووتر لە جاران بچێتە ناو نوێن و سەرجێی نووستن .

- دەتوانی هەوڵی سەردانی پۆلی خوێندنی منداڵەکەت بە ڕۆژێك بەر لە دەست پێکردنی خوێندنی وانەکان بکەیت تا منداڵەکەت هەندێ هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیایی و هەست بەوە بکات کە هەندێ سەر و ڕووی ئاشنا دەبینێت. خۆ ئەگەر منداڵەکەت تەنانەت هەندێ ئاشناو رۆشناو ناسیاوی منداڵیشی هەبوون، دەبێ هانی بدەی هاوڕێ و دۆست و ناسیاوی تازەی دیکەش بگرێ .

- ڕێی منداڵەکەت بدە با هەندێ لەوشتە سادە تایبەتییانەی یەکەمین جاری چوونە قوتابخانەی بۆ خۆی هەڵبژێرێت. هەر بۆ نموونە ئەگەر پاکەتێکت بۆ شتومەکی خواردنێ بۆ لەبەرچاوگرتبوو وازی لێ بێنە با بۆخۆی نەخشە و ڕەنگەکەی هەڵبژێری و دیاری بکا دیسانەوە هەر بۆ نموونە ئەگەر ویستت کەل وپەل و پێداویستییەکانی قوتابخانە بۆ منداڵەکەت بکڕی، دەتوانی وازی لێ بێنی بۆخۆی لەگەڵ تۆدا کەل وپەل و پێداویستییەکانی هەڵبژێرێ تا هەست بەوە بکات کە ئەویش خاوەن بڕیارە .

- بەرلەوەی بچنە قوتابخانە زۆر باش بیر لە ماڵئاوایی و خوا حافیزی منداڵەکەت بکەرەوە کە بۆ یەکەمجار لە قوتابخانەیدا بەجێدێڵی. ئایا ئەو ماڵئاوایی و خودا حافیزیە هەروا بە خێراییەکی زوو تێدەپەڕێت یان هەروا بۆ نموونە پێنج دەقیقێکانی بەلاوە دادەنیشی.

- هەندێك کتێب و چیرۆکی دەربارەی چوونە قوتابخانەی یەکەمین جار بۆ منداڵەکەت بخوێنەوەو بگێڕەوە تا کاتی چوونە قوتابخانەی هەست بکا کە شتێکی نامۆ نیە بەلایەوە و هەستیش بە ئاسوودەییەك بکات .

- جاری وایە مامۆستاکان هەندێك سامناکن بەلای منداڵەوە و ئەمەش هانی منداڵ نادەن بۆ چوونە قوتابخانە. بۆیە دەبێ تۆ باسی ئەزموونی چوونە قوتابخانەی خۆت بۆ منداڵەکەت باس بکەیت و هەروەها باسی ئەو مامۆستایانەشی بۆ بکەی کە وانەیان بە تۆ گوتۆتەوە. دەبێ منداڵەکەشت ئەوە بزانێ کە مامۆستاکەی لە قوتابخانەدا زۆری ئاگا لێی دەبێ. دەبێ هەوڵی ئەوەش بدەیت منداڵەکەت بە هەندێ لە مامۆستاکان هەروەك نموونە بە ڕۆژێك بەر لە دەست پێکردنی خوێندنێ بناسێنیت .

- منداڵ هەر لە تەمەنی ٣ سێساڵیەوە تا تەمەنی (٥) پێنج ساڵی زۆری حەز لە یارییە هەر بۆیە کاتێ دێیت و پێی دەڵێی دەبێ بچێتە قوتابخانە زۆر هەست بە تەنگە تاوی و نارەحەتیە دەکات، چونکە وادەزانێ ئیدی لەمەودوا کاتی یاری و زرمەزلێ نەماو بە سەر چوو . بۆیە دەبێ تێی بگەیەنی کە لە قوتابخانە دۆست و برادەری تازەی زۆرزۆرتر پەیدادەکا بۆ گاڵتە و گەمە و یاری. θ

θسەرچاوە / مجلە حلوە – helwa@yahoo.com / yahoo کراوە بەکوردی

θ لە ڕۆژنامەی هەولێر (ژمارە ١١٣٦) لە بەرواری ٢٠١١/٩/١٠ دا بڵاوکراوەتەوە .

ڕەچاو کردنی جیاوازی ئاستی قوتابییان

ن/ شوارێ

ئاشکرایە قوتابییان هەموویان لەیەك ئاست وتوانادا نـین، بـەڵکو جیـاوازی بەرچـاو هەیە لەنێوانیاندا جا ئەو جیاوازییانە چ لە ڕووی ئاستی هۆشیاری بـن یـان لـە ڕووی ڕاددەیی. کەواتە ئامادەیـە بـۆ فێربـوون یـاخود بەشـێوەی بیرکردنـەوەی و کـارزانی ولێهاتوویی و دەست ڕەنگینی ئەوە جگە لە جیاوازی پێکهاتن لە لەشیان (کـورت ، درێژ ، قەڵەوی ، لاوازی ، چالاکی وشتی تر) ڕەنگە ئەو جیاوازییانە زگماك بن، یان کاردانەوەی ژینگەو شـێوەی پـەروەردەکردن و ئـەو ئەزموونانـەبێت، کـە لـە مـاڵ و قوتابخانە و دەوروبەری بەسەری داهاتووە، بۆ نموونـە ئـەو قوتابییـەی لـە خێزانێکـی دەوڵەمەند پێدەگات ئەزموونی زیاتر دەبێت لەو قوتابییەی لە بنەماڵەیـەکی هـەژارو

نەداردا گەورە دەبێ، جاوەنەبێ جیاوازی تەنها لە ئاستی قوتابی بۆ قوتابییەکی تر بەدی بکرێت بەڵکو لەئاستی خودی تاکە قوتابییەکیشدا دەبینرێت، بۆ نموونە: قوتابییەك لەوانەی (ماتماتیك) زۆر باشە، بەڵام لە (کیمیا) بە باشی تێناگات زۆر ئارەزووی لە زمانی عەرەبی هەیە بەڵام توانای فێربوونی زمانەکانی تری نییە، زۆر جیاوازی تریش هەن کە بە ڕاستی کۆسپن لەبەردەم مامۆستا بۆ بەئاکام گەیاندنی پەیامەکەی.

بۆیە ڕەچاوکردنی جیاوازی ئاستی قوتابییان، بۆ تێروانینێکی پەروەردەیی زۆر ڕاست، بۆ ئەوەی لە پەنای ئەم ڕێگایەوە پەروەردەیەکی وا ڕەچاوبکرێت کە هەموو قوتابییان سوودی لێوەرگرن. ئالێرەوە جیاکردنەوەی قوتابییان مانای یارمەتی دانیانە بۆ ئەوەی هەر هەموویان لە خوێندن بێ بەش نەبن و بەبەردەوامی لە بواری زانستیدا بەرەوپێشەوە بچن. ناشکرێ ئەو ڕاستییەی فەرامۆش بکەین، کە ڕەچاوکردنی جیاوازی ئاستی قوتابییان، بەشتێکی دیموکراتی دەژمێردرێت و دەرگا بۆ هەموویان دەکاتەوە کە بەشداری لە خوێندن و زانست و زانیاریدا بکەن.

ئەگەر مامۆستا ئەو جیاوازییانە ڕەچاو نەکات، ئەوا پێچەوانەی ئەو بۆ چوونانەی سەرەوە ڕوودەدات، هەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئەگەر مامۆستایەك لەوانە گوتنەوەدا تەنها گرنگی بەقوتابییە لاوازەکان بدات ئەوا قوتابییەکانی تر بە تایبەتی بەتواناکان تووشی بێزاری دەبن وانەکە فەرامۆش دەکەن، چونکە لە ئاستی زانیاری ئەواندا نییە. خۆ ئەگەر تەنها گرنگی هەر بەزیرەکەکان بدرێ ئەوا قوتابییەکانی تر بەتایبەتی

لاوازەکان تووشی بێ ئومیدی دەبن، بڕوایان بە خۆیان نامێنێ و وانەکە لەسەر شانیان دەبێتە بارگرانی .

سەرەڕای ئەوەش مامۆستای زانا نەك هەر ڕەچاوی جیاوازی ئاستی قوتابییان دەکات، بەڵکو بەردەوام خۆی بە زیاتر پێگەیاندن و فێربوونی چەندین هونەری وانەگوتنەوە دەوڵەمەندتر دەکات، گۆڕانکاری نوێکاری لەوانەکەیان بەدی دەکرێت، بە پێچەوانەوە ئەو مامۆستایەی جیاوازی ئاستی قوتابییان لە بەر چاو ناگرێت خۆی بە زیاتر فێربوون و خۆپێگەیاندنەوە ماندوو ناکات، بەدەستی بەتاڵ دێتە ژووری وانەگوتنەوە و بیانووی هەمەجۆرەش لە بێ توانایی و لێ نەهاتوویی خۆی و لەبەر ئەوەی خۆی باش بۆ کاری فێرکردن ئامادەنەکردووە دەهێنێتەوە و نازانێت چۆن ڕەچاوی ئەو جیاوازییانە بکات. لێرەدا نابێ ئەو ڕاستییەش پشت گوێ بخرێت، کە زۆر جار فاکتەری تر دێتەپێش مامۆستا و دەبێتە هۆی ئەوەی بە ناچاری ئەو جیاوازییانە وەکو پێویست ڕەچاو نەکات وەکو ئەمانەی خوارەوە :

١- نەبوونی هەم ئاهەنگی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەو کەس وکاری قوتابییانەوە .

٢- درێژی بەرنامەی خوێندن .

٣- نەبوونی هۆکاری فێرکردن لە قوتابخانەدا .

٤- زۆری ژمارەی قوتابییان لەناو پۆلدا، جا ئـەو کۆسـپ و تەگەرانـە دەبنـە هـۆی ڕەچاونەکردنی جیاوازی ئاستی قوتابییان، بۆیە پێویستە چارەسەری ئەم چوار خاڵـەی سەرەوە بکرێ بۆ ئەوەی نەبێتە تەگەرە لەبەردەم مامۆستادا .*

* لە گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی (ژمارە ٢٩) ئازاری ٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە.

هەوڵدان بۆئەوەی هەمووقوتابخانەکان بکەین بە نموونەیی‌نەکتەنها چەندقوتابخانەیەك

ن/ شواریێ

هەڵبەتە ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆری داوە بۆ بەرەوپێشەوە بردنی پرۆسەی پەروەردەوفێرکردن لەهەرێمی کوردستان وچەندین کاروچالاکی فراوانیشی لەمبارەیەوە ئەنجام داوە، هەروەها هەموو هەوڵ وتوانای خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی لەهەموو گوندو شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا قوتابخانە بکاتەوە، تا ئەوانەی لە شاریش دوورن لە خوێندن بێبەش نەبن. من لێرەدا باسی قوتابخانەی نموونەیی دەکەم و ئەگەر تەنها چەند قوتابخانەیەك بن بەنموونەیی و لەدواییشدا هەوڵ بدرێ قوتابخانەکانی تریش بن بە قوتابخانەی نموونەیی، ئەم هەوڵدانە ماندووبوونێکی زۆری دەوێ وەك دەڵێن (چەپڵە بە دەستێك لێنادرێ). ئاشکرایە ئەمڕۆ کۆسپ و تەگەرەی زۆر هەن کەدەبنە هۆی دروست نەبوونی قوتابخانەیەکی نموونەیی، بەلاَم ڕەچاوکردنی ئەم خالاَنەی خوارەوە، هەوڵدانەکە بەرەو پێشەوەتر دەبات:

١- زیادکردنی بینایەی قوتابخانەکان، ئەمە یەکەم خاڵی هەرەگرینگە بۆ درووستبوونی قوتابخانەی نموونەیی، چونکە زیادکردنی بینایەی قوتابخانەکان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابییان لەناو پۆلدا، کە ژمارەی قوتابییانیش لەناو پۆلداکەمبۆوە، ئەوا ئەو کاتە مامۆستا دەتوانێ هەموو قوتابییان بەشێوەیەکی

ڕێكوپێك بەشدار بكات لە چالاكی ناو پۆلدا .

٢- زیادكردنی میلاكی قوتابخانەكان، بەتایبەتی زیادكردنی مامۆستایانی پسپۆر. ئەمەیان لەهەموو كارەكانی تر گرینگترە و پێویستی بەشارەزایی چاكیش هەیە لەم بوارەدا. فێربوونی قوتابی لەسەردەستی مامۆستای پسپۆر گەشەوئارەزووی پەروەردە و فێركردن لەلای قوتابییان زیاد دەكات. جالێرەدا لەسەر بەڕێوەبەری قوتابخانە پێویستە وانەكان بەپێی پسپۆری مامۆستا دابەش بكات .

٣- دانانی پرۆگرامێكی ڕاست و دروست ویەكبوونی شێوە و شێوازی چاپ. زۆربوونی چاپەكانی پەڕتووك وەك چاپی هەرێم وچاپی بەغدا وچەندین هۆكاری تر لەپرۆگرامەكانی خوێندن، دەبنە هۆی دروستبوونی ئالۆزی لەناو پۆلدا.

٤- دانانی مامۆستای دەروونزانی لە هەمووقوتابخانەیەكدا. نابێ مامۆستای دەروونزانی بابەتی كۆمەلایەتی وەك جوگرافیاو مێژووی بدرێتێ، بەلكوپێویستە بابەتی دەروونزانی وەك هەموو وانەكانی تربخوێندرێ، ئەگەر لەهەفتەیەكدا یەك وانەش هەبێ، هەرباشە.

٥- زیادكردنی گوتنەوەی وانەی نموونەیی لەلایەن سەرپەرشتیارانی پەروەردەییەوە یاخود لەلایەن مامۆستایانی بەتواناوپسپۆر لەهەربابەتێكدا، بەتایبەتی ئەگەر قوتابییان لەگوتنەوەی وانە نموونەییەكاندا وەك گوێگر بەشداریی تێدا بكەن .

٦- بۆئەوەی قوتابی نموونەییمان دەست بكەوێ ، پێویستە مامۆستای پۆلێك نەگۆڕدرێ بۆپۆلێكی تر. زیادگۆڕینی مامۆستای پۆل ترسناكترین و كاریگەرترین مەترسییە لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێركردن، چونكە كاردانەوەی خراپی لەسەر قوتابییان و مامۆستایان هەیە. *

---

* لە گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی (ژمارە ٣٩)/ ساڵی ٢٠٠٤بلاوكراوەتەوە.

ئەو ڕێگا هەمە جۆرانەی منداڵ سەرکەوتوو دەکات لە قوتابخانەدا...

زۆر گرینگە، دایك و باوکان بچنە ناو ژیانی قوتابخانەی منداڵەکانیانەوە و تێکەڵیان بن، تا سەرکەوتن بۆ کوڕ و کچەکانیان دەستەبەر بکەن و لە خوێندنی ئاکادیمیانەیاندا سەرکەوتوو و باڵا دەست بن. دیارە هەموو دایك و باوکێکیش لە پێناو ئەو سەرکەوتن و باڵا دەستیەیاندا بە دوای ئەوەوەن، ئەو زانست و زانیارییە ئەکادیمیە پێویستانە بگەیەننە منداڵەکانیان تا لە قوتابخانەدا سەرکەون و دوا ڕۆژێکی ڕوون و بەرچاوو ژیانێکی سەرکەوتوانەی شایانیان بۆ بەدی بێنن. بە جەختێکیشەوە دەڵێین تۆ وەك دایکێك هەموو کاتێ ناتوانی هەروا بە ئاسانی هاریکاری و کۆمەکی منداڵەکەت بکەیت تا لە قوتابخانەدا سەرکەوتوو بێت، لەبەر ئەوە هەندێك بیرو بۆ چوونی هەمەجۆر و کارا هەیە یارمەتیت دەدات، بتوانی ئەو ڕێگاو بیرۆکە جیاوازانە بدۆزێتەوە تا یارمەتی منداڵەکەتی پێ بدەی تا باڵا دەست و سەرکەوتوو و جیاوازتر

بێت لە قوتابخانەدا ، کە ئـەوەش پێویسـتی بـە هاریکاریتـە لەگـەڵ مامۆسـتایانی قوتابخانەدا، کە ئەمانەن :

١- هەمیشە لەگەڵ منداڵەکەتدا باسی پەیوەندی ئەو شتانە بکە لە قوتابخانـەدا کـە هەموو ڕۆژێ فێری دەبێ و چۆنا و چۆنیش ئەو زانیارییانەی فیریان بووە لـە ئایندەدا بەکاریان دەهێنـێ، هـەروەها دەبـێ سـەرەتای دەسـت پێکردنـی قسـەکانت لەگـەڵ منداڵەکەتدا دەربارەی ئەو ئامانجانەی دوا ڕۆژی بێت کە فێریان دەبـێ، چـونکە بـەم شێوەیە دەتوانی یارمەتی منداڵەکەت بدەیت لە بیرکردنەوەی ئاینده و دواڕۆژی خۆی، بۆ وەدیهێنانی ئامانج و ئاواتەکانی. دەبێ لە قساندا لەگەڵ منداڵەکەت، زۆر ئاگـات لە هەڵبژاردنی ئەو زانکۆ و قوتابخانانە بێت کـە بـۆ خوێنـدن هـەن. هـەروەها نابـێ ئەوەشت لە بیر بچێ کە باس و خواس و سەر بوردەی ئەو گەورە پیاوانەشی بۆ بکەی، کە کار دەکەن و بەکارەکانیانەوە دەنازن و چێژیان لێ وەردەگرن. دەبێ جـەختیش لـە منداڵەکەت بکەیتەوە کە دەرفەت و هـەلێکی زۆری هەمـەجۆری لەبـەر دەسـتە کـە دەتوانێ دەستنیشانیان بکات و تێیاندا سەربکەوێت و دابینیان بکات .

٢- هیچ ئـەزموونێکی نـەرێنی بـۆ منداڵەکـەت بـاس نەکـەی کـە بەمنـداڵی لـە قوتابخانەدا بۆ خۆت پێیدا تێپەڕیویت، چونکە بەو کارە، بەبێ ئەوەی تۆ هەستی پـێ بکەیت کارێکی نەرێنی زۆر کاریگەر دەکاتە سەر منداڵەکەت و بۆ سـەرەتای چـوونە خوێندن و قوتابخانەی باش نیە و نابێت. ئەوەش بزانە کە تۆ بیرۆکەی ئـەوەت خسـتە مێشکی منداڵەکەتەوە کە قوتابخانـە هەمیشـە قـورس و گرانـە و مامۆسـتاکانیش دادپەروەرنین و خوێندنیش هێندە گرینگ نیـە، بـەوە منداڵەکـەت هانـدەدەی هـەوڵ نەدات و لە قوتابخانەدا باش نەخوێنێ و خۆی ماندوو نەکات. بەڵکە واباشترە بۆ خۆت و بۆ منداڵەکەت کە باسی هاوڕێ و هەڤاڵ و مامۆستا خۆشەویستەکانتی بۆ بکـەیت

و ئەو وانانەی حەزت لێیان بوو و پێت خۆش بوو بیانخوێنی، هەرگیز نەکەی ئـەوە بـە منداڵەکەت بڵێی کە قوتابخانە بەلای تۆوە ئەزموونێکی خـراپ و تفـت و تـاڵ بـووە، نەکەی بهێڵی قوتابخانەی بدزێ و ڕکی لێی ببێتەوەو لە بەر چاوی ناشیرین بێ .

٣- یارمەتی منداڵەکەت بدە لە دەستنیشان کردنـی کۆمەڵـە ئامـانجێکی خوێنـدن وفێربوونێ بۆ ماوەیەکی نزیك و دوور، هەروەها دەتوانی بۆنموونە باسی پلانی ئاینـدە و دوا ڕۆژی چوونە زانکۆی لەگەڵدا بکەی. بۆ ئامانجە نزیکەکانیشی دەتوانی بۆ نموونە باسی ئەو بابەتە لەگەڵ منداڵەکەتدا بکەیت، کە دەبـێ تـا پـێش ڕۆژی یـەك شـەممە بینووسێت و لێی ببێتەوە.

٤- دەبێ لەگەڵ منداڵەکەتدا باسی ئـەو وانـەی خوێندنانـە بکـەیت، کـە هـەر لـە منداڵیەوە دەیانخوێنێت تـا دەگاتـە قۆناغـە جیاوازەکـانی دیکـەی خوێنـدن. دەبـێ هەمیشە ئەو جۆرە پرسیارە کراوانەی لێ بکەیت کە وەڵامەکانیان (بەڵێ و نا) نـین. و هەروەها دەشتوانی ئەو وانانە تاو تـوێ بکـەیت و بیانخوێنیتـەوە کـە منداڵەکـەت دەیانخوێنێ .

٥- جێیەکی بۆ منداڵەکەت تەرخان کە لە ماڵێدا تێیدا بخوێنێ و کۆشـش بکـات و ئەرکەکانی قوتابخانەی تێدا ئەنجام بدات. بۆ نموونە دەتوانی کتێبخانۆکەکی بچکۆلە و کورسییەکی لەلایەکی ژووری نووستنێ دوور لە تەلەفزیۆن بۆ دابین بکەیت. دەبێ ئەو پانتاییەش هەموو ئەو پێداویستیانەی لێ بێ کە منداڵەکـە پێویسـتی پێیانـە، وەك قەڵەم و ڕاستە و دادەر و خەت کوژێنـەوە و کتێـب و سـیپارە. لەگـەڵ منداڵەکەتـدا ماوەیەك دیاری بکەن تێیدا هەموو ئەرکەکانی قوتابخانەی لەو ماوەیەدا تەواو بکات، بۆ ئەوەی منداڵەکەت هەموو ڕۆژێ پابەند بێ بەو سۆزو بەڵێنەوە. ئەگـەر توانیشـت بۆت هەیە لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیشیدا هاریکاری بکەیت .

٦- هەمیشە لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی کەسوکاری قوتابییان ئامادەبە، کە قوتابخانە ڕێکی دەخا و ئەو پرسیار و تێبینیانەش ئامادەبکە کە دەبنە هۆی یارمەتی بۆ سەرکەوتنی زیاتر و زیاتری منداڵەکەت لە قوتابخانەدا. خۆ ئەگەر منداڵەکەت لە قوتابخانەدا دڵخۆش و بەختەوەربوو، یان گیروگرفتی خوێندنی هەبوو لەناو پۆلدا، دەبێ هەر زووبەزوو مامۆستایانی لێ ئاگادار بکەیتەوە. هەروەها دەبێ ئەو سەرنج و تێبینیانەش هەموو بنووسییەوە کە لە کۆبوونەوەکەدا دەردەکەون، تا لەماڵەوە لەگەڵ منداڵەکەت باسی بکەیتەوە .

٧- هەوڵدە خێزان تێکڕا بە کۆمەڵ هاوبەشی ئەو چالاکییە هەرەوەزییانەبن کە دەکرێن، وەك کۆکردنەوەی خۆراك بۆ هەژار و لێقەوماوان و یارمەتیدانی بەساڵداچوان و پیروکەنەفتان، کە دەبێتە هۆی گرینگی دانی منداڵ بە یارمەتیدان و هاریکاری و بە هاناوە چوونی کەسانی تر، کە ئەم خەسڵەتانەش بەهایەکن لە قوتابخانەدا پێویستی پێیان دەبێ و لە ژیانیشیدا کە گەورە دەبێ و دەبێتە فەرمانبەرێك لە ئایندەدا هەر ئاتاجیان دەبێتەوە .

هەندێك توێژینەوە باس لەوە دەکەن کە ئەو منداڵانەی گفتوگۆ و دەمەتەقێ لەگەڵ مامۆستاکانیاندا دەکەن، نمرەی زیاترو باشتر وەردەگرن و هەمیشە لە قوتابخانەدا سەرکەوتوو و باڵا دەستترن. لەبەر هێندێ دەبێ هەر نەبێ ژەمێکی نانخواردنێ هەبێ، کە هەموو تاکەکانی خێزانی تێدا ئامادە بن تا دەرفەتی قسەوباس و گفتوگۆ و وتوویژی تێدا بڕەخسێ.*

---

*سەرچاوە :– لەرێی : / مجلە حلوە – yahoo / helwa@yahoo.com کراوە بە کوردی لە ڕۆژنامەی خەبات لاپەڕەی پەروەردەو فێرکردن (ژمارە ٣٩٤٦) لە بەرواری ٢٠١١/١٢/١٨ دا بڵاو کراوەتەوە .

مامۆستا کێیە؟

ئەو پرسیارە بە مێشکی زۆر کەسدا دێت کە داخوا مامۆستا کێیە ؟؟

مامۆستا ئەو فەرماندە پەروەردەییەیە، کە پێشەنگی پرۆسەی گەیاندنی شارەزایی و زانیارییە پەروەردەییەکانە، ڕێنوێنی ڕەفتار وهەڵس و کەوتی ئەو فێرخوازانەویە کە وانەیان پێدەڵێتەوە. بەڵێ ئەو (مامۆستا) فەرماندەیەکی پەروەردەیی گۆڕەپانەکەیە، شەڕو بەرەنگاربوونەوەکانی هەمووی ڕاستەوخۆ دژی نەزانین و دواکەوتوویییە، زۆر ئازایانەو سەرکەوتووانەش بە چەکی بیر و باوەڕێکی پتەو بە پەروەردگار و لەبەر ڕوناهیا ئەو زانستانەش کە هەیەتی و پێی پڕچەکە، بەردەوام ڕۆژانە هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارێ سەرکەوتن بە دوای سەرکەوتندا وە دەست دەهێنێ، کە بەم هەوڵ و هیممەتەشی دڵی هەموو ئەو خەڵکانەی دەوروبەری خۆش و شاد و ئاسوودە دەکات. هەر بۆیە ئەو خەڵکانەش مامۆستایان بە مۆم چواندووە و وای ناو دەبەن کە

مامۆستا مۆمە، خۆی دەسووتێنێ تا ڕێگای بەردەمی کەسانی دی ڕووناك بکاتەوە، هیچ گومانێکیش لەوەدا نیە کە ئەو ناونانەی مامۆستا مانـاو مەبەستێکی زۆر گەورەی بۆ پێگەی مامۆستا لە پشتەوەیە، هەرچەندە دڵی من بەو ناو لێنانە و بەو مۆم چواندنەی ئاو ناخواتەوە، چونکە مۆم کە سووتا و توایەوە هەر تەنیا خۆڵەمێشی ڕووت لە دوای خۆیەوە جی دەهێڵێ، کە دەبێتە هیچ و هیچیش هیچی لە دەست نایە، بەڵام من مامۆستا بە خۆری پرشنگدار دەچوێنم، چونکە تیشك و ڕووناکییەکەی بۆ خۆشیەتی و بۆ خەڵکیش. هیچ کەسێك ناتوانێ چاو پۆشی لە ڕۆڵی گەورەی مامۆستادا بکات لە بنیاتنانی مرۆڤ و گەشە و دروستکردنی شارستانییەتەکاندا و خۆی لێ گێل بکا . بەڵکە سەرکەوتنی سیستەمی فێرکردن یانی سەرکەوتنی شارستانی و خەسڵەتەکانی ... ئەدی ئەوە نیە وەك وتەبێژێکی ئەڵمانی دەڵێ : ئەوە سەرکەوتنی مامۆستای قوتابخانەی ئەڵمانییە کە ئەڵمانیای لەشەڕی حەفتایەکاندا سەرخست ، و وتەبێژێکی فەرەنسایش دەڵێ : فەرەنسا لە شەڕی دووەمی جیهانیدا نە دەشکا ، ئەگەر پەروەردەکەی دوانەکەوتبایە ، و فەرماندەیەکی ئەمەریکیش دوای ئەوەی کە ڕووسەکان بۆشایی ئاسمانیان گرت دەڵێ : ئەرێ ئەوە سیستەمی فێرکردنمان چی لێقەوماوە و چی بەسەرهاتووە ؟ کەواتە هەر مامۆستایە سەرکەوتن دروست دەکات و هەر ئەویشە دەبێتە هۆی شکان و بەزینێ . یەکێك لە توێژەرەوەکان دەڵێ : مامۆستایە شوێن و شوێنەواری ڕوون و ئاشکرا نەك هەر بەسەرتاکەوە بەڵکە بەسەر کۆمەڵگاوە بەجێدەهێڵێ . هەروەك چۆن پزیشکەکان کە نەخۆشێك چارەسەردەکەن ئەو جێیە نەخۆشەی ناو لەشی چارەسەر دەکەن و بەس ، نایەن هەموو لەشی چارەسەر بکەن ، بەڵام مامۆستا کە لە پۆلدا وانە بە قوتابییەکانی دەڵێتەوە ، هەر تەنیا نایە وانەکە بە تاکە یەك قوتابی بڵێتەوە ، بەڵکە

هەر لەیەك كاتدا وانە بە دەیان قوتابی ناو پۆلەكەی و لە ڕۆژێكدا بەسەدان قوتابی تێكڕای قوتابخانەكە دەڵێتەوە هەر بۆیەیە ئەو كاریگەرییەی كە مامۆستایەكە دەیكاتە سەر هزرو بیرو هۆش و مێشكی قوتابییەكان وسەر كەسایەتی و چۆنیەتی گەشەكردن و كرانەوەیان بەسەر راستیەكانی ژیان و زۆرجارانیش بەسەر ڕێڕەو و ڕێچكەی ژیانیاندا بە درێژایی تەمەنیان پزیشكەكە ئەو كاریگەرییە ناكاتە سەر تەواوی لەشی نەخۆشەكانی . جا هەر لەبەر هەموو ئەو شتانەی سەرەوە زانایانی پەروەردە و گرنگیدەرانی بواری فێركردن هاتوونەتە سەر توێژینەوەی ئەو كارو بارانەی راستەو خۆ پەیوەندن بە مامۆستاوە ، هەندێ توێژەرەوە هەن هەر راست لەلایەنە دەروونییەكانی مامۆستاو خەسڵەتە زانستیەكانی دەكۆڵنەوە ، هەندێكیش هەن لەلایەنی چۆنیەتی هەڵس و كەوتی مامۆستا لەگەڵ قوتابییاندا دەكۆڵێتەوە و هەشیانە لە شێوازی وانە گوتنەوەی راست و دروستی مامۆستا دەكۆڵێتەوە .

ئەوەتا (ئیرل بولیاس، و جیمس یونگ) لە كتێبەكەیاندا دەربارەی مامۆستا كە بەناوی (Ateacher is may things) ە، پتر لە بیست خەسڵەتی مامۆستایان باس كردووە، كە گرنگەكانیان ئەمانەن :

١- مامۆستا لەگەشتی زانستەكاندا ڕابەرە، بە ئەزموون و شارەزاییەكانی خۆی پشت ئەستوورە، چونكە شارەزای ڕێبازەكەیە و گەشتیارەكانیش باش دەناسێت و بایەخێكی زۆریش بە فێركردنییان دەدات.

٢- مامۆستا نوێخواز وتازەكەرەوەیە و پردێكە لە نێوان نەوەكاندا.

٣- مامۆستا نموونە و پێشڕەوە، لە هەڵوێستەكاندا، لە قسەو گفتوگۆ و لە خوووخدە و جل و بەرگ و پۆشاكەكاندا.

٤- مامۆستا باسكار (باحث) ە و هەمیشە بە دوای زانین و فێربوونی زیاترەوەیە .

٥- مامۆستا ئامۆژگاریکی دەست و دڵپاك و هاوڕییەکی دڵسۆز و داهێنەر و هاندەریکی گەورەی داهێنانە.

٦- مامۆستا شارەزایەك و مرۆڤێکی لێزانە، و ئەوەش باش دەزانێ کە دەبێ زۆر بزانێ.

٧- مامۆستا پیاویکی گەڕۆکە ، زەبردەستە ، ئەکتەرە ، لە ڕووە ، بنیاتنەری کۆمەڵگایە .

٨- مامۆستا ڕووبەڕووی راستیەکان دەبێتەوە، داواکاری زانست و فێربوونە، راستکەرەوەیە، دڵسۆزە، مامۆستا مرۆڤە. جا لەبەر هەموو ئەمانە دەتوانین بڵێین مامۆستا، دەبێ لەجێی چاوساغێکی بەتوانا و ڕابەریکی هێمن و لەسەر خۆی ئاراستەکردنی منداڵان بێ، بەرەو بەرهەم و خوو و ڕەوشت و ڕەفتار و هەلس و کەوتی ڕاست و ڕەوای چاك، ئەو براگەورەیەش بێت کە کەش و هەوایەکی گونجاوی ئەوتۆ بۆ منداڵان بڕەخسێنێ کە حەزی پێدەکەن، و دەبێ لەگەڵیاندا بژیەت و بە هەوای ئەوانیش بجوولێتەوە و خۆی لەوان بە زیاتر نەگرێ و خۆیان لەسەر بانەدا و، ئەرکی ئەوە کە یارمەتییان بدات و پشتیوانیان بێت و بە دەنگیانەوە بچێت و لە زاڵبوون بەسەر ناخۆشی و تەنگوچەڵەمەکانیاندا هاریکاریان بێت، تەنیا هەر بەو شتانەش دەتوانێ خۆشەویستی و متمانەی قوتابییەکانی وەدەست بێنێ و کار لە دڵ و دەرونیشیان بکات و بەرەو خێرو خۆشی خۆیان و خێرو چاکەی مرۆڤایەتییان بەریت. ئەوەتا چەندین مامۆستای خۆشەویست و لەبەردڵان ئازیز توانیویەتی وشك و برینگترین شتی ناخۆش، تەڕو تۆڵ و ئاسان بکاتەوە لای قوتابییەکانی . ❋

خەسڵەتەکاتی مامۆستای سەرکەوتوو

یەکەم: لە بواری کەسایەتیدا:

١- خۆڕاگربێت و هەڵنەچێ .

٢- شێوە و رواڵەتی پۆشتە و جوان بێ.

٣- متمانەی بە خۆی بێت و ڕێزی ئەو متمانەیەشی لابێت.

٤- توانای ڕوو بە ڕووبوونەوەی هەلۆێستەگران و نالـەبارەکانی لـە دەرەوەو نـاوەوەی پۆلداهەبێ .

٥- گەشە و پێگەیاندنی گیانی خۆڕاگری خودی لە قوتابییاندا بە هەند وەربگرێ.

٦- ڕێزی هەست و توانا و ئازادیی قوتابییان و کەسانی تری لە لابێ .

٧- دەبێ لە کەسایەتی و ڕەفتارەکانیدا پێشڕەو بێت .

٨- دەبێ کەسایەتییەکی سەرنج ڕاکێش و گەش و ڕووخۆشی هەبێت.

دووەم: لە بواری وانەوتنەوەدا :-

١- دەبێ توانای بەسەر مادە زانستییەکاندا بشکێ.

٢- دەبێ توانای گەیاندنی زانیارییەکانی هـەبێت و بیروڕایەکانیشـی بـە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەربڕێت .

٣- ڕێ و شوێنە نوێیەکان لە وانە وتنەوەدا بەکاربێنێ .

٤- ژینگەی خۆجێی بە وانەکانەوە ببەستێتەوە.

٥- جیاوازییە تاکە کەسیەکان لەبەرچاوبگرێت .

٦- سەرنجی قوتابییان ڕاکێشێ وبیان وروژێنێ.

٧- توانای هەڵبژاردن و دەستنیشان کردنـی ئـەو چـالاکی و هـۆی فێربوونانـەی کـە ئامانجی پرۆگرامەکانە هەبێت و لەبەرچاوبگرێت.

سێیەم: بواری هەڵسەنگاندن و پێشخستن

١- بەکار هێنانی هۆیە جۆراوجۆرەکان لە هەڵسەنگاندنی بابەتییانەدا.

٢- توانای داڕشتنی پرسیاری تاقیکردنەوەکان.

٣- دەستنیشان کردنی ئاستی فێربوونی قوتابییان.

٤- توانای رەخنەگرتنی بنیاتنەرانە.

٥- توانای نووسینی تێبینی لە دەفتەری قوتابییاندا.

چوارەم: بواری پەیوەندییە مرۆییەکان:

١- هاوکاری کردنی ئاوەڵانی کار و بەڕێوەبەریەتی قوتابخانەو بەشە زانستییەکان ، لە دانانی پلان و وانە وتنەوەدا.

٢- هاوبەشیکردنێکی چالاکانە لە کۆبوونەوەی مامۆستایان و بەڕێوەبەریەتی قوتابخانەدا.

٣- توانای لێك حاڵیبوون لەگەڵ کەسوکاری قوتابییاندا بەشێوەیەکی زۆر گورج و گۆڵ و چالاکانە.

٤- توانای گەیاندنی هەست و نەستی کەسانی تر و ڕێزگرتنی بیر و ڕایان.

٥- باش گوێگرتن لە وتەی کەسانی دی.

٦- هاو بەشیکردنێکی ئەرێنیانە لە چالاکییەکانی قوتابخانەدا.

٧- توانای لێکتر حاڵیبوونێکی باش و ڕەخنەی بنیاتنەرانە لە گەڵ کەسانی ناو قوتابخانەدا.

پێنجەم: بواری ژینگەی پەروەردەیی:

١- مەشق و جێبەجێ کردنی تیۆری و زانستی لە وانە وتنەوەدا.

٢- توانای دەربڕینی حەز و ئارەزووە ڕاستە قینەکان بۆ پیشەی مامۆستایەتی و وانە وتنەوە.

٣- چوون بەرەو ئاراستەی داهێنان و تازەکردنەوە لە پیشەی مامۆستایەتی و فێرکردندا.

٤- پێگەیاندنی هەستی پابەندی (ئینتیما) ڕاستەقینە لە کۆمەڵگادا.

شەشەم: هەڵسەنگاندن لە ڕێگای شیتەڵکردنی ئاوێتە بوونی نێوان مامۆستا و قوتابی:

ئاوێتە بوونی ناوپۆلی نێوان مامۆستا و قوتابییەکانی لەهەنگاوی هەڵویستە فێرکاریەکاندا، کە جێیەکی دیاری هەیە لە ژینگەی پۆلەکەدا، بە یەکێك لە شێوازە نوێیەکان دادەنرێ بۆ هەڵسەنگاندنی کاری مامۆستا، ئەو شێوازەش لە ڕێی شیتەڵکردنی تێبینیە ڕاستەوخۆیەکانی ئاوێتە بوونی سەر زارەکی نێوان قسەی مامۆستا و ڕەفتارەکەی، ئەو و قوتابییان و رەفتارەکانیانەوە دەبێت . •

• سەرچاوە : سایتی googel کراوە بە کوردی

*لە رۆژنامەی خەبات ژمارە(٤١٥٩) لەبەرواری ٢٠١٢/٩/١٩بلاوکراوەتەوە

بەرپرسایەتییەکانی مامۆستا

مامۆستاخاوەن پیشەیەکی پیرۆزە ، جێی دڵنیایی وپەروەردە کردنێکی زۆرچاك و لەباری قوتابییە لە هێنانەدی سیاسەتی فێرکردنی وڵات و هێنانەدی ئامانجەکانیدا .

هەر بۆیە بەرپرسایەتی مامۆستا و ئەرکەکانی ئەم لایەنانە دەگرێتەوە :

١- پابەند بوون بەپەیڕەو و پرۆگرام و ڕێنـوێنی و ڕێسـایەکانی ڕەفتـار و چـۆنیەتی هەڵس و کەوتەکان، ودوور کەوتنـەوە لـە هـەموو ئـەو کارانـەی پیشـەکە لەکـەدار دەکەن .

٢- ڕێزگرتنی قوتابی و ڕەفتار لەگەڵ کردنی بەشێوەیەکی پەروەردەییانەی ئەوتۆ، کە ئاسوودە و ئەرخەیان و دڵنیای بکاتەوە، گەشـەبە کەسـایەتییەکەی وپەرەبـە بـەهرەو داهێنانەکانی بـدات، نـرخ و بـەهای خـۆی لـەلا بەرجەسـتە بکـات، خۆشەویسـتی

فێربوونێی لە دڵدا بڕوێنێ و ڕەفتاری جوان و خۆشەویستی کەسانی دیکەی فێرکات و هەوڵی بەردەوامی لەسەر ڕاستگۆیی و باوەڕ بەخۆبوونێی بدات.

٣- هەموو ئەو وانانە بڵێتەوە کە ئەرکی خۆیەتی و بۆی دیاریکراوە، هەموو هەوڵێکیشی بخاتەکار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەو وانانە کە بریتین لە ئامادەکردنی وانەکان و ڕێ و شوێنی چۆنیەتی وتنەوەیان و شێوەی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە و ڕاستکردنەوەو هەموو چالاکییەکانی دی لە دەرەوە و ناوەوەی پۆلدا، و ئەمانەش هەمووی بە گوێرەی شێوازی کارەکە و سروشتی بابەتەکە و لەسەر ڕێنمایی پەیڕەو و پڕۆگرام و ئەو ڕێنماییانەش دەبێ کە لەلایەنە پسپۆریەکانەوە دێن .

٤- سەرپەرشتی کردنی ڕۆژانەی قوتابییان و پڕکردنەوەی وانەی پۆلە چۆڵەکان و وتنەوەی وانەی مامۆستا نەهاتووەکان و پڕکردنەوەی کەموکەسری ژمارەی مامۆستاکان بە گوێرەی ئاراستەکانی بەڕێوەبەریەتی قوتابخانە.

٥- پێشڕەوی کردنی ئەوپۆلەی بەڕێوەبەرپێی دەسپێرێ، و ڕۆڵی خۆی لە ڕابەرایەتی پەروەردەی تەواوی قوتابییانی پۆلەکەدا ببینێ، وچاودێری ڕەفتار و باری کۆمەلایەتییان بێت، باس لەلایەنە لاواز و کەمتەرخەمیەکان و چارەسەریەکانیان بکات، ئەمەش هەمووی بە یارمەتی و هاریکاری مامۆستا و کەس وکارەکانیان و بەرێوەبەرایەتی قوتابخانەو ڕابەری قوتابییانیش دەبێت ئەگەر پێویست بوو .

٦- خوێندنەوەی پرۆگرامەکان، پلانەکانی خوێندنێ، کتێبە بڕیارلێ دراوەکان و هەڵسەنگاندنیان، و پێشنیاری گونجاو بۆ گەشەپێدان و گونجاندنیان لەگەڵ ژیانی سەردەمەکەدا .

٧-جێبەجێ کردنی هەموو ئەو بەرنامە چالاکیانەی بەڕێوەبەر پێی دەسپێرێ و پابەندبوون بەو کات و ساتانەش کە بۆ ئەو چالاکیانە دیاری دەکرێ .

٨- پابەندبوون بەکات و ساتی هاتنە قوتابخانەو کاتەکانی چوونەوەوە و ڕەنێوهێنانی ئەو دەمانەی ناو ژووری پۆل بۆ بەرژەوەندی قوتابییان، مانەوە لەناو قوتابخانەدا لەکاتی وانەنەبوون (شاغر) دا ، و بەسەربردنی ئەو کاتانە بە تەماشاکردنی ئەرکەکانی قوتابییان و ڕاستکردنەوەو چاك کردنیان، هەروەها ئامادەکردنی هۆیەکانی فێرکردن و سوود بینین لەسەرچاوە فێرکارییەکانی ناو قوتابخانە و ئامادەبوون بۆ چالاکییەکانی دیکە .

٩- ئامادەبوونی ئەو کۆڕوکۆبوونەوانەی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە دوای دەوامی فەرمی ڕێکیان دەخا، وبەجێهێنانی هەموو ئەو ئەرکانەی لەو کۆڕو کۆبوونەوانەی دەیدرێتێ، کە ئەمانەش ئەرکی هەر هەموو مامۆستایەکن .

١٠- هاریکاری لەگەڵ بەرێوەبەریەتی قوتابخانەو تێکرای مامۆستایان و هەموو ئەوانەش کەلە قوتابخانەدا کاردەکەن و هەڵدەسوورێن بۆ ڕێك و پێك کردن و پێشخستنی خۆێندنێ وهێنانەدی ژینگەیەکی شایان و شایستە بە قوتابخانە.

١١- هەوڵدان بۆ خۆپێگەیاندنێکی زانستی و پیشەیی، پەرەدان بە ڕێ وشوێنی وانە وتنەوەکانی ، بەکارهێنانی ئامرازو ئامێرو تەکنەلۆژیای نوێ، و بەشداری کردن لە کۆبوونەوە و لیژنەکان و بەرنامەی چالاکیەکان و خولە پەروەردەییەکان، خۆنوێکردنەوە و ئەو وەرشانەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پسپۆرو بەرێوەبەریەتەکانی پەروەردە دەیانکەنەوە و بەگوێرەی کات و شوێنی دیاریکراو ڕێکیان دەخەن.

١٢- هاریکاری لەگەڵ سەرپەرشتیارە پەروەردەییەکان و هەڵس و کەوتێکی ئەرێیانە لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە رادەسپێردرێن بۆ پێشکەشکردنی ئەزموون و شارەزاییەکانی خۆیان . *

---

*سەرچاوە : سایتی googel کراوە بە کوردی

لە ژمارە (٤١٦٥)پێنج شەممە ٢٠١٢/٩/٢٧لە رۆژنامەی خەبات دا بڵاو کراوەتەوە .

خۆشەویستی مامۆستا بۆ بابەتەکەی دەبێتە هۆی دروستبوونی خۆشەویستی لە نێوان مامۆستا و قوتابی

ن / شواریێ

خۆشەویستی و حەزو ئارەزووی مامۆستا بۆ بابەتەکەی خۆی، وا لە مامۆستا دەکات بەدوای زانست و زانیاریدا بگەڕێ و زیاتر خۆی بە زانست و زانیاری دەوڵەمەند بکات لەمەڕ ئەو بابەتەی دەیلێتەوە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆیەك وا لە مامۆستا بکات کە بەهەر شێوەیەك بێ ئەم زانست و زانیارییانەی کە لایەتی بیگەیەنێتە قوتابییان. کاتێ کە قوتابی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لە بابەتەکە نەگات، ئەوا مامۆستا بە چەندان ڕێگا و شێواز هەوڵ دەدات قوتابییەکە بە شێوەیەکی خێرا تێبگات. ئەوکات پەیوەندی خۆشەویستی نێوان قوتابی و مامۆستا دروست دەبێ، بەڵام ئەگەر هاتو

مامۆستای وانە ئارەزووی بۆ بابەتەکەی نەبێ، ئەوا دەچێتە پۆل و کورد گوتەنی (هەر وانەگوتنەوەکە بەڕێ دەکات) ، قوتابی لێرەدا دووچاری شلەژانی دەروونی دەبێ و سزادانی قوتابییان و هەست بریندار کردنیان، ئەمەش هەمووی لە ئەنجامی ئەوە دروست دەبێ کە مامۆستاکە بابەتەکەی خۆش ناوێ! جا بۆیە دژایەتی لە نێوان مامۆستا و قوتابی دروست دەبێ، چونکە منداڵ یاخود قوتابی زۆری حەز لە لاساییکردنەوە هەیە، بۆیە کاری مامۆستاکەی یاخود لە ماڵەوە کاری دایك یان باوکی دووبارە دەکاتەوە. ئەگەر هاتو کاری چاك بوو، ئەوا قوتابییەکی چاك دروست دەبێ، بەڵام کاری خراپ یاخود توندوتیژی مامۆستاکە دەگوازێتەوە بۆ قوتابییەکە. بۆیە پێویستە مامۆستا بابەتەکەی خۆی خۆش بوێ، ئەمەش لە قوتابخانەکانەوە کارێکی زۆر قورس دەبێ، پێویستە هەوڵ بدەین لە پەیمانگاو کۆلێژەکانەوە دەست پێ بکەین. لێرەدا دەبێ قوتابی بە حەزو ئارەزووی خۆی لە بەشێك وەربگیرێ، تا دووچاری دژایەتی نەبێ لەو بەشەی کە بۆی هەڵدەبژێرێت، ڕەنگە دووربێ لە ئارەزووی خۆی، بۆیە پێویستە هەوڵ بدەین تۆوی حەزو ئارەزووی زیاتر بکەین. ڕاستە لەوانەیە بڵێین ئەگەر بە حەزو ئارەزوو بێ، ئەوا هەمووان کۆلێژی پزیشکی یاخود ئەندازیاری یاخود یاسا وڕامیاری هەڵدەبژێرن ! من دەڵێم خاڵی هەرە گرنگ بۆ چارەسەرکردنی ئەمەش، یەکسانکردنی مووچەکانە لەنێوان فەرمانبەران و مامۆستایان و پزیشك و ئەندازیارو.... هتد ، ئەمە وا دەکات کە تەنها بیر لە حەزو ئارەزووی بابەتەکەی بکاتەوە و هەڵیبژێرێ . بە بۆچوونی من ئەمە دەبێتە هۆی بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوشی پەروەردە. *

* لە گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی(ژمارە٤٩) تشرینی دووەم ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە .

له دیارده نەشیاوەکانی نێو هەندێك قوتابخانه

<u>ن/ شواڕێ</u>

پیشەی مامۆستایەتی، پیشەیەکی پیرۆزه وەکو ئاوی کانی پاك و بێگەرده. مامۆستا ڕابەری شۆڕشی پێشکەوتنه، مامۆستا به هەموو مانای وشه دەبێت مامۆستا بێت. مامۆستا بەر له هەموو شتێك کرداری پەروەردەکردنی نەوەی دواڕۆژی له ئەستۆیه، واتا بلێین بەر لەوەی پەروەردەکردنی منداڵ له ئەستۆ بگرێت، دەبێت خۆی باش پەروەرده بکات، چ له ڕووی ڕەوشت، چ له ڕووی ڕۆشنبیری و ئاستی زانستی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەوە، دەبێت لێهاتوو و دڵفراوان و لێبوردەبێت.

بەڵام جێی داخه ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت، زۆریش زەق بۆتەوه، چەند هەڵسوکەوت و ڕەفتارێکی ناشایستەو چەند دیاردەیەکی قێزەونه، که له بری

ئەوەی کاك یان خوشکی مامۆستا بەخۆ ڕۆشنبیرکردنی خۆیەوە خەریك بێت و، هەوڵی پتەوکردن و لێکنزیکبوونەوەی دەگەڵ دەوروبەری و هەوڵی شرۆڤەکردنی لایەنە شاراوەکانی پەروەردەو فێرکردن بدات و، دەست بنێتە ناو دەستی ئاوەڵ و دەستە براو خوشکەکانی و بەگیانێکی پڕ لە میهرو خۆشەویستی و هەست بە بەرپرسێتی کردنەوە بێتە گۆڕەپانی کارو، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر بناغەی پەروەردەیەکی نەتەوەیی و ڕەوشتی قووڵ و بەکەڵك ببێتە نموونەو پێشڕەوی قوتابییان و کۆمەڵ، بەداخەوە زۆریش بەکەسەرەوە دەڵێم و ڕەنگە لە ناچاریشەوە دەستم بۆ نووسینی ئەم چەند دێڕانە درێژ کردبێت، بەڵکە ئێ ئەوە خوایە هەرنەبێ پێش بە تەنینەوەی ئەم ئاگرە سووره بگرین و خەرمانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی لێ بپارێزین :

* مامۆستایەك لە قوتابخانەکەی خۆی نەتوانێت لە کاتی هەبوونی هەر گرفتێکی قوتابی لەگەڵی ڕاوەستێت و چارەسەری کێشە دەروونی و لایەنە پەروەردەیی و زانستەکانی قوتابییەکەی خۆی بکات، هەر لە ترسی ئەوەی نەکات مامۆستایانی دیکەی نەفس نزم و دڵ و دەروون ڕەش و نارۆشنبیر، تیرو توانجی تێ بگرن و بڵێن ئەم قوتابییە لەگەڵ مامۆستاکەی پەیوەندی ناشایستەی هەیە .

* مامۆستا نەتوانێت لەگەڵ چەند دەستە براو دەستە خوشکێکی مامۆستای خۆی لە ناو قوتابخانەدا هەڵسوکەوت و گفتوگۆو لێك نزیکبوونەوەیەکی پاك و بێگەردانەی مرۆڤانەو پەروەردەییانەو زانستییانە دروست بکات، هەر لەبەر ئەوەی نەوەکو بەلاقرتێوە سەیر بکرێت و مەبەستە پیرۆزەکانی بۆ بە پەتێکی ڕەشەوەبکەن و بڵێن ئەم ڕەفتارانە ڕەفتاری ناشایستەن.

شتێکەو بەڵگەنەویستە کە هەمیشە مامۆستا هەڵسوکەوت و ڕەفتاری چۆن بێت قوتابییەکانیش هەر بەم جۆرە ڕەفتارانەوە بەرهەم دێن، بۆیە خۆزگە دەخوازم ئەم جۆرە مامۆستایانە بەخۆدا بچنەوەو ڕەفتارو ڕەوشتی خۆیان بگۆڕن و خۆ پەروەردە بکەنەوە، چونکە:

١- مامۆستا دووچاری بێزاری دەبێت و پیشەکەی خۆی لەبەر چاو دەکەوێت.

٢- دەبێتە هۆی ساردبوونەوەی مامۆستا لە کارەکەی کە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە.

٣- خستنە پشتگوێی قوتابییەکان و بایەخ پێنەدانیان.

٤- دروستبوونی گیروگرفتی لابەلا بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەو تێکچوونی شیرازەی ئیدارە.

٥- لەدەستدانی ڕێزو خۆشەویستی لە نێوان مامۆستایانداو کەمبوونەوەو نزم سەیرکردنی کەسایەتی ئەو مامۆستایانەی گیروگرفت دروست دەکەن و هەست بە بەرپرسیەتی خۆیان و بایەخی کارەکەیان ناکەن.

٦- دەستەوەستانی ئیدارەی قوتابخانە لەچارەسەرکردنی ئەم جۆرە گیروگرفتانە.

٧- لاوازبوونی ئاستی پەروەردەیی و فێرکردن و لەبەرچاوکەوتنی مامۆستایان لەلای قوتابییان و بەهەند هەڵنەگرتنی ئامۆژگارییەکانیان.

٨- هۆیەکی هەرە گرنگە بۆ نزمبوونەوەی ڕێژەی دەرچوونی قوتابییان لە تاقیکردنەوەکاندا.

لێرەوەش دەتوانم بڵێم دروستبوونی ئەم جۆرە دیاردانەش و سەرهەڵدانیان بۆ بێئاگایی بەڕێوەبەری قوتابخانە دەگەڕێتەوە. کە دەتوانێت لایەنی چاك و

لایـەنی خراپـە وەك ناوبـژیوانێك ببینێـت، نـەك لایـەنی چـاك فـەرامۆش بکـات و هــیچ بایــەخێك بــە ڕوودانــی ئــەم جــۆرە دیــاردەو گرفتانــە نــەدات. دەبێــت بەڕێوەبـەر لـە بـوونی هـەرگێروگرفتێك یـان بـوونی هەرشـتێك، کـە پەیوەنـدی بـە مامۆســتاو قوتابییــان و قوتابخانــەوە هــەبێت، ئاگــاداری گشــت مامۆســتاکانی بکات بۆ ڕاوێژکردن تا وەکو کێشەکە چارەبکات.

جا کـاکی بەڕێوەبـەر لـە گرفتـەکان خـۆ مـەدزەوە ڕووبـەڕووی گرفتـەکان ببـەوە، تـا قوتابییـەکان و مامۆسـتاکانت و قوتابخانەکـەت بـەرەو هەڵـدێر نەچـن. دواجـار دەڵێم ئەگەر بێـت و گرفتـەکان ڕوو لـە چـاکی نـەبن، ڕەنگـە ناچـاربم خـاڵ لەسـەر پیتەکان دابنێم و زەقـاو زەقـتر کـات و شـوێنی ئـەم جـۆرە دیـاردەو گرفتانـە بـاس بکەم و لەبنی دەهۆڵێ دەم !!. •

• لە ئاسۆی پەروەردەیی (ژمارە ٥٧) تەمموزی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە.

قوتابخانەو جگەرەکێشانی مامۆستایان

ن / شواڕێ

لە ئەنجامی گەلێك لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە هۆی سەرەکی شێرپەنجەی سییەکان و سووتانەوەی بۆڕییەکانی و ئاوسانی سی و شێرپەنجەی قوڕگ بۆ جگەرەکێشان دەگەڕێتەوە. سەرژمێرییە زانستییە باوەڕپێکراوەکان لە چەند وڵاتێك سەلماندوویانە، مردن بە هۆی شێرپەنجەی سییەکان لە زۆربووندایە، بە تایبەتی لای پیاوان، ئەویش بەهۆی زۆر جگەرەکێشانەوە. هەر ئەو لێکۆڵینەوانەش ساغیان کردووەتەوە، ڕێژەی تێچوونی تووشبوون بە شێرپەنجەی سییەکان بە پێی ڕێژەی ژمارەی جگەرەکێشان زۆر دەبێت، چونکە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی سی لەو کەسانەی جگەرە دەکێشن،

نزیکەی (١٥-٣٠) جار لەو کەسانە زۆرترە کە جگـەرە ناکێشـن، بـەڵام زۆر ڕوون و ئاشکرایە ئەگەر جگەرە نەکێشیش لـەلای جگەرەکێشـەوە دابنیشـێت هـەر هـەمان ژەهرو دووکەڵە، کە هەڵیدەمژێت. ئـەم ڕێژەیـە لـەو جگەرەکێشـانەی لەمنداڵییـەوە دەستیان پێکردووەو قونکە جگەرەکـەش بـەکاردێنن کـە زیـانی لەبەشـی پێشـەوەی زۆرترەو لە ئەنجامی توێکاری سـییەکانی جگەرەکێشـەکان دەرکـەوتووە کـە گـۆڕانی شانەیی لە هەردوو سی و بۆڕییەکانی هەوا ڕوویداوە، بەڵام ئەو گۆڕانە شانەییانە لـەو کەسانەدا کە جگەرە ناکێشن نییە یاخود کەمە. هەر ئەو جگەرەیە کە دەبێتـە هـۆی نەخۆشییەکانی شێرپەنجەی لچ و لێوو زمان. جگـە لـەوەش ئـارەزووی خـواردن کـەم دەکاتەوە و هەستی تام و چێژ لاواز دەکـات، بـەوەش مـرۆڤ یـەکێك لـە هەسـتیارە گرنگەکانی کە خودا پێی بەخشیوە لە دەست دەدات .

سەرەڕای کاریگەری لەسەر ددان و تێکدانی و ئینجا زوو کەوتنیان، جگەرەکێشـان ڕاستەوخۆ کار لە ئەندامانی کۆئەندامی هەرس دەکات و دەردراوەکانی هەرسی گەدە کەم دەکاتەوەو دەبێتە هۆی بەدهەرسی، پەیوەندییـەکی ئاشـکراش هەیـە لـە نێـوان جگەرەو برینی گەدەو دوازدەگرێ. تووشبووان کە جگەرەکێشن زۆرتر هەست بە ئـازار دەکەن ، بۆیە دەرمان خواردن کەمتر سوودی دەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی دواکـەوتنی سارێژبوونی برینەکەیان. جگە لەوەش لێکۆڵینەوە نوێیەکان، دەریانخستووە کە مـردن لە ئەنجامی نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکانی، لەو نەخۆشـیانەش سـنگەکوژێ زۆر دەبێت لەجگەرەکێشە خووپێوەگرتووەکانی دا. دەریشکەوتووە جگەرەکێشانیش زیانی بۆ کۆئەنـدامی سـووڕی خـوێن واتـا (کۆئەنـدامی سـووڕان) یـش هەیـە، چـونکە جگەرەکێشـان توانـای هـەڵگرتنی ئۆکسـجینیان لـە (١٠٪) لەجگەرەنەکێشـەکان کـەمترە. بـەهۆی پەیوەنـدی نێـوان هیمۆگلـۆبین و دووەم ئۆکسـیدی کـاربۆن، کـە

لەجگەرەکێشان پەیدادەبێت، بە نزیکەی لە (١٠٪) لە خوێنی جگەرەکێشەکان ئەمەش توانای هیمۆگلۆبین کەم دەکاتەوە لەیەکگرتنیدا لەگەڵ ئۆکسجین، لەوکاتەی کە پێویستە بۆ بەردەوامی ژیان، بۆیە جگەرە پەیوەندییەکی بەهێزیشی بەنەخۆشییەکانی خوێنبەری تاجییەوە هەیە، کە خۆراك دەری دڵە و هۆی گرنگی مردنی تەمەن مام ناوەندییەکانیش لەڕووی کاری جگەرەکێشان و بەبەرزبوونەوەی پەستانی خوێنیش، تا ئێستا بەشێوەیەکی باوەڕپێکراو ساغ نەبووەتەوە، بەڵام هەندێك نیشانە هەن کە دەبنە هۆی ڕەقبوونی خوێنبەرەکانی، خۆ ئەگەر بێت و تووشی خوێنبەرەکانی مێشك ببێت، ئەوا دەبێتە هۆی مردنی یان ڕوودانی سنگەکوژێ. ئەگەر ماسوولکەی دڵ بە گوێرەی پێویستی خوێنیان نەدرێتێ یان دەبتە هۆی نیوە ئیفلیجی یان نەخۆشی گێڕی ئەگەر تووشی خوێنبەرەکانی لاق بن. یان دەبێتە گانگرین و دەبێت ببڕدرێتەوە، هەروەکو هەڵچوون کار دەکەنە سەر هەندێك کوێرە ڕژێنەکان وایان لێ دەکەن جۆرە ماددەیەك بڕێژن لینجی پەڕەکە خوێنبەرەکان زیاد بکەن و کەڵەکە بن، بەوەش یارمەتی مەیینی خوێن دەدەن، جگە لەوەی کە چەورە ترشەکانیش لە خوێندا خەستتر دەکەن و شێوان و خورپەو لێدانی دڵ زیاد و ناڕێك دەکەن.

ڕوون و ئاشکرایە، کە پیشەی مامۆستایەتی پیشەیەکی ئەو پەڕی دڵسۆزانەیە بە گەل و نیشتمان، ئەوەی جێی سەرنجە و بۆتە دیاردەیەکی زیانبەخش، کە لێرەو لەوێ لەبەردەم قوتابییان و لە ژووری پۆلێ لەکاتی وانەگوتنەوە و لە گۆرەپانی قوتابخانەو لەکاتی پشووی قوتابییان لەژووری هەندێك مامۆستایاندا جگەرە دەکێشن، ئاخۆ مامۆستایەك ، دەتوانێت پەروەردەیەکی ڕاست و دروستی قوتابییان بکات و ئامۆژگاری هەرتاکێکی قوتابییان بکات لەسەر ڕەفتارێك کە بەناشایستەی دەزانێت،

کەچی هەمان ڕەفتار لە خودی خۆیدا ڕەنگ بداتەوە؟. ئەگەر مامۆستا وانەی زانستی گوتەوە و بابەتی زیانەکانی جگەرەکێشانی هەبوو و خۆی جگەرەکێش بێت ، ئەوا چۆن وانەکە دەڵێتەوە یاخود لەسەر جگەرەکێشان بەردەوام دەبێت و بێ ئەوەی هیچ گوێ بە بارودۆخی دەروونی قوتابییان بدات ، ئاخۆ ئەمە ڕاستە ..!؟ لە بری ئەوەی کە تۆ ئامۆژگاری قوتابییان بکەیت کەوا جگەرەکێشان شتێکی بێ مانایەولە زیان بەولاوە هیچی دی نییە . جگەرە خۆی لەخۆیدا ، زیان بەخشەو تووشی چەندان نەخۆشی جۆراوجۆرمان دەکات . جا کە جگەرەیەك ئەم هەموو زیانانەی هەبێت ، تۆ چۆن دەتوانیت لەبەردەم ئەم هەموو منداڵە چاوگەشەی دوارۆژی گەلەکەتدا ئەم منداڵە بێ نازانەی کەوا پارچەیەك لە جەرگی تۆن بە دووکەڵی جگەرەکەت هەوای ساف و بێگەردیان لێ بکەیتە ژەهری مەرگ ؟ دواجار ئاخۆ دەزگا پەروەردەییەکان لە هەرێمی کوردستاندا چ چارەسەرێکییان بۆ قەدەغەکردنی ئەم دیاردەیە لەلایە ؟ **

** لە گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی (ژمارە ٥١) کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە .

بەرپرسیارییەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە

بەڕێوەبەری سەرکەوتوو دەبێ ئەو خەسڵەتانەی خوارەوەی تێدابێت کە بریتین لە :

١- ئاگاداری هەموو قۆناغ و ئامانجەکانی خوێندن بێت و تێیان بگات و خەسڵەتی قوتابییەکانی بەگوێرەی سیاسەتی پەروەردەو فێرکردن بزانێ .

٢- ئامادەکردنی زەمینەیەکی دڵنیاو باش بۆ بنیاتنانی کەسایەتی قوتابی و گەشەکردنی لەهەموو لایەنەکانەوەو چاندنی تۆوی رەوشت و خەسڵەتە باشەکان تێیدا.

٣- چاودێری و بەسەر ڕاگەیشتنی هەموو کەل و پەل و جومگەکانی قوتابخانە و رێکخستن و ئامادەکردنیان بۆ بەکار هێنان وەك : (وەرشە و تاقیگا ، و ناوەندی

سەرچاوەکانی فێربوون ، و هۆڵی چالاکییەکان و یاریگا و ئامێرەکانی هەوا گـۆڕین و ئاوساردکەرەوەکان و گەلێ شتی تـریش (.. و ڕێکخسـتنی پۆلـەکان و دابەشـکردنی قوتابییان بەسەریاندا .

٤- خـۆ ئامـادەکردن و ڕێکخسـتنی هـەموو شـتە پێویسـتەکان بـۆ دەسـت بەخوێندنکردنێ لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا و دانانی پلانی کار بۆ ئیش پێکردنی لـە قوتابخانـەدا ، و دانـانی خشـتەی وانـەکان ، و دابەشـکردنی کاروبـارو بەرنامـەی چالاکییەکان بەسەر هەموو ئەوانەی لە قوتابخانەکەدان و دانانی ئەنجوومەن و لێژنەکان لە قوتابخانەدا و چاودێری و بە دواداچوونی ئەنجامدانی کارەکان بە گوێرەی ڕێنمایی یا پێویستیەکانی قوتابخانە.

٥- بەسەر ڕاگەیشتنی مامۆستایان و سەردانیان لە پۆلەکاندا و ئاگاداربوون لـەکارو چالاکی و بەشدارییەکانیاندا.

٦- هەڵسەنگاندنی ئەرکی کارفەرمایانی قوتابخانە، بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی بـۆ ئەو هەڵسەنگاندنانە دانراون زۆر بەوردی و بابەتیانـە و دڵنیـا بـوون لـەو بەڵگانـەی پشتگیری هەڵسەنگاندنەکان دەکەن لە دانی ڕێزو سوپاس و پاداشتەکاندا .

٧- هاوبەشی کردن لە گەشەی پیشـەیی مامۆسـتایەکاندا لـە ڕێـی هەسـتکردن بـە پێویسـتیە مەشـقیەکان و پێشـنیارکردنی بەرنامـەی گونجـاو و بەدواداچـوونی بەشداریکردنی مامۆستا لەو بەرنامانەی پێویستی پێیانـە لـە نـاوەوەو لـە دەرەوەی

قوتابخانەدا، و هەڵسەنگاندنی هەژموونی جێبەجێ کردنەکەیان و هاریکاریکردن لەگەڵ سەرپەرشتیاری پسپۆڕی پەروەردەیی لەم بارەیەوە.

٨- هاوکاریکردنی سەرپەرشتیارە پەروەردەیییەکان و یا ئەوانەی کارەکانیان سەردانی قوتابخانە دەخوازێ و ئاسانکردنی کاروبارەکانیان و بە دواداچوونی جێبەجێکردنی راسپاردەو ڕێنماییەکانیان لەگەڵ تێبینی دەست پێشخەری بانگهێشتی سەرپەرشتیاری پسپۆر لە کاتی پێویستیدا.

٩- بەرزڕاگرتنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی قوتابخانەو کردنەوەی ئاسۆی هاریکاری تەواو لە نێوان قوتابخانەو کەسوکاری قوتابییان و هەموو ئەوانەش کە دەستێکیان هەیە لە هاوبەشی هێنانەدی ئامانجەکانی قوتابخانەدا.

١٠- پتەو کردنی پەیوەندییەکان بە کەسوکاری قوتابییانەوە و بانگهێشتیان بۆ ئاگاداربوون لە بارو دۆخی منداڵەکانیان و پێڕاگەیاندنی تێبینی و سەرنجەکانی قوتابخانە پێیان دەربارەی هەڵس وکەوت و رەفتار و ئاستی فێربوونیان و ڕاوێژ لەگەڵ کردنیان بۆ چارەسەری هەر گرفتێکی کە لەوانەیە بێتە پێش منداڵەکانیان .

١١- وەگەڕخستنی ئەنجوومەنەکانی قوتابخانە و ڕێکخستنی کۆڕو کۆبوونەوە لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بۆ لێدوان لە لایەنە پەروەردەیی و رێکخستنەکانەوە ، و دڵنیابوون لە جێبە جێکردنی کاروبارەکانی هەریەکێك لە وانەی کە کاری پی

سپێردراوە، و لەگەڵ تێبینی نووسینی هەموو ئەو کارانەی کە دەبێ بکرێن و بە دواداچوون بۆ جێبەجێکردنیشیان بکرێت .

١٢- بەشداریکردن لە هەموو ئەو کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن و بەرنامە مەشقیانەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە یان سەرپەشیاری پسپۆر بە چاکی دەزانن .

١٣- ئاگادارکردنەوەی دەستەی مامۆستایان لەو ڕێنمایی و راسپاردەو پرۆژە و یاساو ڕێسایانەی لەلایەنی پەروەردەوە دەردەچن و گفتوگۆ لەسەرکردنیان لەگەڵ مامۆستایاندا بۆ زانین و تێگەیشتنی ناوەڕۆکەکانیان و کارپێکردنیان، ئەمەش لە ڕێی کۆبوونەوەیەکەوە دەکرێ کە بۆ ئەم مەبەستە ساز دەدرێ .

١٤- سەرپەرشتی کردنی بەرنامەکانی ئاراستە و ڕێنماییەکانی قوتابخانە و گرنگی پێدانیان و بە دواداچوونی بەرنامە و پلانی چالاکییەکان و هەڵسەنگاندنیان و هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی.

١٥- سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی ئاو و کارەبا و جەخت کردنەوە لەسەر سەلامەتی بەکارهێنانیان و هەبوونی مەرجە تەندروستیەکان و بانگهێشتی پسپۆڕی ئەو بوارانە لەکاتی پێویستدا بۆ دڵنیابوونی سەلامەتییان .

١٦- سەرپەرشتی کاروباری تاقیکردنەوەکان بە گوێرەی پرۆژە و دەستورەکان و بە دواداچوون و توێژینەوەی بەرەنجامی تاقیکردنەوەکان و شیتەڵکردنیان و هەنگاو هەڵێنانی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان .

١٧- سەرپەرشتی کردنی بەرنامەی ریزبوونی بەیانیانی قوتابییان و ڕێنمایی کاروباری رۆژانەیان و جەختکردنەوە لەسەر ریك و پێکی و تەواویی هەموو لایەنەکانی و نەهێشتنی کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەمی و لێ پیچینەوە لەوەی کە هەموو تاکێکی ناو قوتابخانە ئەرکی پێ سپێردراوی سەرشانی خۆی بەتەواوەتی بەجێهێناوە.

١٨- بەسەر کردنەوەی قوتابخانە و هەموو کەل وپەلەکانی، دڵنیابوون لە پاکو خاوێنی و سەلامەتی و دیمەنی جوانیان. کردنەوەو تەرخانکردنی تۆمار (سجل) ێك بۆ ساختمان (بینایە) ی قوتابخانەکە و کاروباری پاراستنی و دەست پێشخەریکردن لە ئاگادارکردنەوەی پەروەردە لە هەر کەموکووڕی و نالەبارییەکی ساختمانەکە کە جێی مەترسی بێ.

١٩- دەستوبردیی لە وەڵامدانەوەی ئەو نووسراوانەی کە بۆ قوتابخانە دێن، لەگەڵ تێبینی گرنگیدان بە وردەکاری ڕێنماییەکان و ڕوونییان.

٢٠- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێك لە کۆتایی هەموو ساڵەکانی خوێندنێدا بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، کە هەموو ئەو شتانە بگرێتەخۆ کە لەو ساڵەدا کراون — ئەمە سەرەڕای ئەو شتە بەرچاوانەی قوتابخانە بەچاکیان دەزانێ بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکانی قوتابخانە بە تایبەتی و لە قوتابخانەکانی تر و لە پەروەردەو فێرکردنیشدا بەگشتی .

٢١- ئامادەکردنی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەکاتی پێویستدا، بۆ نموونە یاریدەدەر بتوانێ سەردانی مامۆستایان بکات و بەدوای چۆنیەتی وانە وتنەوەکانیاندا بچێ و سەرۆکایەتی هەندێ لیژنە و زۆرشتی تریش بکا .

٢٢- ئەو وانانە بڵێتەوە کە بە گوێرەی دەستوور بۆی دادەنرێت.

٢٣- ئەو کاروبارانەش ئەنجام بدات کە پەروەردە بۆی دیاری دەکات، بە مەرجێ لەگەڵ سروشتی کاری پەروەردەو فێرکردندا بگونجێ.

٢٤- بەڕێوەبەری قوتابخانە بایەخی تایبەتی بە مامۆستای تازە بدات و هەموو ئەو ڕێنمایی و ڕاسپاردانەی بداتێ کە پێویستی پێیانە، لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا بە دەنگیەوە بچێ و بنەڕەتی کارەکانی پێشان بدات، و یارمەتی هاوبەشیکردنی چاوپێکەوتنەکان و بەرنامە چالاکییەکان و خولە پەروەردەییە مەشقیەکانی بدات کە تایبەتن بە مامۆستای تازەوە.

٢٥- بەڕێوەبەر چاودێریی و بە دواداچوون بۆ مامۆستای تازە بکات و هەڵیبسەنگێنێ، ئەڵبەتە ئەمەش بە گوێرەی ئەو ڕێنماییەتایبەتیانە دەبێ کە بۆساڵی تاقیکردنەوە دانراون ، و سەردان و ڕێ پێشاندانەکانیشی لە تۆمارێکدا بەناوی (تۆماری بەڕێوەبەری قوتابخانە بۆ بە دواداچوون و هەڵسەنگاندنی مامۆستا) بنووسێت و هەموو تێبینیەکانیش دوای هەر سەردانێك بە نووسراو مامۆستاکەی لێ ئاگادار بکرێتەوە و پێی ڕابگەیەنرێت. بەم شێوەیە هەڵسەنگاندنی ئەرکی

فەرمانبەریەتی تایبەت بە مامۆستا لە کاتی دیاریکراودا بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە دەنێردرێ وبیروڕای بەڕێوەبەری تێدا ڕوون دەکرێتەوە دەربارەی ئەوەی ئاخۆ تا چەند ئەو کەسە بۆ مامۆستایەتی دەشێ، یان بیگوازنەوە بۆ سەر کارێکی دیکە .

٢٦- بەڕێوەبەری قوتابخانە هەموو دواکەوتن و نەهاتنێکی مامۆستا و تەواوی کارمەند و خزمەتگوزارەکانی قوتابخانە لای خۆی دەنووسێت، و هەرچی ڕێگایەکی دەستووری هەیە دەیگرێتە بەر، هەر لە نووسینی تێبینیەکانەوە بیگرە تا دەگاتە لێکۆلێنەوەو لێپرسینەوە لە دەفتەری دەوامی ڕۆژانەدا.

٢٧- ڕێگای پێویست بگرێتەبەر لە برینی پارەی رۆژانی نەهاتن لە مووچەی مامۆستا یا فەرمانبەری قوتابخانە، ئەوەش لەسەر بنەمای هەقدەست لەبەرامبەر کاردا .

٢٨- هەر نەهاتن یا دواکەوتنێك لە قوتابخانەدا رووبدات، بینووسێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە، و ئەوەی بەباشیشی دەزانێ لەو بارەیەوە بینووسێ .

٢٩- بەڕێوەبەر هەموو ئەو تێبینییانەی لە سەرهاتن و دواکەوتن لەلای خۆی نووسیونی، لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەرکی فەرمانبەریەتی مامۆستایان و کارگوزارانی قوتابخانەدا، بیانخاتە بەرچاو، کە لەکاتی داواکردنی راسپاردەکاندا بۆ کارێکی پێشەنگی یا بەشداری خولێکی پەروەردەیی و مەشق، یا ناردنی دەرەوەی وڵات بۆ وانە وتنەوە یا هەر هەلێکی رەخساوی تردا، ئیشیان پێی دەبێت.

٣٠- بەرێوەبەری قوتابخانە بەر لەسەرەتای هەر ساڵێکی خوێندن پلانێکی کاری دوورودرێژ بۆ خۆی ئامادە بکات کە بڕیارە وەك ئەرکێك جیبەجێی و پۆلێن و دابەشیان بکات بەسەر (ڕۆژ و هەفتە و مانگ و وەرز– و ساڵەکەدا). و بەشێوەیەکی دەوری و بەگوێرەی کارتێك (کارتی هەڵسەنگاندنی خودی بۆ کاری بەڕێوەبەری قوتابخانە) و ناوەناوە بەسەریاندا بچێتەوە و بزانێ داخوا چی کردووە و چی نەکردووە).[θ]

[θ]سەرچاوە : لە www.Yahoo .com کراوە بە کوردی

لە ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (٣٩٦٩) لەبەرواری ٢٠١٢/١/١٥ بڵاوکراوەتەوە.

بەڕێوەبەری قوتابخانە سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی ئاکنجە

بەڕێوەبەری قوتابخانە بە سەرکردەیەکی پەروەردەیی دادەنرێت لە قوتابخانەکەیدا . ئەو ڕۆڵەشی ئەوەی لەسەر دەکاتە مالّ کە بەڕێوەبەر زۆر ئەرکی بەڕێوەبردن و کاروباری هونەری ڕاپەڕێنیّ و جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە کاروباری بەڕێوەبردن هەمیشە لە خزمەتی کاروبارە هونەرییەکاندایە و هەر لەم رووەوەش کە سەرپەرشتیی پەروەردەیی لایەنێکە لە لایەنی بەڕێوەبردنە پەروەردەییەکان کە کرنگی بەلایەنە هونەرییەکان دەدات لە قوتابخانەدا کەواتە بەڕێوەبەر لە یەکێك لە گۆشەکانەوە سەرکردەیەکی پەروەردەیی قوتابخانەکەی خۆیەتی . ئەو هەر تەنیا بەڕێوەبەر و کارگێرێك نیە و بەس

بەڵکـە سەرپەرشـتیارێکی پـەروەردەیی ئاکنجـە (جـێگیر) هـەر بۆیـە کارەکـانی بەرێوەبەر ئەم لایەنانە دەگرێتەوە :

١- بەرەو پێشبردنی مامۆستایان و پێگەیاندنی پیشەییانەیان.

٢- چاك بەجێگەیاندنی بەرنامەکانی قوتابخانە .

٣- قوتابییان

٤- ساختمانی قوتابخانەو پاشکۆیەکانی .

٥- ژینگە و کۆمەڵگای خۆجێی .

وە دەتوانری ئەو ئامانج و مەبەستانە لە رێی بەرێوەبەری قوتابخانـەوە بهێنرێنـە دی بەوەی کە بەرێوەبەر خەسڵەتێکی هەڵسوراندنی ئەو تۆی کارگێرپیان بداتێ کە هـەموو ئەم لایەنانەی خوارەوە بگرێتەوە :

١- پلان

٢- جێبەجێ کردن

٣- بەدواداچوون

٤-هەڵسەنگاندن

یەکەم/ پلان :

کە ئەمە توخمی سەرەکییە لە وەدیهێنانی دروستی ئیشوکارەکانی بەرێوەبردن چونکە هەڵسوراندنی ئەو ئیش وکارانە دەبێ زۆربەوردی نەخشەوپلانی بەرلەدەست پێکردنـی ساڵی تازەی خوێندن بۆ دابنرێت . بۆیە دەبێ بەرێوەبەری قوتابخانـە پلانێکـی کـاری ئەوتۆ دابنێ هەموو ئەو کاروچالاکییەکارگێرپییانە لە خۆبگرێ کە دەیهەوێ هـەر لـە سەرەتای دەست پێکردنی خوێندنێوە تاکۆتایی ساڵەکە بیانکات.

دووەم / جێبەجێ کردن :

لەم قۆناغەدا هەرچی پێویستیە کارگێڕیە پێشنیارکراوەکانە دەخرێنە خانەی جێبەجێ کردنەوەو بەڕێوەبەری قوتابخانەش بە گوێرەی ئەم قۆناغانەی خوارەوە لەسەری دەڕوا :

أ- کاروبارە کارگێڕیەکان لەسەرەتای ساڵی خوێندنەوە :

دەست پێکردنی ئەو کاروبارانەش هەر لەسەرەتای ساڵی خوێندنەوە ئامادەو پێداچوونەوەیەکی زۆرباشی بەڕێوەچوونی ئەو کارانەی گەرەکە کە بریتین لە :

١- جەخت کردنەوە لەسەر پڕکردنەوەی پێویستی قوتابخانە بە مامۆستای پسپۆر .
٢- بەڕێوەبەری قوتابخانە لەوە ئەرخەیان بێت کە ئەو کارگێڕانەی قوتابخانە پێویستی پێیانە لە قوتابخانەکەدا هەن و ژمارەکەیان هێندە هەیە بەشی ڕاپەراندنی کاروبارەکانی قوتابخانە بکا .
٣- بەڕێوەبەر دڵنیابێ لەوەی کە هونەروەرییەکان (الفنیون) بە تەواوی هەن . لەوانەش هونەروەریی (الفنی) تاقیگا و هونەروەریی هۆیەکانی فێرکردن و ئیدیکەی لەوانە کە کاروباری پەروەردە پێویستی پێیانە هەبن .
٤-دڵنیابوون لە گەیشتنی هەموو کتێبە بڕیار لێدراوەکانی خوێندنێ و دڵنیا بوون لەوەی کە بەشی هەر هەموو قوتابییەکان دەکات و دڵنیابوونەوە لەوەش کە کتێبەکان هەمان ئەو کتێبانەن کە بڕیاری خوێندنیان لەسەر دراوە .

٥- دڵنیابوون لە هەبوونی ئامێروکەل و پەل و هۆیەکانی فێرکردنی گونجاو و لەبار بۆ بەرێ خستنی پرۆسەی فێرکردن و پاراستنیان و چاککردنەوەی ئەوانەی پێویستیان بەچاککردنەوەیە .

٦- دڵنیابوون لەوەی کە ساختمان (بنایە) ی قوتابخانەکە بە گوێرەی ژمارەی هۆڵ و گونجانی بۆ خوێندنی قوتابییان دەست دەدەن هەروەها تەواو کردنی کەل و پەلەکانی ناوەوەی بۆ بەکارهێنان .

٧- دانانی خشتەی وانەکانی قوتابخانە کە هەموو ئەو کتێبانە بگرێتەوە کە دەبێ قوتابییان بیانخوێنن لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی کاتی خوێندنی هەر وانەیەك و دابەشکردنی وانەکانیش بەسەر رۆژەکانی هەفتەدا .

٨- پێداگرتن لەسەر هەبوونی کۆمەڵە تۆمارێکی قوتابخانە کە هاوبەشی لە رێکخستنی بەرێوەبردنی کاروبارەکانی قوتابخانەدا دەکا .

ب- هەلسووڕاندنی کاروبارەکانی. ساڵی خوێندنێ :

١- کۆبوونەوە کارگێڕیەکان لەگەڵ مامۆستایاندا بۆ بە دواداچوونی کێشە و پرسە کارگێڕییەکانی کە پەیوەندییان بە قوتابخانەو رێکخستنیەوە هەیە .

٢- چاودێری کردنی دەوامی مامۆستایان لە بارەی پا بەندبوونیانەوە بەسات و کاتی ئەو وانانەی بە گوێرەی خشتەی وانەکانی قوتابخانە کە بۆیان دانراوە بیلێنەوە .

٣- چاودێری کردنی دەوامی قوتابییان.

٤- چاودێری کردنی دەوامی کارگێڕو بەردەست و هونەروەرەکان (الفنیین)

٥- دابین کردنی توانای دارایی پێویست بۆ قوتابخانە.

٦- نووسینی ڕاپۆرت بـۆ بەڕێوەبەریەتییـەکانی پـەروەردەو فێرکـردن بـە مەبەسـتی ڕوونکردنەوەو پێشاندانی بەڕێوەچوونی خوێندن و ئەو تەنگوچـەڵەمەوگرفتانەی دێنـە پێش پرۆسەی پەروەردە و پێویستیەکانی قوتابخانە بە مامۆستا و ئاسـانکردنی کـارە داراییيەکان .

٧- پاراستنی ساختمان (بنایە) ی قوتابخانەو جومگەکانی .

٨- ڕووبەڕوو بوونەوەی گیروگرفتە لەناکاو و کتوپڕەکان .

٩- ڕێکخستنی پرۆسەی پەروەردەیی قوتابخانە لەڕێی کـاری لێژنـە جۆراوجۆرەکـانی مامۆستایان و قوتابییانەوە بۆ وەڕێ خستنی پرۆسەی پەروەردە .

ج – کاروبارەکارگێڕییەکان لە کۆتایی ساڵدا :

ئەو کاروبارانەش ئەم لایەنانەی خوارەوە دەگرنەوە :

١- خۆ ئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکان و جیبەجێ کردنیان .

٢- چاودێری بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان (ئەزموونەکان) .

٣- سەرپەرشتیکردنی راستەوخۆی تەماشاکردنی دەفتەری ئەزموونی قوتابییـەکان و هەڵوێستە لەسەرنمرەکان .

٤- سەرپەرشتیکردنی ئەنجامەکان و رێکخستنی گەواهی نامـەکان و تویژینـەوە لـە نمرەکان بە گوێرەی سیستەمی پەیرەوی کراو.

٥- وەرگرتنەوەی کەل و پەل و ئامێرەکان لە مامۆستایان

٦- بژاردەکردنی کتێبەکانی قوتابخانە .

٧- وەرگرتنەوەی تۆمارە فەرمییەکان لە مامۆستایان و کارگێڕەکان.

٨- نووسینی ڕاپـۆرتێکی تێـر وتەسـەل لـە بـارەی سـاڵی خوێندنەکـەوە وهـەروەها نووسینی پێشنیار بۆ چاککردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی کـارگێڕی لەسـاڵی خوێنـدنی داهاتوودا.

سێهەم / بە دواداچوون :

هـیچ پـلان و ڕێکخسـتنێك کاریگەرییـەکی ئەرێیانـەی ئـەوتۆی نابـێ ئەگـەر بـە دواداچوونێکی ڕێکوپێکی لەکات و ساتی جیاوازدا بە دواوە نەبێ .

بەدواداچوون ئەمانە دەگرێتەوە :

١- بەدواداچوونی پلانی کارو ڕێکخستنەوەی قوتابخانە .

٢- بەدواداچوونی کاروبارەکانی دەستەی مامۆستایان و کـارگوزار و بەردەسـتەکان و تۆمارکردنی هەرچی تێبینییەکانە لە تۆمارێکی تایبەتیدا .

٣- بەدواداچوونی ئاستی مانگانەی قوتابییان .

٤- بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی قوتابخانە.

٥- بەدواداچوونی راستکردنەوەی کارەکانی قوتابییان .

٦- بەدواداچوونی چالاکییەکانی قوتابخانە.

٧- پشکنینی ئیش وکاروبارە دارایی و کارگێڕییەکان و جارجارە بەسەرکردنەوەیان.

٨- بەدواداچوونی کارگوزارییەکانی ناو قوتابخانە .

چوارەم / هەڵسەنگاندن :

لەوانەیە گرینگترین لایەنەکانی پەروەردە هەڵسەنگاندنی کارمەندانی قوتابخانەو قوتابییەکان بێت بەڕێگایەکی زانستیانەی شیاودا تا ئەو سوود و ئامانجە چاوەڕێکراوانە لە پڕوسەی فێرکردندا وەدی بێنێ . توخمەکانی بەهێزکردنیش بریتین لە:

١- هەڵسەنگاندنی قوتابییان .

٢- هەڵسەنگاندنی پرۆگرام و کتێبەکانی خوێندنێ .

٣- هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانی پێشتر و ئەنجومەنەکانی قوتابخانە .

٤- هەڵسەنگاندنی توانا ماددی و مرۆییەکانی قوتابخانە.

٥- نووسین و بەرزکردنەوەی راپۆرتی وەرزی و ساڵانە لە قوتابخانەوە بۆ پسپۆڕان .

بەگەڕانەوەمان بۆ بواری کاروبارەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانەو زۆر بە کورتی ئەوەمان دێتە بەرچاو :

یەکەم .. ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە بەرەوپێشبردن و پێگەیاندنی پیشەییانەی مامۆستایاندا مەبەست بەرزکردنەوەو پێگەیاندنی ئاستی زانیاری مامۆستایان و بەرەوپێشەوەبردنی توانای فێرکردنیانەکە. دوولایەن دەگرێتەوە، زانیاری و رەفتاری.

لایەنی زانیارییەکەی بریتییەلە :

١- زانینی خەسڵەتە دەروونی و لەشی و کۆمەڵایەتییەکانی قوتابییان و چاودێری کردنی ئەو خەسڵەتانەش لە پرۆسەی فێربووندا .

٢- زانیاری و ڕاستیە زانستییەکانی ناوکتێبەکانی خوێندنێ کە دەیانڵێتەوە .

٣- زانینی پێویستیە کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستییەکانی کۆمەڵگا .

٤- زانینی ئەو بناغە و شەنگستانەی پرۆگرامەکانی خوێندنێی لەسەر دادەنرێت .
٥- زانینی رِێگا گونجاوەکانی وانەوتنەوە بۆ ئەو وانانەی دەیانلێتەوە .
٦- زانینی ئەو دۆزینەوە زانستی و ئەدەبییانەی یارمەتی دەدەن لەکارەکەیدا.
٧- بەشداریکردنی لە خولێکی چاك جیبەجی کردنی پرِۆگرامەکانی خوێندندا .
هەروەها لایەنە رِەفتاریەکەشی بریتیەلە :
١- توانای هەڵسورِاندنی ژووری پۆل .
٢- توانای مامۆستا بە دانانی پلانێك بۆ وانەکانی لە هەر یەکێك لەم سێ ئاستانەدا (سالآنە و رۆژانە ومانگانەی خوێندندا)
٣- توانای مامۆستا لە بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردندا .
٤- توانای مامۆستا لە رِێکخستنی چالاکییە گونجاوەکانی ناو پۆل و دەرەوەی پۆلدا بۆ قوتابییەکانی .
٥- توانای زمانەوانی مامۆستا و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی رِاست و رِەوان
٦- توانای مامۆستا لە دانانی تاقیکردنەوە بۆ پێوانەی ئاستی فێربوونی قوتابییان.
٧- توانای مامۆستا لە شرۆڤە کردنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان .
٨- توانای مامۆستا لە پرسییارکردنی ناو پۆلدا .
٩- توانای مامۆستا لەبەرهەمهێنانی ئەو هۆی فێرکردنانەی پێویستی پێیانە .
١٠- توانای مامۆستا لە بەکارهێنانی کتێبەکانی قوتابخانە بە شێوەیەکی کاریگەر.
١١- توانای مامۆستا لە دەوڵەمەندکردنی پرۆگرامەکانی قوتابخانەدا .
١٢- توانای درێژەدانێکی ئەرێیانەی مامۆستا لەگەڵ ئەوانەی لە پرۆسەی هەڵسووراندنی پەروەردەییدا کاریان لەگەڵدا دەکا ،لە پێناو بەرەوپێشبردنی کارامەییە فێرکردنەکاندا .

دووهەم/ ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە چاك جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکانی قوتابخانەدا :

پرۆگرام چوار توخمی بنەڕەتی دەگرێتەوە کە ئەمانەن : ئامانجەکان — ناوەرۆك — شارەزاییەکان — ڕاستکردنەوە و هەڵسەنگاندن . کەواتە ئەو لایەنانەی دەکەونە ناو گرینگی پێدانی بەڕێوەبەری قوتابخانەوە کە پەیوەندییان بە پرۆگرامەکانەوە هەیە ئەمانەن :

١- دەوڵەمەند کردنی وانە زانستییەکان .

٢- بەکارهێنانی کتێبی خوێندنی قوتابخانە .

٣- بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن .

٤- هەبوونی هۆیەکانی فێرکردن بەزۆری.

٥- دەکار خستنی ئێستگەی قوتابخانە .

٦- بەکارهێنانی کتێبخانەی قوتابخانە.

٧- ئەنجامدانی چالاکییەکانی ناوەوە و دەرەوەی پۆل .

٨- بەکارهێنانی تاقیگای قوتابخانە .

٩- گەشتەکانی قوتابخانە .

١٠- ئەزموونی دیاریکردنەکان .

١١- ئەزموونی فێربوونەکان .

١٢- پێوانی فێربوونی قوتابییان و هەڵسەنگاندنیان .

سێهەم / ڕۆڵی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە چاودێری قوتابییاندا :

١- جێبەجی کردنی پلانــە ئاراســتەییيە دانراوەکــان بــۆ وریــا کردنــەوەی قوتابییــان دەربارەی سیستەمی قوتابخانە و بنجینــەکانی دەرچــوون و مانــەوە و ئــەرك و مــافی قوتابی .

٢- ڕەخساندنی بارو دۆخێکی گونجاو تا قوتابی مافی خۆی دەستکەوێ لە خوێندندا.

٣- دانانی سیستەمێك بۆ تۆمارکردن و کۆکردنەوە زانیارییــە کەڵەکــە بووەکــان بــۆ ئاراستە کردنــی قوتــابی بەشــێوەیەکی کاریگەریانــە بــەرەو دۆزینــەوەی هێــزو وزەو تواناکان لە قوتابیدا .

٤- یارمەتیدانی دەستەی مامۆستایان لە ڕێك خســتنی زنجیرەبەندییــەکانی بەرنامــە ئاراستەیی ورێنمایی کردنەکان .

٥- کارکردن بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستایان و قوتابییان .

٦- دانـــانی سیســـتەمێکی ڕوون و دیـــاریکراو بـــۆ لێپرســـینەوەی قوتابییـــان و ئاگادارکردنەوەی پێش وەختەی قوتابیانیش لەوسیستەمە .

٧- ڕووبەڕووبوونەوەی گیروگرفتە تایبەتییەدەروونییەکانی قوتابییان کە بەسیستەمی قوتابخانەوە بەندە .

٨- گونجاندنی چالاکییەکانی قوتابییان کە بەخزمەتی کۆمەڵگا خۆجێیەکەوە بەندە .

٩- هاوبەشــی قوتابییــان لــە بــەڕێوەبردنی دەوامــی ڕۆژانــەی قوتابخانــە لــە ڕێــی مەشقکردنیانەوە بۆ بەرزەفت کردنی ڕێکــوپێکی و هــەروەها هاوبەشــی کردنیــان لــە هەڵسوراندنی هەندێ کاروباری بەڕێوەبردندا .

چوارەم/ ڕۆلی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە ناساندنی ژینگەی خوجێیدا :

ئەمە بە یەکێك لەو ڕۆڵە جیاوازوگرینگانە دادەنرێ کە جیاوازی تاکەکان لە نێوان ڕەفتارەکارگێرییەکانی ئەو قوتابخانەو یەکێکی تردا دەردەخات ، بەرێوەبەری قوتابخانە دەبێ لە دۆزینەوەی پەیوەندییە پتەوەکانی نێوان قوتابخانەکەی و ژینگەی دەوروبەریدا زۆر کارامەو سەرکەوتووبێت و تا دەشتوانێ سوود لەو پەیوەندییانە وەربگرێت بۆ خزمەتی کاروبارەکانی بەڕێوەبردنێ .

بەرێوەبەری وریای قوتابخانە ئەوەیە کە پلانی ئامانج ڕوون و ئاشکرا دادەنێ و ڕێگاکان دیاری دەکا بۆ سوود وەرگرتن لە ژینگەی خۆجێی بە گوێرەی گەشەی کۆمەڵگا ، نەك هەروا لە خۆوە بە گوێرەی ڕێکەوت هەنگاوبنێ .

هەندێ ڕێگا کە لەوانەیە بەڕێوەبەری قوتابخانە لە بواری کاروبارو ڕێکخستنی قوتابخانەدا بیانگرێتەبەر :

یەکەم لە بواری بەڕێوەبردنی قوتابخانەدا :-

١- شێوازی هاوبەشیکردنی کارمەندەکان .

٢- دەرکردنی فەرمانەکان بێ پرسی کارمەندەکان.

٣- بە یەك چاو سەیرکردنی هەموو کارمەندەکان .

٤- دابەشکردنی بەرپرسایەتی لەبەر ڕۆشنایی پسپۆڕی هەریەك لە مامۆستاکان .

٥- توندی و نەرموشلی نواندن پێکەوە .

٦- پێکەوە لکاندنی هەندێ جۆرەکار لەگەڵ جارانی پێشووتر .

دووەم لە بواری لایەنی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردندا :

١- پێداگرتن لەسەر لایەنەکانی بەڕێوەبردن لە هەڵسوڕاندن و ڕێکخستنی قوتابخانەدا.
٢- تەرخانکردنی کاتی تەواو و گرینگییەکەی لە کاروباری نووسیندا .
٣- پێداگرتن لەسەر لایەنەکانی سەرپەرشتیکردن .
٤- تەرخانکردنی کاتی تەواو و گرینگییەکەی بۆ قوتابییان و دەستەی مامۆستایان و کۆمەڵگای خۆجێی .
٥- گونجاندنی لایەنەکانی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردن .
٦- پێکەوە لکاندنی هەندێ جۆرەکار لەگەڵ جارانی پێشووتر .

سێهەم لە بواری ڕێکخستنی قوتابخانەدا :

١- نەرمی نواندنێکی تەواو .
٢- پێداگری لەسەر وانەکان (ماددەکان) ی خوێندن .
٣- پێداگری لەسەر چالاکییەکانی قوتابخانە .
٤- خۆ فێرکردنی خودی لەناو پۆل و دەرەوەیدا .
٥- گەشەی فەرمانبەرداری کارمەندان .
٦- هاندانی گیانی کارکردنی پێکەوە (یەك تیمی)
٧-لکاندنی هەندێ جۆرەکاری پێشتر .

چوارەم لە بواری بڕیاردان :

١- دەبێ بڕیارەکە تاکە کەسی بێ .
٢- هاوبەشی هەندێکان لەو بڕیارانەی پەیوەندییان بە کاروبارەکانی قوتابخانەوەیە .
٣- ڕێ پێدانی قوتابییان بۆ هاوبەشیکردنیان لە بڕیاردانـدا .
٤- بڕیاردان ... لەبەردەمی هەموو ئەوانەی بڕیارەکە دەیانگریتەوە .
٥- سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە دوای دەرکردنی بڕیارەکان .

پێنجەم لە بواری کاریگەری و توانایەکان :

١- هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکاریەکانی قوتابخانە .
٢- هەوڵدان بۆ هێنانەدی حەز و ئارەزووی کارمەندەکان .
٣- لەبەرچاو گرتنی بارودۆخەکانی دەوروبەر کە پەیوەندیان بە وەرگرتنی بڕیارەکانەوەیە .
٤- هەوڵدان بۆ هێنانەدی هاوکێشە و کامڵبوونی نێوان پەیوەندییە مرۆییەکان و کارکردنی کارمەندان و هەلوەستە لەسەر ئەنجامدانی کارەکان .
٥- سەرەدەرلێکردنی پرۆگرامەکانی خوێندنی هەموو قۆناغەکان.
٦- تێگەیشتنی لایەنەکانی بەڕێوەبردن و دارایی و سەرپەرشتیکردنی هەرچی پەیوەندی بە قوتابخانەوەیە .

هەندێ لەو بناغانەی کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی لەسەر دیار دەکرێ

١- دەبێ دیاریکردنی بەڕێوەبەری قوتابخانە لەو مامۆستایانەبێ کە بەهرەدارن و توانای ڕاگرتنی ئەو بارە قورسەی ئەو سەرکردایەتییەی هەبێ ، دەبێ ئەوەشمان لەبەر چاوبێ مەرج نیە هەموو مامۆستایەکی سەرکەوتوو بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتووی لێ دەرچێ .

٢- دەبێ لە ئاستی توانایەکی لێوەشاوەو ناوازەو کەسایەتییەکی بەهێزی هەبێ .

٣- دەبێ دەستخۆشانەی زۆر زۆرباشە و سەرووتری دوو سالانی لە سێ سالی کارەکەیدا وەدەست هێنابێ .

٤- بەلانی کەمەوە دەبێ دووسالی لەو ئەرکەی دواییەی بەسەر بردبێت .

٥- دەبێ تاقیکردنەوەیەکی سەرکاغەزی بڕیبێ و لە لایەن لێژنەیەکی پسپۆریشەوە ئەنجامدرابێ . ♣

♣سەرچاوە:لە Googleکراوە بەکوردی

پێنج شەممە ٢٠١٢/١١/٢٩ ژمارە (٤٢٠٥) لە ڕۆژنامەی خەباتدا بلاوکراوەتەوە.

لاكرنەوەیەك لە كۆبوونەوەكانی ماڵ و قوتابخانە یان دایك و باوك و مامۆستایان

ن/ شواریٚ

هەر لە دەسپێكی ئەم نووسینەمدا، پێم خۆشە ئەوە بە خوێنەری ئازیز بڵێم، كە نامەوێ بە دیباجە و پێشەكییەكی ئەدەبیانە بچمە ناو دنیای ئەم بابەتە پەروەردەییەی بەردەستتان، تا بیرو هزرو خەیاڵی ئاسوودەتان ماندوو نەكەم و بۆ خۆشم لا ڕێ نەبم و نەكەومە هەڵەت و پەڵەتان.

هەر لەناونیشانی بابەتەكەوە دیارە مەبەست بەرەو چ هەوارێكە ... هەر یەكێك لە ئێمە یا زۆربەمان، بەتایبەتی ئەوانەی منداڵی قوتابخانە (قوتابی) مان هەیە، دەزانین كە ساڵانە دووجار لەسەرەتای وەرزی كرانەوەی دەرگای قوتابخانەكانی دوای پشووی هاوین و بەرە بەری كۆتایی وەرزی تەواوبوونی ساڵی خوێندن (كۆبوونەوەی مامۆستاو دایك و باوكان) یان بڵێین (كۆبوونەوەی قوتابخانە و ماڵی قوتابییان) یا هەر ناوێكی

دیکەی بۆ ئـەم مەبەسـتە لیٚ بنـریٚ ... دەگـیریٚ، کـە دیـارە ئـەو کـۆڕو کۆمەڵـەو کۆبوونەوانەش ئامانج و مەبەستیٚکی زۆریان لـە دواوەیـە، کـە دەکـریٚ هەنـدیٚکیان بخەینە بەرچاوی خویٚنەر و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەر لەکەسی خوارەوەڕا تـا دەگاتە ترۆپکی بەرپرسایەتی:

١- بۆ ناساندنی کەسوکاری قوتابی بە مامۆستایان و بەڕیٚوەبەر و بەردەست و کـەش وهەوای قوتابخانە .

٢- هاندانی کەسوکاری قوتابییان و تیٚگەیاندنیان، کـە قوتابخانـە بـە مـاڵی دووەم و مامۆستاو بەریٚوەبەرو کارمەندەکانیش بە کەس وکارو دڵسۆزی منداڵەکانیان بزانن .

٣- زانیاری گۆڕینەوە دەربارەی هەڵس و کەوت و رەفتاری قوتابییان بەیەکتر لەلایەن دایکان و باوکان و قوتابخانەوە ، بۆ ئەوەی چ لە ماڵەوە و چ لە قوتابخانەدا ئاگـاداری خویٚندن و کاروکردەوەکانیان بن و ماڵەوە و قوتابخانە یەکتریان لیٚ — لە قوتابییـەکان ئاگاداربکەنەوە.

٤- بۆ نزیك خستنەوەو یەك خستنی شیٚوازی پـەروەردەی منداڵـەکان لـە قوتابخانـەو ماڵەوەدا، تا منداڵەکان تووشی دووفاقی پەروەردە نەبن و کاری فیٚرکردنیشیان ساناتر بیٚت ..

٥- بۆ بەرزکردنەوەی لایەنی شانازی و بە خۆنازینی قوتابی و هەست کردنی بەگرنگی پیٚدانی لەلایەن دایـك و باوکیـەوە، بەتایبـەتی کـە دەبیـنن کەسـانیٚك هەیـە لیٚیـان دەپرسیٚتەوە و چاوەدیٚری و سەرپەرشتیان دەکا ... هتد .

ئەمانەو زۆرشتی تریش کە پیٚویست ناکا بیکەینە ئەو چیرۆکەی کۆتایی نایە. ئەوەی لیٚرەدا دەمانهەویٚ بیخەینە بەرچاو و شەن وکەویٚکی ورد و درشتی بکەین، چـۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوانەیە — کۆبوونەوەی دایك و باوك و مامۆسـتایان — سـاڵی

دوو جار لە قوتابخانەکانی لای خۆماندا و شێواز و شێوەی بەرێوە چوونی و بەرەنجام و دەرەنجامەکانی بخەینە بەرچاو، هەروەك نموونەی جیاوازیش دەگەڵ شێوە و شێوازی ئەو جۆرە کۆبوونەوانەی وڵاتانی خواپێداو و پێش کەوتوودا بخەینە روو، نەك بە مەبەستی بەراوردکردن بەڵکە بۆ وەبەرچاوخستنی شێوەو شێواز و جیاوازییەکانی ئەو دوولایەنەی ئەم چالاکییە.

پێم خۆشە وەك مامۆستایەك و بەرێوەبەرێکی پێشووی چەندین قوتابخانەی هەمە جۆر و جیاواز، شێوەو شێوازی ئەو کۆبوونەوانەی قوتابخانەکانی لای خۆمان بخەمە سەر سفرەی چاوەروانیە بیسمیللایە :

جارێ لە بەراییەوە دەبێ ئەوە بڵێم کە زۆربەی زۆری کۆبوونەوەکان و بەردەوامیش هەر دایکان بەرێژەیەکی زۆر و بەرچاو و کەمێکی کەمیش لە باوکان یا برا، یا خوشکی قوتابیش جاری واهەیە لە جیاتی دایك و باوکەکان ئامادە دەبن. زۆر زۆر بە دەگمەن رێك کەوتووە دایك و باوکێکی قوتابییان پێکەوەهاتبن بۆ کۆبوونەوەی ماڵ و قوتابخانە یا دایك و باوك و مامۆستایان. بە هەر حاڵ بابچینە سەر شێوەو شێوازی ئەنجامدان و بەرێوەچوون و کۆتایی ئەم چالاکییە، لە قوتابخانەکانی لای خۆماندا :

رۆژێك یان چەند رۆژێك پێشتر بەرێوەبەر بە رابەری هەموو پۆلەکان دەڵێ کە قوتابییان ئاگادار بکەنەوە، رۆژی ... بەرواری ... پێش نیوەڕۆ یان دوای نیوەڕۆ (ئەگەر قوتابخانەکە دوو دەوام بێت) بە دایك و باوکانیان بڵێن لە قوتابخانە ئامادەبن کۆبوونەوەی دایك و باوك و مامۆستایانە و لەو دەوامەشدا قوتابییانی تێدا نایەنەوە قوتابخانە ...

جا هەرکە ئەو رۆژ و بەرواری کۆبوونەوەیە هات، ئیدی ژن و ژاڵی گەڕەکێ، دوو دوو و سێ سێ ئی واش هەیە منداڵیشی نیە هەر ڕەگەڵ دەکەوێ و دێ بزانێ چ باسە .

لە سەرەتادا بەرێوەبەری قوتابخانە لەگـەڵ مامۆسـتایاندا پێشـوازییەکی هەرەمـەکی نارێك لە کەس و کاری قوتابییان دەکەن و مامۆسـتایەك و یاریـدەدەر و بەڕێوەبـەری قوتابخانە دەچنە ئەو جێیەی کە پێشتر لە حەساریێ یا لە هۆڵی قوتابخانەدا .— ئەگـەر هـۆڵ هـەبێ - لەسـەر کورسـی و لەبـەردەم مێزێکـی پـان و پـۆڕدا دادەنیشـن و مامۆستاکانی دیش یان بە پێوە یان لـە تەنیشـت ئەوانـەوە دانیشـتوون و چـاوەڕێی فەرمایشاتن.

دیـارە لـەم کۆبوونەوانەشـدا جاروبـارە سەرپەرشـتیارێکی پـەروەردەی قوتابخانەکـە ئامادەبووە — بـۆ خـۆم شـایەتحاڵم زۆر کۆبوونـەوە بـێ سەرپەرشـتیاری پـەروەردەی قوتابخانەکراوە— ئەوجا دوای بەخێرهێنان و — دانیشتنی کەسوکاری قوتابییان، وتاری بەرێوەبەری قوتابخانە دەست پێدەکات، کە هەر تەنیا — وەك رۆتینێك — باری سەرنج و تێبینـی و بابەتـە گشـتییەکان، وەك ئاسـتی زانسـتی قوتابییـان بەگشـتی و پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستاو قوتابییان، قوتابی و پاکو خاوێنی و هەڵس و کەوت و رەفتاری قوتابییان و چاودێری کردنیان، شێوەی رەفتاری مامۆستایان و بە دەنگەوە چوونیان لە هەر کاتێکی قوتابی پێویستی پێی بێ .. فلانی وای شەنەبا دەکـا تـەپو تۆزی لە دووری فرسەخێکەوە دیاربێ و لە دەشتی پـەروەردەو فێرکردنێـدا سـێوەڕەی دێنێتە ئەژنۆیان .. هەرکە بەرێوەبەریش لێ بۆوە ئیدی ئەوە یاریدەدەرەکەی هەر بـەو پێودانگە ئـەو کـەلێن و کەلەبەرانـە دەگـرێ کـە لەقسـەو وتارەکـەی بەڕێوەبەریـدا بەجێمابوون و بەسەریدا باز دابوون.

ئەوجا کارتی نمرەی قوتابییانی ئەم وەرزەی کۆبوونەوەکـەی تیـدا دەکـرێ، کەپێشـتر ئامادەو تەواو کراوە. ئیدی ئەوە دەبێتە دوایین پێوەری قوتابی و مایەی سـەربەرزی و یان مل کەچی و شکاندنەوەی کەسـوکاری قوتابییـان ... چـونکە بەڕێوەبـەر دەسـت

دەکــات بــە خوێندنــەوەی نــاوی قوتابییــان ... لەگــەڵ خوێندنــەوەی نــاوی هــەر قوتابییەکیش دەپرسێ کێ باوکی ئەو قوتابییەیە، کە باوکەکەش یا دایکی گوێی لــە داوای بەڕێوەبەر بوو، بە ناچاری و دڵە ڕاوکێوە دەست هەڵــدەبڕێ، ئــەوجا بەڕێوەبــەر دوور لە هەموو پێوەرێکی پەروەردەیی و لەبەر چاوی ئەو حەشیمەتە منداڵەکە و باوك یــا دایکــی منداڵەکــە — ئەگــەر دەرنەچــووبێ — دەشــکێنێتەوە و دەســتدەکا بــە ئامۆژگاری باوك یا دایکەکە، ناوی قوتابییەکی زیرەکیشی بەنموونە بەڕوو دادەداتــەوە و دەکەوێتە پێدا هەڵدانی کەسوکاری قوتابییە زیرەکەکە، دەوجا وەرە ئەوە چەندی بە چەندی !؟ ئەو دایك یا ئەو باوکە دەو دەمیدا دەکەونە بارێکی دەروونی ئەو تۆوە کــە نەك هەر نەفرەت لە قوتابخانەو فێربوون و پەروەردە، بێزیان لــە منداڵەکەشــیان و لــە هەرچی مامۆستاو دامودەزگای پەروەردەشە دەبێتەوە. ســەیرەکەش لــە وەدایــە، تــا دەگاتە دوایین قوتابی ئــاوا کارتــەکان دەدرێتــەوە .. کــە ئــەم بەشــەی کۆبوونەوەکــە تەواوبوو، ئینجا دەستدەکەن بە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجوومەنی دایکــان و باوکــان، کە ئەمەش هەر شتێکی رووالەتیەو هیچی دی و لەتێکڕای قوتابخانەکانیشدا هەر بەو جۆرەیە. دوای دەستنیشان کردنێ باوکێك بە ســەرۆکی ئەنجوومــەن تابێتــە ئەڵقــەی پەیوەندی نێوان دایکان و باوکان لەلایەك و مامۆستا و قوتابخانە لەلایەکی تر.

ئەوجا دەبێتە هات و باتی چوکولیات و شیرینی بەشینەوە بەسەر ئامادەبوواندا، خــۆ ئەگــەر بەڕێوەبــەرێك یــا مامۆســتایانی قوتابخانەیــەك — بەدەگمــەن — تــەزووی جووڵەیەکیان تێدابێ، ئەوا سروودێك ، چەند گۆرانیەك، یا تابلۆی هەڵپەرکێیەك پێش وەخت ئامادە دەکەن و قوتابییان پێشکەشی دەکەن ... دەنا لەوە بترازێ ئاوێ بێنــەو دەستان بشۆ .

شتێکی لە هەمووی سەیرتر کە لە پەراوێزی ئەم جۆرەکۆبوونەوانەدا گوێ بیست دەبین و ئەنجام دەدرێن، ئەوەیە، کە دایکێك یا چەند دایکێك هـەواڵی منداڵەکـەیانیان لـە مامۆستای وانەکانی پرسیوە، زۆر بەناز و خۆبادانێکەوە — کە زۆرجار بۆ خۆم ئاگـام لێبووە - بە دایکەکەی گوتووە ، منداڵەکەت زۆر تەمبەڵە و هیچ نازانێ، دەبـێ لـە ماڵەوە سەعی پێ بکەن و هەوڵی لەگەڵ بدەن فێری کەن، زۆریـش پـیس و پـۆخڵ و چڵکنە سەری پڕ لە ڕشك و ئەسـپێیە و ئەوانیدیشـی ئەسـپێواوی کـردووە، جـا وەرە ژنەکە لەناو ئەو حەشیمەتەی گوێت لەو قسە پەروەردەییيانەی مامۆستای ئاوا بێ جا کاتێ کە بەڕێوەبەر کۆتایی بـە کۆبوونەوەکـە هێنـا بـەر لـەوەی بڵاوەبکـەن داوا لـە کەسوکاری قوتابییـان دەکـا بـەردەوام هاوکـاری قوتابخانـە و مامۆسـتایان بکـەن و سەردانیان بکەن و لە گیرو گرفتی منداڵەکانیان لە ماڵەوە ئاگاداریـان بکەنـەوە، تـا بەکۆمەکی هەردوو لا بتوانن ئاستی زانستی و خوو و خدەو ڕەوشـتیان بەرزکەنـەوە و بتوانن بیانکەنە مرۆڤێکی بەکەڵکی دوارۆژ ... کە بە داخەوە ئەم هەموو قسانە هەر دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە دەبنە بڵقی سەر ئاو .

جالێرەوە هەر بۆ بەرجەستەکردنی جیاوازیی کۆبوونەوەکانی ماڵ و قوتابخانە، لە نێوان ئەوەی ئێمەو ئەوەی لە وڵاتانی خوا پێداو وپێشکەوتوودا هەیە، دەمانـەوێ هـەروەك کورتە باسێکیش بێ بەبێ ناو هێنانی هیچ ولاتێك هەندێ لایەنی کۆبوونەوەکانی ماڵ و قوتابخانەی هەندەران، بخەینە بەر دیدی خوێنەران بەگشتی و بەردەمی مامۆسـتایان و بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیاران و پەیوەندیدارانی لای خۆمان، بەڵکە ئـێ ئـەوە خوایـە وردە دەمارێکی بەزەیی هاتنەوە بەخۆماندا بجووڵێ و ئێمەش ئەگەر وەك چـاولێکەری و لاسایی کردنەوەش بێ، شتێك فێربین و دڵسۆزانە بەرەوپیری تێکڕایـی گۆڕانکارییـە

بنەڕەتییەکان بچین ... خۆ ئێمەش هیچمان لە کەس کەمترنیە بیرکردنەوەی چاك و ئیش کردنی دڵسۆزانە نەبێ .

ڕەنگە ئەو پەیوەندییەی نێوان ماڵ و قوتابخانە کە ئێمە ناومان ناوە (کۆبوونەوەی دایك وباوك و مامۆستایان) لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان — لەگەڵ سیستەمی جیاوازی پەروەردەو فێرکردنیان — زیاتر ستایلێکی بانگ هێشتن و داوەتانەی پێوە دیاربێ ، چونکە هەموو کۆبوونەوەکانییان دەستەجەمعی نین، بەڵکە بەشێوەی تاکە خێزانی کە بریتییە لە دایك و باوکی قوتابی دەبینرێن و گفتوگۆ دەکەن و هەرگیرو گرفتێکیان لەلایەنی منداڵەکەوە هاتبێتە پێش، جا چ لە ماڵەوەبێ یا لە قوتابخانە ئەوە هەردوولا دادەنیشن و گیرو گرفتەکان تاوتوێ دەکەن و دەگەنە ئەو سەرەنجامەی کە دەیانهەوێ .. ستایلی ئەو بانگ هێشتنە یا ئەو چاو پێکەوتنە یا ئەو کۆبوونەوەیە بەم شێوەیە دەکەن کە :

سەرەتا کات و شوێن و ڕۆژ بۆ هەر خێزانێك — دایك و باوك -ی هەر قوتابییەك دیاری دەکرێت و بەکارتێکی داوەتنامە ئاگادار دەکرێنەوە، کە ئەمەی خوارەوەش نموونەی یەکێك لەو کارتی بانگ هێشتنانەیە :

(ئەگەر حەز دەکەن ئاستی کوڕ یا کچەکانتان بە شێوەیەکی گشتی لە قوتابخانە دا بزانن و لەم بارەیەشەوە بتانەوێ گوێ لە ڕاو بۆ چوون و تیبینیەکانی ئێمە ڕاگرن ، تکا دەکەین لە کاتژمێر ... . ی ئێوارەی ئەمڕۆی ڕۆژی ... ئامادەبن .)

ئینجا هەر بەم جۆرە کارتی جیاجیا بۆ چەندین خێزانی دیکەش دەنێردرێ و هەریەکەیان لەکات و ساتی دیاریکراوی خۆیاندا چاو پێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێت. ئەوەی جێی سەرنجیشە دەبێ دایك و باب پێکەوە هەردووکیان لەو چاو پێکەوتنانەدا ئامادەبن و هەرگیز یەکێکیان بە تەنیا قبوڵ ناکرێ ، لایەنێکی پۆزەتیڤی ئەو

کۆبوونەوانەش ئەوەیە کە هیچ خێزانێك ئاگای لە کۆبوونەوە و گفتوگـۆ وگیروگرفتـی منداڵی خێزانێکی دیکە نیە.

جگە لەو کۆبوونەوەیەی کە باسمان کـرد، چـەند کۆبوونەوەیـەکی دیکـەش هـەن کـە هەریەکەیان ئامانج و مەبەستێکی تایبـەتی خۆیانیـان هەیـە، هەمووشـی هـەر بـە سوودی پرۆسە پەروەردەیی و فێرکردنەکە تەواو دەبێت و، وەك بنەمایەك فەلسەفەی پەروەردەی دەوڵەت یەك دەخات ... نموونەی ئەو کۆبوونەوانەش ئەمانەی خوارەوەن :

١- کۆبوونەوەی دەستپێکی سەری ساڵی تازەی خوێندن کە پێـی دەڵـێن (کۆبوونـەوە یان ئاهەنگی یەکتر ناسین) کە هەر لە ناوەکەیەوە ئامانج و مەبەسـتەکەی دیـارە ... لەسەرەتای هەموو ساڵێکدا ئـەم کۆبوونەوانـە بـۆ یـەکتر ناسـینی دایـك و باوکـانی قوتابییـان لەلایـەن قوتابخانـەوە رێـك دەخـرێ، تـەنیا و تـەنیا هـەر بـۆ مەبەسـتی یەکترناسینی دایك وباوکانی قوتابییەکان لە ناوخۆیاندا، کە لەو دیدارەشـدا هـەرگیز باس لە هیچ گیرو گرفت و تێگیراوی و تەنگوچەڵەمەیەکی ناوەوە و دەرەوەی قوتابخانە و قوتابی ناکرێ، تەنیا بۆ بەسەر بردنی کات و ساتێکی ئارام و قسەی خۆش و چاك و چۆنی و هەواڵی یەکتر پرسین و تۆخـۆش و مـن خۆشـییە. ئـەوەی جێـی سەرنجیشـە قوتابییان خۆیان تەوەری سەرەکی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ئەم کۆبوونەوەیەن، هـەر لـە پێشوازی کردن و ئاو و شیرینی گێڕان و بەخێرهێنان و بەڕێ کردنەوەی میوانەکانـدا، ئەمە جگە لەوەش کە قوتابییەکان بە یارمەتی و کۆمەکی مامۆستایان ئەو ئەرکانـە بە کۆتا دێنن. گرنگی ئەم کۆبوونەوانەش جگە لەیەکتر ناسین و پێکتر ئاشنا بـوونیش دایك و باوکی قوتابی دڵنیا دەکاتەوە لە منداڵەکـەی کـە هاوبەشـی راسـتەوخۆ لـە چالاکییەکانی قوتابخانەدا دەکات .

٢- کۆبوونەوەو دیدارێکی دیکەشیان هەیە کە بریتییە لەوەی خوارەوە :

کاتێ کە قوتابخانــە ســات و کــاتی ڕۆژی کۆبوونــەوە دیــاری دەکــات و کەســوکاری قوتابییان ئاگاداردەکرێنەوەو ئەوانیش بەدەنگ داوای قوتابخانەوە دێن ، بەڕێوەبــەری قوتابخانە قسەی خۆی دەکات و مەبەستی بانگهێشتنەکە روون دەکاتەوە ، ئەو ئــاو و شیرینی و ساردەمەنیانە دابەش دەکرێن و پشوویەك دەدەن . ئــەوجا دایــك و بــاوکی قوتابییان دەبەنە ئەو پۆلانەی کە مندالّەکانیانی لێیە ، و زۆر شتی گرنگییــان پــێش چاو دەکەوێ کە دلّیان پێی خۆش دەبێ وەك ئەوەی کە : ڕابەری پەروەردەیی بەتەنیا و بێ بەڕێوەبەر و مامۆستایان . دەوکاتەیدا قوتابییەکان بە هێمنی و ئارامییــەکی بــێ ژاوە ژاو هەلّدەستن و بەناو یەکەیەکەی هــەموو دایــك و باوکەکانــدا دەســووڕینەوە و دەگەڕێن و خۆیان بە دایك و باوکــەکانی تــر دەناســێنن . و ئــەو بابــەت و باســانەی خوێندووشیانە هەمووی بە دایك و باوکــەکان دەلّــێن و چــالاکییەکانی نواندووشــیانە ئەوانیشیان دەخەنە بەرچاو و لێیــان ئاگــادار دەکەنــەوە و هــەموو ئــەو بەربەســت و گیروگرفتانەی کە هاتۆتە بەردەمیشیان و چۆناو چۆنیان روو بەروو بوونەتەوە و چۆنیان چارەسەر بۆ دۆزیونەوەو نەیانهێشتوون ئەمانەشیان هەموو لــەلا یــەکالاّ دەکەنــەوە و ئەوەشیان بۆ ئاماژە دەکەن کە هەریەکە یان دەیهەوێ چۆناو چۆن و بە چ ڕێگایــەك ئەو بەربەست و گیروگرفتانەیان لادەن و چارەسەریان بکەن و نەیانهێلّن .

دوابە دوای هەموو ئەم شتانە دەســتدەکەن بــە دابەشــکردنی فــۆرمی تایبــەت بــەم کۆبوونەوەیە بەسەر دایك و باوکاندا بۆ ئەوەی ئەوانیش باری سەرنج و تێ بینی و ڕاو بۆ چوونی خۆیان و پێشنیارەکانیانی تێدا تۆماربکەن .

جاوەك دەلّێن : مشتێك نموونەی خەرواریکە، لێرەدا لە هێنانەوەی چەندین و چــەندان جۆر و ستایلی کۆبوونەوەی دیش کە هەن مرۆڤ لە چاو ئەوانــەی خۆمانــدا ســەری لێ سوڕ دەمێنێ ... بەلاّم ئەوەی سەرەنجامی ئەم بابەتە دەیخاتە بەرچاو تەنیا هــەر ئــەو

جیاوازییانەی ئێمە و هەندەرانە لە پراکتیزە کردنی ئەم جۆرە کۆبوونەوانــەو رەنــگ و رواژاو دیموکراتیزە کردنی کۆبوونەوەکانی هەنــدەران و کرانەوەیانــە بــە رووی دایــك و باوك و قوتابی و قوتابخانەدا و ئاشکراکردنی داخراوی و بێ دەرەنجامی و سەرەنجامی کۆبوونەوەکانی لای خۆمانە ...

خۆزیا ئێمــەش وەك میللــەتانی پێشــکەوتووی دنیایــە بــە زوویــەکی زوو دەهاتینــە ریزێ. ♥

♥تێبینی/ نموونەی ئەو دوو کۆبوونەوانەی هەندەرانیش ولاتی هۆلەندەیە .

سەرچاوەکان /

١- مدارسنا و مدارسهم وسبل الاستفادة من تجاربهم (دراسة موضوعية- تحليلية - مقارنـة) رشيد كريم خان عقراوي / ٢٠٠٨ دهوك

٢- المنهج بين النظرية و التطبيق / د . راتب قاسم عاشور / ٢٠٠٤ - عمان

٣- ئەزموونی گەلان لە بواری پەروەردەو فێرکردن / ئەحمەد قرنی / ٢٠٠٣ - هەولێر

٤- پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ/ نووسینی - مکارنکو / وەرگێرانــی :- مســتەفا غــەفور / ٢٠٠٦ - هەولێر

٥- چەندین بابەتی هەمەجۆری پەروەردەیی لە رۆژنامەی خەباتی بەرێزدا . بە دووبــەش لــە رۆژنامەی خەبات دا بڵاوکراوەتەوە

- ژمارە (٣١٧٤) بەرواری ٢٠٠٩/٥/١٧

- ژمارە (٣١٧٨) بەرواری ٢٠٠٩/٥/٢١

چۆنیەتی ڕێکخستنی خشتەی وانەکانی هەفتە لەناو قوتابخانەدا

ن/ شواریێ

بێگومـان بـەر لەهـەموو شـتێ دانـانی خشـتەی وانـەکان تەوەرەیەکـە بـۆ هـەموو چالاکییەکان و ئیشو کارەکانی ناو قوتابخانە. هەموو ئەندامانی ناو قوتابخانە لەدەوری دەخولێنەوە. خشتەی وانەکانی هەفتە ڕێـك خشـتەیەکە بـۆ کردارەکـانی پـەروەردەو فێرکردن کە بەو هۆیەوە هەر مامۆستایەك و قوتابییەك ئەو کارەی پێ ڕاسـپێردراوە، دەیزانێ، واتە کورتەیەکە لەئیش و کارەکان و چـالاکییەکانی قوتابخانـەو گونجانیشـە بەشێوەیەکی چـاك بـۆ جێبـەجێکردنی ئامانجـەکانی پرۆسـەی فێربـوون و فێرکردنـی پەروەردەیی.

جا بۆیە پێش ئامادەکردنی خشتەی وانەکان پێویستە بەڕێوەبەری هـەر قوتابخانەیـەك لەگەڵ مامۆسـتاکانی کۆبێتـەوە بـۆ دابەشـکردنی چـالاکییەکان و وانـەکان بەسـەر ئەندامانی ناو قوتابخانەو هەر کەسەو بەگوێرەی پسـپۆری و توانـای خـۆی وانـەکانی بەسەردا دابەش بکات.

لێرەدا پێویستە بەڕێوەبەر ڕەچاوی سیستەمی قوتابخانەی بنەڕەتییـەکان بکـات، بـۆ بەشی هەریەکە لەمامۆستایان و یاریدەدەر و بەڕێوەبەر بـۆ وانـەکان. پێویسـتە بـەر لەدانانی خشـتەی وانـەکان ڕای مامۆسـتایانی وەربگـرێ و ئاگـاداری مامۆسـتایان

بکاتەوە پـێش بـەکارهێنانی، بـۆ ئـەوەی داخـوازی و ئارەزووەکـانی مامۆسـتایانی جێبەجێ بکات و هەریەکە بە پێی پسپۆری و شارەزایی خۆی، نـەك بـۆ مامۆسـتای وانەی هونەری، وانەی ئینگلیزی بۆ دابنێ، ئەم ڕەفتارە بـە حەقیقـەت دەبێتـە هـۆی دواکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن. بە مـەرجێکیش جێبـەجێکردنی ئـارەزووی مامۆستایان نەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی قوتابییان. دانانی خشتەی وانـەکان پێویستی بە شارەزایی و بەهرەیـەکی تایبـەتی هەیـە. هـەروەها دانـانی خشـتە لـە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر دەگۆڕێت، بە تایبـەتی لـەو قوتابخانـەی کـەمی میلاکی مامۆستاو ژمارەی قوتابییانی زۆرە، ئەوا دانانی خشـتەی وانـەکان قورسـتر دەبـێ، هـەروەها کـەمی پێداویسـتییەکانی قوتابخانـە و شـوێن، بۆیـە قوتابخانـەی دێهاتەکانیش دووچاری گەلێك گیروگرفت دەبن لەبەر کەمی مامۆستاو کەمی ژمارەی قوتابییان لەیەك پۆلدا، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆی فێرکردنی زیاتر لە یەك پۆل لەیەك ژووردا لەهەمان کاتدا لە لایەن یەك مامۆستاوەش .

جا بۆیەلەکاتی ڕێکخسـتن ودانـانی خشـتەدا پێویسـتە بەڕێوەبـەر و یاریدەدەرەکـەی ڕەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکەن، بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵ بدەین پرۆسەی پـەروەردە و فێرکردن بە شێوازێکی ڕێك و پێك جێبەجێ بکرێت :

١- پێویستە کاتی وانەکان و پشووی نێوان وانەکان بە گوێرەی وەرزەکانی ساڵ دیاری بکرێت، چونکە کاتی وانەکان کەم و زیاد دەکرێ بـە گـوێرەی کـورت و درێـژی ڕۆژ، هەروەها بە گوێرەی قوتابخانەی یەك دەوام ، دوو دەوام ، سێ دەوام .

٢- دانانی وانەی بەڕێوەبەر دەبێ بەشێوەیەك بێت کە کار لـە کـار و چـالاکییەکانی بەڕێوەبەر لە قوتابخانەدا نـەکات، هـەروەها پێویسـتە وانـەی یەکـەم و کۆتـایی بـۆ بەڕێوەبەر دانەنرێت. لەبەر چـاودێریکردن و زانـینی مامۆسـتا نـەهاتووەکان یـاخود

دواکەوتووەکان، هەروەها قوتابییە نەهاتووەکان و چاوپێکەوتنی میوانانی قوتابخانە لە باوکی قوتابییان و .....هتد.

٣- لە هەموو خاڵەکان گرنگتر ئەوەیە دانانی خشتە پێش ئەوەی دەوام دەست پێبکات بە ماوەیەکی کەم بۆ ئەوەی مامۆستایان و قوتابییان ئاگادار بکرێنەوە و لەیەکەم ڕۆژەوە دەست بە دەوام بکەن. لەوانەیە هەندێ لە بەڕێوەبەرەکان پێچەوانەی ئەم ڕایە بن و بڵێن میلاکی قوتابخانەیان تەواو نییە، ناتوانین ئەمە جێبەجێ بکەین . ئەمەش تا ڕاددەیەك ڕاستە، بەڵام بەداخەوە زۆرجاردەبینین ئەو قوتابخانەی میلاکیشی تەواوە، کەچی مانگی یەکەم و مانگی دووەم دەڕوات خشتەی وانەکان ڕێك نەخراوە و بەردەوام گۆڕانکاری بەسەر دادێت، ئەمەش کاردانەوەیەکی خراپی لەسەر باری دەروونی مامۆستایان و قوتابییان دەبێت .

٤- پاش ئامادەکردنی خشتەی وانەکان بە حەز و ئارەزووی مامۆستایان و بەڕێوەبەر، نابێ بەهیچ شێوەیەك مامۆستایان داوای گۆڕین بکەن ، چونکە لەسەر حەز و ئارەزووی مامۆستایان خۆی دانراوە، تەنها لە کاتی زۆر پێویستدا نەبێ.

٥- پێویستە خشتەی وانەکانی هەفتە بە دوو دانە دروست بکرێ، یەکیان بۆ قوتابییان و ئەوی تریان لە ژووری مامۆستایان هەڵبواسرێ. پێویستە هەر مامۆستایەکیش خشتەی وانەکانی ئەو پۆلانەی دەیڵێتەوە لە پەڕاوی پلانەکانی دا نووسرابێتەوە تا بە تەماشاکردنی خشتەی وانەکان کات بە فیڕۆ نەدات.

٦- وا چاکە دانانی وانە هاوبەشەکانی نێوان زیاتر لە یەك پۆل، پێش وانەکانی تر دابنرێت بۆ ئەوەی بەریەککەوتن لە خشتەی وانەکاندا ڕوونەدات.

٧- دانانی ئەو وانانەی کە پێویستیان بە ماندوو بوونێکی هۆشی هەیە، وەکو بیرکاری و زانست و ئینگلیزی و کوردی دەبێ لە وانەکانی یەکەم دابنرێن .

٨- ئەو وانانەی کە پێویستیان بە هۆیەکانی ڕوونکردنەوە هەیە، پێویستە پاش ئەو پشووانە دابنرێن کە درێژن بۆ ئەوەی مامۆستاکان توانای خۆ ئامادەکردنیان هەبێ.

٩- دانانی وانە گرنگەکان لە ڕۆژانی یەکەمی هەفتەدا وەکو شەممە، یەك شەممە، و دووشەممە، چونکە سەرەتای هەفتەیە و دوای پشووی هەفتەیە و بۆیە چالاکی قوتابییان زیاترە.

١٠- دانانی وانەکانی چالاکی وەکو (سروود ـ وەرزش ـ هونەر) لە وانەکانی سێیەم و چوارەم، بەڵام هەندێ لە بەڕێوەبەرەکان ڕایان وایە لە کۆتایی وانەکان دابنرێ. لێرەدا قوتابی دووچاری بێزاری دەبێ.

١١ـ دەبێ ڕەچاوی ئەو دوو پۆلە بکرێت کە لەیەك نزیکن یان بەرامبەر یەکن، نابێ بۆ پۆلێك وانەی بیرکاری دابنرێ و بۆ پۆلەکەی تر وانەی سروود دابنرێ، چونکە کار لە یەکتری دەکەن.

١٢- نابێ دوو وانەی یەك بابەتی یەك پۆل وەکو زانست، لە یەك ڕۆژدا دووبارە دابنرێتەوە، بەڵکو پێویستە ماوەی هەبێ تاوەکو قوتابییان توانای خۆ ئامادەکردنی ئەرکیماڵەوەیان هەبێ.

١٣- هەندێ جار لە قوتابخانەی لادێیەکاندا وا پێویست دەکات دوو پۆل یان زیاتر لەیەك ژووردا بخوێنن و لە لایەن یەك مامۆستاوە، بۆیە پێویستە بۆ یەکێکیان وانەی زارەکی دابنرێ و بۆ پۆلەکەی تریان وانەی کرداری، یان نووسینەوە دابنرێ بۆ ئەوەی کار لەیەك نەکەن. *

---

* لە گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ژمارە (٤٧) ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە .

با ئێمەش کاژێك باوێین

ن/ شوارێ

لە چوارچێوەی چالاکی و چاکسازییەکانی وەزارەتی پەروەردەی هـەرێمی کوردسـتاندا زۆر بە روونی و بەرچاو، ئەوە دەخوێندرێتەوە کـە زۆر چـا پـووك و ئازایانـە، چـاکی مەردایەتیان لێ کردووە بەلادا بۆ گۆڕین و لابردنی ئەو سیستەمە کۆنەی پـەروەردەو فێرکردن و هێنان و لەبەرچاوگرتنی سیستەمێکی نوێی سـەردەمیانەی ئـەو تـۆ، کـە دەگەڵ رەوت و رێبازو شێوازی ژیانی سـەردەمیانەی ئـەمرۆ وئاینـدەی سـبەی رۆژی دوورو نزیکـدا بگـونجێ ... ئـەم بـۆ چـوون و تیخوێندنەوانـەش هانیـان دام، وەك مامۆسـتایەك کـەمو زۆر دەسـتی هـەوڵی هاوبەشـی وپشـتگیری و بەدواداچـوون و

دەوڵەمەنــد كــردن لــەو بەرنامــەی كارانــەدا تێكــەڵ بــەكاروانی هــەوڵ و تەقەللایــە نەپساوەكانی ئەم بوارە بكەم، منــیش هاوبەشــیەكی خاكــە ڕایانــەم هــەبێت و بێمــە ناوگۆڕەپانەكەوە، بۆیە من لێرەوە لە بواری ئەوەنــدە پســپۆرییەی خۆمــەوە لەوانــەی بیركاریدا شەن وكەوی چەند لایەنێكی ئەم سیستەمە دەگەڵ ئەوەی كۆندا بكەم و رەش وسپییان لێك هەلاوێرم كەلەو چەندین خالآنەدا لە (وانەی بیركاریدا) چڕبوونەتەوە.

١- (پــەرتووكی بیركــاری بۆهــەمووان) بــەر لەهەمووشــتێك ئەوەیــە كــە ســەرنجی مامۆستاو قوتابی وەكو یەك بۆلای خــۆی رادەكێشــێ . كــە ئەمــەش دەبێتــە هــۆی وروژانی حەزو ئارەزووی مامۆستایان وقوتابییان بەرەو لای بابەتەكە.

٢- لە سیستەمە نوێیەكەی بیركاریدا، مامۆستا دەزانێ ئامــانج لــە ووتنــەوەی ئــەو بابەتەی دەیلێتەوە چیە .

٣- (پەرتووكی بیركاری بۆهەمووان) وا لــە مامۆســتا دەكــات، كــە ســەركردەو رێ نیشاندەرو ڕابەربێت و قوتابیش تەوەری سەرەكی.

٤- (پەرتووكی بیركاری بۆ هەمووان) والە مامۆستا دەكــات كــە زانیارییــەكانی بــە شێوازێكی راست و ڕەوان و بێ گــرێ بگەیەنێتــە قوتــابی، لــە كاتێكــدا سیســتەمە كۆنەكە مامۆستای تووشی هەزار گرێ وگۆڵ و دڵە ڕاوكێ دەكرد.

٥- (پەرتووكی بیركاری بۆ هەمووان) والە مامۆستایان دەكات كــە هــەر هــەموویان بەیەك رێ و یەك شێواز و لەسەر یەك تەوەر، وانــەی بیركــاری بڵێنــەوە و نــاوەرۆكی بابەتەكەش وەكو یەك بگەیەننە هزرو بیری قوتابییان. كە لــە سیســتەمە كۆنەكــەدا هەر مامۆستایەك بەڕێگاو شێوازی خۆی و دوور لە تــەوەرێكی دیــاریكراو و چــۆنی ئارەزووبوایە و بۆی لوابا، ئاوا وانەكەی دەگوتەوە. ئەو دەمی قوتابی هەر قوتابخانــەو مامۆســتایەكی بیركــاری دەگــەڵ ئــی قوتابخانەیــەكی تــردا شــێوازی فێركــردن و

فێربوونەکەیان دەگۆڕا ... بەڵام سیستەمە نوێیەکە ڕەگی ئەم گیروگرفتەی بڕیوەو وشکی کردووە .

٦- لەم سیستەمە نوێیەی بیرکاریدا پڕۆگرامەکەی چارەسەری کاتی کردووە ... بەشێوەیەك والە مامۆستا دەکات کە بەگوێرەی کاتی بەرنامەکە کتێبەکە— پەرتووك— ەکە تەواو بکات، نەك هەر مامۆستایەو لەکاتی جیاواز جیاوازدا بەرنامەکەی بەکۆتابێنێ، یا تەواوی نەکات...

٧- لە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا ناوەرۆکی پەرتووك و چۆنیەتی دابەشکردنی هەربەشێك بەسەر بەشەکاندا و چۆنیەتی دابەشکردنەوەی بەشەکانیش بەسەر وانەکاندا و چۆنیەتی روونکردنەوەی هەربابەتێکی، تێکڕا لەسەر شێوازێکی زانستیانەی ڕوون دارێژراوە.

٨- لە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا، مامۆستاو قوتابی ئارەزوویان بۆ بابەتەکان زیاد دەبێت ئەم لایەنەش لەپرۆسەی فێرکردن وفێربووندا زۆر گرنکە، چونکە ئەگەر هاتو ئەم ئارەزووە چ لای مامۆستا یا قوتابی نەما یا نەبوو، ئیدی ئەوە کرداری فێرکردن و فێربوونەکەش لەجێی خۆی رادەوەستێت و چەق دەبەستێ .

٩- (پەرتووکی بیرکاری بۆ هەمووان) زانیاری جۆراو جۆری تێدایەو وا لەمامۆستا دەکات کە بەناچاری — ئەگەر پێشی خۆش نەبێ - هەر بەدوای زانیارییەکاندا بچێت و زیاتر بخوێنێتەوە وپەرە بە زانیاری و فێربوونەکانی زیاتری خۆشی بدات.

١٠- سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری یارمەتی مامۆستای بابەتەکان (وانەکان) ی تریش دەدات، وەك بابەتی جوگرافیاو مێژوو و زانست و دەبێتە هۆیەك بۆ زیاد کردن و وەسەریەك نانی زۆرێك لە زانیارییەکان و باشتریش دەوروبەرو ئەوشتانەی لەو دەوروبەرەشدا هەیە بەقوتابی ئاشنا بکا.

١١- ئەوەی بە سیستەمە نوێیەکەش فێربکرێ دەبێتە مرۆڤێکی زۆر رۆشنبیرترو وای لێدێ دەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا بەئاسانی هەنگاوبنێ.

١٢- سیستەمە نوێیەکە مامۆستا فێری پلان و نەخشە دانانێکی زانستیانە دەکات، کە بەداخەوە تا ئێستاش ئێمەی مامۆستا لەم بـوارەدا زۆر کلـۆڵین، بۆیـە هەمیشـە مامۆستا لە پلان و نەخشەی رۆژانەو مانگانەو ساڵانەیدا خۆی دوورە پەرێز دەگرێت و خۆی لێ دەدزێتەوە .

١٣- سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری رێگاکانی فێرکردن فێری مامۆسـتا دەکـات کـە چۆن و بەچ شێوازێکی جۆراو جۆر و زانستیانەتر وانە بڵێتەوە .

١٤- لـە سیسـتەمە کۆنەکـەی بیرکاریـدا مامۆسـتا (رێبـەر) ی نـەبوو، بـەڵام لـە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا، نەك هەر (رێبەری مامۆستا)، (پەرتووکی مامۆستا) و (پەرتووکی هەڵسەنگاندن) و (پەرتووکی دووبارە فێرکردن) و (پەرتووکی بەرەنگار) یشی هەیە، کە ئەمانەی هەموو کاتێك وەك هۆو ئامرازێکی زانستی بەدەستەوەیە تا پەرە بە تواناکانی خۆی و پرۆسەی فێرکردنی راست و زانستیانە بدات .

١٥- لە سیستەمە نوێیەکـەی بیرکاریـدا (پـەرتووکی مامۆسـتا) کـاتێکی زۆر بـۆ مامۆستا کەم دەکاتەوە و زۆر بە باشیش ئامانجی بابەتەکە بەدەستەوە دەدات ... لـە سیستەمە کۆنەکەدا ئەگەر (رێبەری مامۆستا)هەشـبووبێ هـەر بـە نـەبوو دانـراوە، چونکە یەکەم کتێبەکە بە زمانی عەرەبی بووە و مامۆستای کورد لەبـەر زمانەکـەی سوودی لێ نەدیوە، دووەمیش ئاماژەی لاپەڕەی رێبەرە عەربیەکەی مامۆستا دەگـەڵ لاپەڕەکانی (پەرتووکی قوتابی) دا جوور نەهاتۆتەوە و بۆتە مایەی ئاڵۆزی و پشتگوێ خستنی لەلایەن مامۆستاوە.

١٦- سيستەمە نوێیەکەی بیرکاری وا لە مامۆستا دەکات ڕۆژانە شارەزای یەك یەکی ئاستی زانستی قوتابیـەکانی و فێربوونیـان بێـت، کـە ئـەم شـێوازە لـە سیسـتەمە کۆنەکەدا نەبوو و نیە.

١٧- سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری یارمەتی مامۆستا دەدات پلانـی بـەلاوە گـرنگ بێت و گرینگیشی پێبدات .

١٨- سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری مامۆستا فێری چۆنیەتی پلان دانان دەکات، تـا بەرێکی و ڕاستی و دروستی وانە بلێتەوە.

١٩- سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری زانیارییەکانی مامۆستاو قوتـابی زیـاتر دەکـات لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

٢٠- سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری وا لە مامۆستا دەکات هانا بۆ ئەم و ئەو نـەبات لە شیکار کردنی هیچ پرسیارێکدا، چونکە هـەموو پرسـیارەکان وەڵامـی خۆیـان دە (پەرتووکی مامۆستا) دا هەیە. جگە لەوەش - مامۆستای وانەکانی تریش بـۆ لای خۆی پەلکێش دەکات تا بیرکاری بکەنە هـەوێنی وتنـەوەی بابەتـەکانیان — چـونکە بیرکاری هەوێنی هەرچی بابەتێکی وردو درشتی ژیانە .

٢١- سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری جگە لەوەی کە چالاکی مامۆستا زیاتر دەکات لە پۆلدا، قوتابییەکانیش والێدەکات بە هەڵپەوە بەرەو پیری فێربوونی ئەو بابەتەوە بچن کە مامۆستا دەیهەوێ فێریان بکات.

٢٢- سیسـتەمە نوێیەکـەی بیرکـاری مامۆسـتا هانـدەدات و ناچاریشـی دەکـات هۆیەکانی فێرکردن بەکاربێنێ .

٢٣- سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری، هانی مامۆستایان دەدات ئارەزووی ووتنەوەی وانەی بیرکاریان زیاتر بێت، بە پێچەوانەی سیستەمە کۆنەکەوە، کە تا دەهات ئارەزووی ووتنەوەی بیرکاریان لەلا بەرەو نەمان دەچوو.

٢٤- سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری مامۆستا فێردەکات، هەنگاو بەهەنگاو و قۆناغ بەقۆناغ قوتابییان فێر بکات و پەرتەوازە نەبێ و بە شێوازێکی نوێ قوتابییان بگەیەنێتە ئەنجامی فێرکردنێکی سانا و زانستیانە .

٢٥- لە سیستەمە کۆنەکەی بیرکاریدا مامۆستا و قوتابی هەمیشە تووشی وەڕەزی و بێ تاقەتی دەبوون لە فێرکردن و فێربووندا، چونکە رەوشەکەی داخراو بوو، بەڵام ئێستا لەم سیستەمە نوێیەی بیرکاریدا قوتابی بەسەر جیهانێکی کراوە و تەکنۆلوژیای سەردەمدا دەڕوانێ و دەگەڵیدا ئاوێتەو دەستبەکارە.

٢٦- لە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا دۆسیەی مامۆستا هەیە، کە دەتوانێ بە هۆی ئەو دۆسییەوە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی خۆی دیاری و دەستنیشان بکات و خۆی خۆی هەڵسەنگێنێ.

٢٧- لە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا (پەرتووکی مامۆستا) واله مامۆستا دەکات کە خودی خۆی تاقیبکاتەوە و کەموکوڕییەکانی خۆی بزانێت .

٢٨- جاران لە سیستەمی کۆندا مامۆستا بێ بەرنامە وانەی دەگوتەوە، بەڵام ئێستا لە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا بەرنامەیەکی توکمەی لەبەر دەستدایە کە وانەی پێدەڵێتەوە .

٢٩- لە سیستەمە نوێیەکەدا مامۆستا فێری چۆنیەتی دانانی پرسیارەکانی ئەزموونی دەبێت بە شێوە و شێوازێکی زانستیانە.

٣٠- له سیستەمه نوێیەکەی بیرکاریدا (پەرتووکی مامۆستا) هەمووشتێکی بۆ مامۆستا روون کردۆتەوە، کە لە سیستەمه کۆنەکەدا ئەم ژێدەرە نەبوو.

٣١- پرۆگرامەکانی ئەم سیستەمە نوێیە وا لە مامۆستا دەکات، ئەگەر پسپۆری بابەتی بیرکاریش نەبێت، ببێتەپسپۆڕێکی بیرکاری زۆر چاك ... ئەمەش رێ خۆشکەرە بۆ هەر مامۆستایەك بیەوێ بیرکاری بڵێتەوە و هیچ مامۆستایەکیش ناتوانێ خۆی لە گوتنەوەی بیرکاری بدزێتەوە.

٣٢- لە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا قوتابی کۆڵکەو تەوەری سەرەکییە، بەڵام لە سیستەمە کۆنەکە دا مامۆستا تەوەری سەرەکی بوو، بۆیە قوتابی هەمیشە بێ ئاگاو وەرەزی وانەی بیرکاری و ژووری پۆلەکەی بوو.

٣٣- لەپرۆگرامی سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا چالاکی قوتابی زیاتر دەبێت، جا چ لە ناوپۆل یا لە دەرەوەی قوتابخانە و واشی لێدەکات کە بیرکارییانە بیربکاتەوە.

٣٤- سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری، پەیوەندی نێوان ماڵ و قوتابخانە توند و تۆڵ و تۆکمە و بەهێزتر دەکات.

٣٥- لەپرۆگرامی سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا، قوتابی فێری هاریکاریی و یارمەتیدان و کاری هەرەوەزی دەبێ، جا چ لە ناو قوتابخانە و چ لە دەرەوەی قوتابخانە.

٣٦- سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری وا لە قوتابی دەکات هەست بە کەسایەتی خۆی بکا و لەکاتی شیکارکردنی پرسیارەکاندا باوەڕو متمانەی بەخۆی بێت. بەپێچەوانەی سیستەمە کۆنەکەوە .

٣٧- لە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا، قوتابی دەتوانێ بۆشایی ئەو خولیایانەی پڕبکاتەوە، کە لەناخیدا دروست ببوون.

٣٨- پرۆگرامی سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری وا لە قوتابی دەکات کە بەپلان ئەزموون بکات ، واتا لە (پەرتووکی هەڵسەنگاندن)دا روونی کردۆتەوە چەند جۆرە ڕێگاو شێوازی جۆراو جۆر هەیە تا قوتابی پێ هەڵبسەنگێنین ..بۆیە قوتابیش فێردەبێ بەپلان ئەزموون بکات . چونکە ئەو شێوازەش لە سیستەمە کۆنەکەدا نەبوو، بۆیە هەمیشە قوتابی لەئەزموون کردنێ دەترسا .

٣٩- ئەم سیستەمە نوێیەی بیرکاری دەرفەتی زیاتر بە قوتابییان دەدات، تا ئاستی تواناو فێربوونیان هەرچۆنێکە و لەچ ئاستێکدابێ هەڵبسەنگێنن.

٤٠- لەپرۆگرامی سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا، بیرو هزری قوتابییان زیاتر دەکرێتەوە و زانیارییەکان لەنێوان مامۆستاو قوتابییاندا بەرجەستەتر ئاڵوگۆڕ دەبن.

٤١- پرۆگرامی سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری وا لە قوتابییان دەکات کەوا پرسیار لەهزری خۆیاندا دروستکەن و بیری لێ بکەنەوەو چۆن چۆنی شیکاری بکەن.

٤٢- لەپرۆگرامی سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا ئارەزوو و حەزی قوتابییان بۆ هونەر زیاد دەکات و فێری وێنەکێشانیش دەبن. چونکە لە زۆر شوێنی بەرنامەی کارو پرۆگرامەکەیدا داوای وێنەکێشانی لە قوتابییان تێدایە.

٤٣- لەپرۆگرامی سیستەمە کۆنەکەی بیرکاریدا، قوتابی هەمیشە خۆی لە مامۆستای بیرکاری دوورە پەرێز دەگرت و هەرگیز حەزیشی بەچارەی نەدەکرد، بەلام لەم سیستەمە نوێیەدا قوتابی هەوڵ دەدا مامۆستای بیرکاری خۆش بووێت و لێی نزیك بێتەوە.

٤٤- لە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا هانی قوتابییە زیرەکەکان دەدات زیاتر هەوڵ بدەن و زیاتر بەرەوپێشترەوە بچن و هەروەهاش قوتابییە ئاست لاوازەکانیش دەخاتە جموجووڵەوە تا بەرەو پێشتر بچن.

٤٥- پڕۆگرامی سیستەمە نوێیەکە هەوڵ دەدات قوتـابیی لاواز نـەمێنێ، تەنانـەت (پەرتووکی دووبارە فێرکردن) هەر بۆ ئەوە دانراوە تا ئەوانیش بەلاوازی نەمێننەوە.

٤٦- پڕۆگرامی سیستەمە نوێیەکەی بیرکـاری قوتـابی ئاگـادار دەکاتـەوە لـە هـەر هەڵەیەك کە دێتە پێشی. زۆرجاریش ڕێنمایی قوتابی دەکات کە تووشی هەڵە نەبێت، لە کاتێکدا ئەم شێوازە لە سیستەمە کۆنەکەدا نەبوو.

٤٧- هـەر لاپەڕەیـەك لەلاپـەڕەکانی پـەرتووکی سیسـتەمە نوێیەکـەی بیرکـاری، تاقیکردنەوەیەکی بچکۆلەی قوتابییانە .

٤٨- لەپڕۆگرامی سیسـتەمە نوێیەکـەی بیرکاریـدا سـەرنجی کەسـوکاری قوتابییـان رادەکێشی بۆ ئەوەی لەماڵەوە لەگەڵ منداڵەکانیاندا خەریك بن، بەهۆی ئـەو هـەموو شەوق وزەوقەی کەتێیدایە، بەتایبەتی لە (پەرتووکی بیرکاری بـۆ هـەمووان) دا کـە سەرنجی تێکڕای کەسوکاری قوتـابی و خـودی قوتـابی و مامۆسـتاش بـەلای خۆیـدا رادەکێشێ، وایان لێدەکات سەیری بکەن و بیخوێننەوە .

٤٩- لە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا تـەواوی ئـەو هـۆ و وێنـە روونکردنەوانـەی تێدایە کـە لەگـەڵ ژینگـەی قوتابییەکانـدا دەگونجێـت و شـتەکانیش لەدەوروبـەری قوتابییاندا وە دەست دەکەون و قوتابیش فێردەکات، تا لەکاتی خوێندنی وانـەکانی بیرکاریدا، چۆن سوود لەو هۆیانەی فێرکردن وەرگرێت کە لە دەوروبەرەیدا هەن.

٥٠- لەپڕۆگرامی سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا، حیسابی تێکڕای هەموو وانەکانی بیرکاری و دابەشکردنی کراوە کە لەماوەی ساڵێکدا دەخوێندرێت.

٥١- لە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریـدا بیرۆکـەکان بەشـێوەیەکی نزیـك لـە هـزری منداڵانەوە و بەگوێرەی ئاستی تەمەنی هەر قۆناغێکیان دارێژراون، تا وایان لێ بکـا هەست بەبێزاری و وەڕەز بوون نەکەن لەکاتی خوێندن لە پۆلەکاندا.

٥٢- لەپڕۆگرامی سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا، بیرۆکەی ناو بابەتەکانی هەروانەیەك، زنجیرە بیرۆکەیەك بەدوا یەکدا هاتوون، کەوا لە قوتابی دەکات بیربکاتەوە و بەدواداچوونی هەبێت.

لە کۆتاییدا بە خاکە ڕاییبەوە دەڵێم ... داوا لە خوێنەری ئەم بابەتەی خۆم دەکەم، کە ئەگەر کەموکووڕیەکم لە شێوەی دارشتن و ناوەڕۆکی زانستیانەی بابەتەکە و لایەنی زمانەوانیدا هەبێت و، بۆشاییەکی دەنێو نووسینەکەدا بەجێ هێشتبێ، بەگەورەیی خۆیان بمبوورن. خۆ ئەگەر هەر کەسێکیش شتێکی زیاتر بخاتە سەر شارای بابەتەکە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەوا لە ئێستاوە دەستی ڕێزی بۆ بەسینگەوە دەگرم. ♥

♥ لە ڕۆژنامەی خەبات لاپەڕەی کاروباری کوردستان ژمارە (٢٩٩٦) لە ٢٠٠٨/١٠/١٤ بڵاوکراوەتەوە

یادەوەری مامۆستایەك

<u>ن/شواریّ</u>

پایزە درەنگانیێکی ساڵی (٢٠٠٢) بوو لە خەلیفانیّ مامۆستا بـووم، لـە یـەکێك لـە ڕۆژەکانی هەفتەدا هەروەك سەردانێك چوومە گوندێکی نزیکـی ئـەو دەڤـەرە بـۆلای مامۆستایەکی هاوڕێم، کـە لـەویّ لـە قوتابخانەیـەکی دوو پۆلیـدا (یەکـەم و دووەم) مامۆستابوو و هەردووك پۆلەکەش پێکەوە لە تەنیا ژوورێکدا دەیانخوێند... زۆریشـم حەز لەوە بوو ڕەوشی خوێندن و پەروەردەو فێرکردن لەلادێیەکاندا و لـە نزیکـەوە بـە چاوی خۆم ببینم و بزانم چۆنەو چۆن بەڕێوە دەچێت (ئەڵبەتە هەر بـۆ زانیـاری خـۆم و بەس).

بەهەر حالّ وا رِێککەوت وانـەی یەکـەمی مامۆسـتا بیرکـاری بـوو، داوای لێکـردم دەگەڵیدا بچمە پۆلیّ، چووم...

* * *

دیارە قوتابیانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی کە تازە بەتازە دێنە قوتابخانە ، هیچ نازانن و هیچیشیان نەخوێندووە تا بزانن ، بـە تایبـەتی لـە وانـەی بیرکاریـدا کـە هێشـتا ژمارەیان نەخوێندووە و هیچیّ لەوبارەوە نازانن. دیارە فێربوونی هـەر ژمارەیـەکیش پێویستی بەکاتی گونجاوی خۆی هەیە، ئەوە منیش لـە دواوەی قوتابییـەکانی پـۆلیّ لەسوچێکەوە دانیشتووم و سەرنجم داوەتە مامۆستاو چۆنیەتی گوتنەوەی ئـەم وانـەی بیرکارییە .

سەرەتا لە پۆلی یەکەمەوە دەستی پێکردو دەیویست ژمارە (٤) یان بۆ روون کاتەوە (گەیشتبوونە ژمارە (٤) و پێیان بناسێنێت... بۆ ژمارە چوار، مامۆستا پرسیاری لە قوتابیانی پۆلی یەکەم دەکرد کە ئەم کۆمەڵەیـە چـەند دانـەی تێدایـەو هێمـای ئـەم کۆمەڵەیـە چـۆن دەنووسـێت . لێکـرِا قوتابیـانی پـۆلی دووەم دەهاتنـە دەسـت و وەڵامەکەیان دەدایەوە و دەیانگوتەوە (چـوار) چـەندجارێکان بـەم شـێوەیە پرۆسـەکە دووپات دەبووەوە ، بەبیّ ئەوەی هیچیان لە مانای ژمارە (٤) بگەن ، ئەوە نەبێت کە هەر تەنیا کرداری لاسایی کردنەوەیان گرتبووە بەرودەیانگوتەوە...

دوای بیست دەقیقەیەك مامۆستا هاتەوە سـەروەختی قوتابییـانی پـۆلی دووەم، کـە بابەتی وانەی بیرکارییەکەی ئەمجارەیان لە پۆلی دووەمدا ژمارەیەك بووکە هێماکەی لە سیّ ژمارە واتە (٣) رەنووسی بوو، ئەوجا خوێندن و نووسـینی هێمـای ناسـینەوەی،

یەکان و دەیان و سەدان... بەبەکارهێنانی ژمێریار بۆ پیشاندانی ئەو ژمارەیەی کە لە (٣) ژمارە پێکهاتووە...

مامۆستا لەسەر تەختە ڕەشەکە وێنەی ژمێریارێکی بۆ دروستکردن، خانەی یەکان و دەیان و سەدانی بەم شێوەیە لەسەر دیاریکرد:

قوتابیانی پۆلی دووەم : سێ خانەمان هەیە . یەکان و دەیان و سەدان.

قوتابیانی پۆلی یەکەم ، یەکەو دەردوو بەدوای واندا سەریان دەلەقاندو وەك پۆلی دووەکان دەیانگوتەوە: یەکان و دەیان و سەدان بەری چ دارێکە.

ناچار مامۆستا بایدایەوە سەر پۆلی یەکەم و بێدەنگی دەکردنەوە . دووبارە مامۆستا پرسیاری دەکردەوە: خانەی یەکان چەند دانەی تێدایە؟

قوتابییانی پۆلی دوو: سێ دانە. هەمدیس قوتابییانی پۆلی یەکەم ، مامۆستا... سێ دیسانەوە مامۆستا بایدەدایەوەو یەکەکانی بێدەنگ دەکردەوە .

ئەمجارەش مامۆستا دەیپرسییەوە: خانەی سەدان چەند دانەی تێدایە ؟

قوتابییانی پۆلی دوو: پێنج دانە.

سەر لەنوێ پۆلی یەکەکان دەهاتنەوە وەڵام و وەك بەشیان خورابێ دەیانگوتەوە: پێنج.
بێ ئەوەی هیچ لەوە بگەن کە پرسیارو وەڵامەکان ویەکان و دەیان و سەدان کوڕی چ بەرەبابێکن، هەر تەنیا خۆ تێهەڵاویشتن و لاساییکردنەوە بوو...

ئای کەوانەکە تەواو بوو، چ غەم و ئەندێشە و خەمۆکییەك دایگرتم و چۆن کەوتمە دەریای قووڵی بیرولێکدانەوەو دەچ گێژاوێکمدا خۆ دیتەوە ... باشە، ئەوەیە میللەتی ژێر دەستەو چاو لەدەستی دوژمن و زۆردارو ستەمکار ؟ ئەو دەم تێگەیشتم کە ئەوەی بە دەستەندەی بدرێتێ بەزگێك تێرەو بەهەزاران برسی...

ئای چەند ئومێدەوارم ئەم دیاردەو چەندانی تریش لەم بابەتانە، بڕۆن و نەیەنەوەو ئاوە وئاو چن، و قوتابی و قوتابخانەو مامۆستایانیشمان هەر نەبێت خاوەنی خێوی خۆیـان بن و هەناسـەیەکی ئۆخـەی پـڕ بەسـییەکانیان بـۆ ئاینـدەی ئـەم خـاك و نەتەوەیـە هەڵکێشن.*

---

*ئاسۆی پەروەردە ژمارە (٥٢) ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە.

نموونەکانی فریاکەوتنی پێش وەختی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان

Early Intervention Models

مەبەست لەنموونەکانی ئەو جۆرە یا ئەو شێوە باوانەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی فریاکەوتنی پێش وەختە. لەوچەند ساڵانەی ڕابوردوودا زۆر نموونە پەرەیان پێ درا. هەریەك لەو نموونانەش کاریگەری ئەرێنی ونەرێنی خۆیان هەبوو. هەندێکیش لەو نموونانە زۆر لە نموونەکانی دی گونجاوتر بوون بۆ کۆمەڵە منداڵانێك لە هەندێ شوێن یا لە هەندێ کۆمەڵگاکاندا.

لەم چوارچێوەیەشدا دێین باسی پێنج لەو نموونانە دەکەین کە ئەمانەن :

- فریاکەوتنی پێش وەخت لەماڵەوە.
- فریاکەوتنی پێش وەخت لەسەنتەر (مەڵبەند — ناوەند) دا.
- فریاکەوتنی پێش وەخت لەماڵەوە و لەسەنتەر (مەڵبەند — ناوەند) دا.
- فریاکەوتنی پێش وەخت لەڕێی پێش کەش کردن و ڕێنمایی کردنی دایکان و باوکانەوە.
- فریاکەوتنی پێش وەخت لە نەخۆشخانەدا.

فریاكەوتنی پێش وەخت لە ماڵەوە :

Intervention Home- Base Early

ئەم خزمەتگوزارییە لە ماڵەوە پێش کەشی منداڵ دەکرێ . ڕاهێنەر یا مامۆستای خێزان هەفتەی جارێك هەتا سێ جار دەچێتە ماڵەکە . ئەم نموونەیەش بە زۆری لە گوند و لادێ و ئاوایییە دوورە شارەکاندا جێبەجێ دەکرێت چونکە هێنان و بردنەوەی منداڵە خاوەن پێداویستەکە بۆ مەڵبەند (مرکز) ە تەرخانکراوەکە گران و دژوارە . لەوانەیە هێنان و بردنەوەی منداڵەکە کاتێکی زۆری بوێت . وکەمیش وایە منداڵە خاوەن پێداویستەکان ماڵ و جێگاکانیان لەیەکترەوە نزیك بن . بەشی زۆری ئەم نموونەیە بۆ خزمەتگوزاری ئەو منداڵانەیە کە تەمەنیان لە (٢) دووساڵان کەمترە ،

بەڵام منداڵە گەورەترەکان ئەوە خزمەتگوزاری پێش وەختیان هەر لەماڵەوە پێشکەش دەکرێ

بەگوێرەی ئەم نموونەیەش، پسپۆڕ منداڵەکە هەڵدەسەنگێنێ بۆ زانین و دەستنیشانکردنی ئەو کارامەییانەی منداڵەکە پێویستیەتی فێری ببێ. ئینجا ڕاهێنەر یا مامۆستای خێزان، مەشق بەکەسوکار یا سەرپەرشتیکارانی ئەو منداڵانە دەکەن، لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی چالاکی مەشقەکان. ڕاهێنەر بە دوای کەسوکاری منداڵەکانەوە دەبێ و چاودێری جێبەجێ کردنی چالاکییەکانیان و ئەو پێشکەوتنەی منداڵەکان دەکات، کە فێری بوو ون و وەریان گرتووە. گرینگترین بەشی کاری ڕاهێنەر مەشق پێکردنی کەسوکار و سەرپەرشتیکارانی منداڵەکانە باشترین شێوەش بۆ ئەم کارە ئەوەیە، کە ڕاهێنەر بە کەسوکارەکان بڵێ کە دەبێ چی بکەن، و ئینجا بۆیان ڕوون بکاتەوە کارەکە چۆن دەکەن و ئینجا داوا لەو کەسوکارانە بکات کە چالاکییەکە لەبەر چاوی ئەودا بکات، و دواییش ئافەرین و دەستخۆشی لەو کەسوکارانە بکات بۆ ئەو کارەی کردوویانە. و دەبێ کەسوکارەکانیش لەسەر ئەوە ڕابهێنرین کە (بەیانات) کۆبکەنەوە تا مامۆستای خێزانییەکە بتوانێ کاریگەری و هەژموونی چالاکییە مەشقییەکان هەڵسەنگێنێ .دەتوانرێ سوود لە هاریکاری و یارمەتی مامۆستایانیش لە جێبەجێکردنی فریاکەوتنی پێش وەخت لەماڵەوەدا ببینرێت، بەمەرجێك لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی مامۆستایانی پسپۆر ومەشق دیتوو و ڕاهێنەرانی فریاکەوتنی پێش وەختدا بێت.

بەمجۆرە کەسوکار بەگوێرەی ئەم نموونەیە دەبێتە ڕاهێنەری ڕاستەقینەی فریاکەوتنی پێش وەخت لە ماڵەوە، هەر ئەویشە کە هەموو چالاکییە مەشقییەکان بۆ منداڵەکە ئەنجام دەدات و جێبەجێیان دەکات.

لایەنە باشەکانی (ئەرێنی) ئەم نموونەیە :

- بەهاناوە هاتن و فریاکەوتنی ئەو منداڵانـەی ناگەیەنرێنـە سـەنتەر(ناوەند) ەکـانی فریاکەوتنی پێش وەخت.
- فریاکەوتنی پێش وەختی ماڵەوە هیچی وای تێناچێ.
- مەشق و ڕاهێنانەکان هەر لە ژینگە سرووشـتییەکەی منداڵەکـەدا دەکـرێ، بۆیـە گشتگیری کارامەییەکان نابنە گیروگرفت.
- دایك و باوکەکان پێکەوە هاوبەشی فێربوونی منداڵەکەیان دەبن و ئەوانیش لەلایەن پسپۆڕانەوە بەو زانیاریانە پشتگیری دەکرێن کە پێویستیانە .

لایەنە خراپەکانی(نەرێنی) ئەم نموونەیە:

✵ - ئەم نموونەیە ئەرکێکی زۆر چڕوپڕ دەخاتە سەرشانی دایك وباوکان.
✵ - هەندێ کەسوکار نابنە راهێنەر یا مامۆسـتای بـاش ... یـان هـەر راهێنـەر و مامۆستای باش نین.
✵ - لەبەر ئەوەی مەشقدانی منداڵ لە ئەستۆی کەسوکارە، بۆیە بەخۆ ڕاپـەرموون و ئامـادەگی کەسـوکارەکە زۆرگرنگـە. ئەگـەر کەسـوکار گیـانی بەخۆڕاپـەرموون و ئامادەگییە ئەو کارەی کەم بێ، ئەوا یارمەتی پێشکەوتنی منداڵەکە نادا.
✵ - لەبەر ئەوە منداڵەکە ناچێتە سەنتەر (مەڵبەند – ناوەنـد) و هـەر لەماڵەوەیـە دایك و باوکەکە پشووی تەواو نادەن کەمتر دەحەسێنەوە.

✵ - لەوانەیە مەشقیماڵەوە هێندە چڕوپڕی و ئەو کاریگەریەی سەنتەر (مەڵبەند — ناوەند) ە کانی نەبێ.

✵ - لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی منداڵەکەو بێ بەریبوونی لەتێکەڵیە نێو ئاواڵـەکانی وا لە فریاکەوتنەپێش وەختەکە بکا نموونەیەکی داخراوی لێ دەربچێ و منداڵەکـە لـە دەوروبەر دابڕێ.

✵ - لە وانەیە مامۆستا خێزانیەکە کاتێکی زۆر بەبەرێوەهاتنـەوە لەسـەر ڕێگاکـان بەسەر بەرێت کە ئەمەش مانـای لـە دەسـتدان و کـەم بوونـەوەی کاتـە بـۆ پـلان و نەخشەدانان و فێربوونێ.

بەرنامە (پرۆژە) ی پۆرتاج

Project Portage

پێناسەی گشتی:

بەرنامەی پۆرتاج لەسەر ئاستی جیهانی، بەناوبانگترینی زۆربەی زۆری فریاکەوتنە پێش وەختەکانی ماڵەوەیە، کە پێی دەگوترێ بەرنامەی رۆشنبیریی ماڵەوە بۆ مەشق و راهێنانی دایکانی منداڵە خاوەن پێداویستەکان. پرۆژەی پۆرتاج پرۆژەیەکی فێرکردنی فریاکەوتنی پێش وەختە، کە بەسەر ئەو منداڵانەدا جێبەجێ دەکرێ کە خاوەن پێداویستی تایبەتن کە هەر لە رۆژی لە دایکبوونەوە دەست پێ دەکات تا تەمەنی (٥) پێنج ساڵی، دەشتوانرێ بەپێی پێویستی منداڵەکەو ئاستی خاوەن پێداویستییەکەشی تا تەمەنی (٩) نۆ ساڵان بخایەنێ.

ئەم پرۆژەیــە مەشــق و ڕاهێنــان بــە دایکــان دەکــات، لەســەر چۆنیەتی فێربــوونی منداڵەکانیان و هەڵسوکەوت لەگەڵ کردنیان. بۆیــە ئــەوە بەرنامەیــەکی رۆشــنبیریی دایکانە، کــە ئامادەیــان دەکــات تابینــە مامۆســتای ڕاســتەقینەی منداڵــە خــاوەن پێداویستە تایبەتەکانیان، و بەرنامەکــەش بەســەر دایــك و منداڵەکــەدا و هــەر لــە ماڵــەوەش جێبــەجێ دەکــرێ، چــونکە زۆر گونجــاوترە بــۆ منداڵەکــە و دەوروبــەرو ژینگەکەی. وە ئەم بەرنامەیەش هەفتەی جارێك و بۆ ماوەی کاتژمێرونیوێك سەردانی دایك و منداڵەکە دەکات. ئەم پرۆژەیە هەر تەنیا خزمەتی ئەو منداڵانە دەکــات کــە کاڵفام و کەم جووڵەن و تووشی ئیفلیجی سادەو مامناوەندی مێشك هاتوون و، کەڕ و لاڵ و کوێرەکان ئەو منداڵانەش ناگرێتەوە کــە کــەم ئەندامییەکــەیان یــەکجار زۆر و کاریگەرە.

ئامانجی پرۆژەکە :

پێشکەش کردنی بەرنامەی ئامادەکردنی پێش وەخت لەناوماڵ و ژینگەی منداڵدا.

١- دۆزینەوەی پێش وەختی کەم ئەندامیەتی، ئــەوەش لــەڕێی هەڵســەنگاندنی ئــەو منداڵانەی کێشەی گەورەبوون و هەڵدان و وگەشەکردنیان هەیە و هەر لە منداڵیــەوەو لە تەمەنێکی زووەوە بخرێنــە نــاو ریزبەنــدی و داتــای بەرنامــەی فریاکــەوتنی پــێش وەختەوە .

٢- هاوبەشی پێ کردنــی راســتەوخۆی کەســوکار لــە پرۆســەی مەشــق و ڕاهێنــان و فێرکردنی منداڵەکانیاندا، کە ئەمە بە هۆیەکی زۆرکاریگەر دەژمێردرێ لەسەر منداڵ و زیاد کردنی کارامەییەکانی، کە یارمەتی راهاتنیی دەدا لەژیانی رۆژانەیدا.

٣- مەشق و ڕاهێنانی بەردەوام و زیاتری دایکان لەسەر هۆیە پێویستیەکان زێتر دەکات بۆ چاوەدێری منداڵەکانیان.
٤- پێشکەش کردنی ئەو بەرنامانەی دەگەڵ رۆشەنبیریە ناوچەیی و خۆجێیەکاندا دەگونجێن و باس و بابەتی فێرکردنی تایبەتییان تێدایە کە کاریگەری و هەژموونی هەستی و لەشییان تێدایە و یارمەتی گرنگیدان بە خودەوە، دەدەن.
٥- جێبەجێکردنی هەنگاوە کردەیییەکانی بەرنامەکە، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی ژیانی رۆژانەی خێزانەکە.
٦- دەستنیشان کردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکان لە منداڵە کەم ئەندامەکەدا، بە مەبەستی دارشتنی بەرنامەیەکی تایبەت بەوەوە، کە لەسەر بنەمای زانیارییەکانی ئێستای و توانایەکانی بە یارمەتی دایکەکە ئەنجام بدرێ.
٧- بەکارهێنانی بەرنامەیەکی دارێژراو لە چۆنیەتی بەرەوپێش چوونەوە کە وەك ئامرازێکی فێرکردن بەکار بهێنرێت .

لایەنە ئامانجەیییەکان:

لایەنە دەستنیشان کراوەکان (لایەنە ئامانجەیییەکان)
١- منداڵ هەر لە لەدایکبوونەوە تا تەمەنی (٩) نۆ ساڵی.
٢- کەس وکاری منداڵەکان و خزمەکانیان و خەڵکی گەڕەکێ.
٣- کارگوزارانی دامەزراو و رێکخراوەکانی خاوەن پێداویستە تایبەتییەکان.

خەسڵەتەکانی پرۆژەکە:

خزمەتی هەموو خێزانەکان دەکات جا لە هەر ئاستێکی ئـابووری و گوزەرانـدابن. و یەکێك لەخەسڵەتەکانی بەرنامەی فریاکەوتنی پێش وەختی ماڵەوەش گەیشـتنە بـەو منداڵانەی تەمەنیان زۆر بچـووکە و لـە شـوێنی جیـاواز جیاوازو دووره دەسـتدان. ڕاهێنەرێکی خێزانی بەتەنیا دەتوانێ هەر هەفتەی خزمەتگوزارییـەکانی بگەیەنێتـە (١٥) پازدە خێزانان. بۆیە تا ژمـارەی مامۆسـتایەکان لەبەرنامەکـەدا زیـاتر بێـت، خێزانە سوودمەندەکانیش لە پرۆژەکەدا زیاتر دەبن، بەتایبەتی ئەو خێزانانەی لە هیچ نموونەیـەکی خزمەتگوزاریـدا پشـکیان بەرنەکـەوتووە، جـا لەبـەر دووری شـوێنی دانیشتنیان یا لەبـەر بچـووکی تەمـەنی منداڵـەکان یـا لەبـەر نـەگونجانی بەرنامـە پێشکەش کراوەکەی دامەزراوەکەوە بووبێ بۆ منداڵەکان. لەوەش گرینگتر نـەتوانینی دامەزراوەکان لە وەخۆگرتنی هەموو منداڵە خاوەن پێداویستە تایبەتەکان، هـەروەها لە تواناداا نەبوونی کەسوکاری منداڵەکان بەتایبەتی هەژارەکانیان، کە لـە تواناییانـدا نەبووە ئەو نرخەگرانانەی ئەو سەنتەر و دامەزراو و تایبەتییانە بدەن کە داوای دەکەن.

ئـەو خزمەتگوزارانـەی کـە لـەو بەرنامەیەشـدا کـار دەکـەن، مـەرج نیـە خـاوەن گەواهینامە(شەهادە)ی بەرزی زانکۆ بن، بەڵکە خاوەن گەواهینامەیەکی قوتابخانەی ناوەنـدی دەتوانێ بچێتە خولێکی مەشق و ڕاهێنانەوە ولێی دەرچـێ، تاقیکردنـەوەکان سـەلماندوویانە کە هەڵبژاردن و دیاریکردنی مامۆستای هەمان ژینگـەی کـە لـە دواییـداکاری تێـدا دەکـا ئاستی لێك تێگەیشتنیان لە نێـو ئـەو خێزانانـەی خزمـەتگوزاری وەردەگـرن و دەگـەڵ دارو دەستەی بەرنامەکەدا زۆر زۆرە، دوایەش ئەمە دەبێتە هۆی سەرکەوتن و باوەڕ و متمانـە بـە یەکتریبوونێکی زۆر سەرکەوتووانە لە نێو هەردوو لایاندا.

توخمەی پرۆژەکە :

ئەو پرۆژە پۆرتاژە نموونەییەی، کە بەرنامـەی فریاکـەوتنی پـێش وەختـی ماڵـەوەی بەدوادا دێت، چالاکیەکانی خۆی لـە وڵاتـە تـازە گەشـە کردووەکانـدا لـە بەرامبـەر کەسـوکاری خـاوەن پێداویسـتە تایبەتەکانـدا سـەلماند، ئـەویش بـەو شـارەزایی و کارامەییە بنچینەییانەی دەیانداتێ و کاریگەرییەکی تەواو گرینگی لەسـەر لایـەنی فێرکردن و بەرەو پێشچوونەوە هەیە.

خوو و ڕەوشت و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی مامۆستایانی کارگوزاری ناو پرۆژەکە :

١- پێویستە لەسەر مامۆستای خێزانی دیمەنێکی لێوە شاوەی گونجاو و لەباری هەبێ لەکاتی سەردانانداندا.

٢- مامۆستای خێزانی دەبێ مرۆڤێکی زۆر ئەرێنیانە بێ لە گرتنەبەری ڕێ و شوێن و شێوازەکانیدا.

٣- مامۆستای خێزانی دەبێ گوێی کراوە و گوێ ڕاگربێ .

٤- مامۆستای خێزانی دەبێ باش ڕێزی خـوو و خـدە و نەریتـەکان بگرێـت و دەبـێ هەموو کاتێکی ئەوەی هەر لە بیر بێ کەلە ناو ماڵەکاندا میوانە.

٥- لەسـەر مامۆسـتا پێویسـتە هەمیشـە جێـی متمانـەی پاراسـتن و نەدرکانـدنی نهێنیەکان بێ.

٦- مامۆستای خێزانی دەبێ شێوازی گونجاو و لەبار هەڵبژێرێ بۆ قسە وگفتوگۆ و دواندنەکانی.
٧- مامۆستای خێزانی دەبێ تا ئەندازەیەکی زۆر نەرم و نیان و لەسەرە خۆبێ، چونکە کاری ناومالٚ وەك کاری ناو پۆلٚ نیە.
٨- مامۆستا دەبێ کەش و هەوایەکی گشتی بۆ فێربوون ئامادەبکات و برەخسێنێ.
٩- رەفتاری مامۆستا زۆری لەسەر دەکەوێ چونکە هەمیشە جێی سەرنج و تێبینی کەسانی دیکەیە.
١٠- مامۆستای خێزانی دەبێ ئامانجی فێربوونەکە لێك داتەوەو ڕوونی کاتەوە.
١١- مامۆستای خێزانی دەبێ ئەوەی پەیوەندی بەسەردانەکەیەوەیەتی وەك کات و جۆر و ژمارەی ئەو چالاکییانەی دەیهەوێ فێریان بکات هەموویان ڕێك بخات و ڕوونیان بکاتەوە.
١٢- مامۆستای خێزانی دەبێ دایکەکە لە دانانی پلانی فێرکردنەکەدا بەشدار بکات.
١٣- مامۆستای خێزانی دەبێ زۆری ئاگا لە ئامێر و کەل و پەلەکان بێت و باش بیانپارێزێت و لە جێیەکی گونجاویان دانێ و هەر کاتێ ویستی بەکاریان بێنێ لەبەر دەستدابن.
١٤- دەبێ هۆیەك هەر بدۆزرێتەوە بۆ مژوول و سەرقاڵ کردنی منداڵەکانی تری ناو خێزان لەکاتی جێبەجێ کردنی ئامانجەکاندا.
١٥- دەبێ جۆر و چەندیەتی ئەو ئامێرانەی بەکار دەهێنرێن، لەکاتی سەردانی ماڵەکاندا بەشێوەیەکی وا دیاری بکرێن، کە لەگەڵ چالاکییەکاندا بگونجێن .

١٦- دەبێ مامۆستای خێزانی جەخت لەسەر دایکەکە بکاتەوە داخوا لەو چالاکییانە گەیشتووە، کە لەسەر منداڵەکەی جێبەجێی دەکا، ئەوەش بە کردنــەوەی نموونەیــەکی چالاکییەکان لەبەردەمی خودی مامۆستاکەدا.
١٧- دەبێ خێزان لەهەموو بار ودۆخێکی ئەو گۆرانکاریانە ئاگـادار بکرێتــەوە، کـە بەسەر کات و شوێن و مۆڵەت و خشتەی سەردانەکاندا دێت.

١٨- دەبێ ڕۆڵی دایك بە تەواوی و بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکراو بـە دوور و درێــژی دەستنیشان و دیاری بکرێـت، ئەگـەر پێویستیشـی کـرد ئـەوە هانـا بـۆ بـەرپرس و پسپۆڕانی ئەم بوارە ببردرێتەوە و تا دەشکرێ هانی متمانە بەخۆبوون بە خودی دایــك و باوکەکان بدرێ .

١٩- مامۆستای خێزانی دەبێ ڕێزی پەیوەندییە پیشەییەکانی زۆر لەلابێ و کاتێکی زۆر کەم بۆ پەیوەندییە تایبــەتی و کۆمەڵایەتییــەکان دابنــێ، ئــەوەیش لــە کۆتــایی سەردانەکەدا.
٢٠- مامۆستای خێزانی دەبێ دایکەکە لـە هـەموو گـۆڕانێکی بـاش، کـە بەسـەر منداڵەکەدا دێت دڵنیاکاتەوە، چونکە کەمترین باشی دەبێتە مایـەی سـەرکەوتنێکی گەورە و دەبێ مامۆستاش هاوبەشی خێزانەکە لەو خۆشییەدا بکات وەك هانـدانێك و پشتگیری پێوەندییەکانی نێوان دایك و مامۆستایەکە .

٢١- نابێ مامۆستای خێزانی بەخۆی هەڵدا بڵی وخۆی بکاتە جێ سەرنج و تێڕامان.
٢٢- مامۆستای خێزانی نابێ خۆی بکاتە لەلەو دایەن لەناو ماڵەکاندا .

٢٣- مامۆستای خێزانی پێیوا نەبێ دایکەکە لە هەموو شتێکدا تەواوە و هیچ هەڵەیەکی نیە و نەماوەو نایبێ.

٢٤- مامۆستای خێزانی نابێ داوای کارێك لە دایکەکە بکا دایکەکە حەزی لێی نەبێ.

٢٥- نابێ سەردانی بێ ئاگاداری پێشوەخت بکرێت و بەبێ ئاگاداریش میوانان لەگەڵ خۆیدا ببات.

٢٦- لەبەر تەرخان کردنی تەواوی کاتەکە بۆ مەشق و ڕاهێنان، میوانداری قەدەغەیە.

بەرنامەی سکای های: Ski Hi

بەرنامە خزمەتگوزاری و مەشق و ڕاهێنانەکانی سکای های (Ski-Hi) ساڵی ١٩٧٢ دەستی پێکرد و کارەکانیشی لەبەرنامەی فریاکەوتنی پێش وەخت و منداڵیەتی پێش وەختدا بۆ منداڵانی تازە لە دایکبوو تا تەمەنی پێنج ساڵانەدا چڕکردەوە، لەوانەی کە گیروگرفتی بیستن و دیتن و گرفتی دیکەیان هەیە.

پەیمانگای سکای های (Ski-Hi) بە یەکێك لە یەکە پسپۆڕییەکانی بەشی فێرکردنی درێژخایەنی دانیشگای پەروەردەی زانکۆی ویلایەتی یوتا دەژمێردرێ. و بەشەکانی لە ڕێی بەرنامەی کاراکردنی کۆمەڵگاییەوە لە (٥٠) پەنجا ویلایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو کەنەدادا بڵاو بۆتەوە.

هەر ئەو پەیمانگایەش یەکێکە لەو سێ یەکە تۆژینەوانە کە پسپۆڕن لە بواری خزمەتگوزاریی مرۆیی لە چوارچێوەی دانیشگا پەروەردەییە تایبەتییەکاندا. و پەیمانگای سکای های (Ski-Hi) کۆمەڵە کەسانێکی راوێژکاری تێدایە، کە ئیش

لەسەر پەرەپێدانی ئەو بەرنامەو نەخشەو پلانانە دەکـەن، کـە دەبنـە مایـەی باشـتر کردنی بارو دۆخ و ژیـانی منـدالانی خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت و خێزانـەکانیان و ئەوانەی کاریان لەگەڵدا دەکـەن . پـەیمانگا هـەموو هەوڵـەکانی خـۆی بـۆ هانـدانی مندالان تەرخان کردووە، فێربن و پێ بگەن و بپشکنن و بدۆزنەوە و داهێنان بکـەن. ئەم چارەسەریەش یارمەتییان دەدات و ڕێیان بۆ خۆش دەکـا ببنـە ئەنـدامانی کـارا لەناو کۆمەڵگادا .

بەرنامەی پەیمانگایەکە خزمەتی نابیست و گوێ گرانەکان، و نابینا و کـەم بینـا، و نابیست و لاڵ و نابینا و زۆر گرفتی دیکەش دەکات. ئەو فێرکردنە پێش وەختەش کە پەیمانگا شانی داوەتە بەرێ پشت بە ماڵەوە، وەك ژینگەیەکی نموونەیی، دەبەستێت و لە کۆتایی بەرنامەکەشیدا دەسـت دەکـا بـە بـە دواداچـوونی حـاڵ وبـاڵ و وەزعـی منداڵەکە .

ئـامێر و ئامرازەکـانی بەرنامەکـە، لەلایـەن خێزانـە سـوودمەند بووەکـان و، پێشکەشکاری خزمەتگوزاری پسپۆر و، بەگشتی بەرنامەی پەروەردە تایبەتییەکانەوە دەبێـت، کـە ئـامێرو ئـەبزارو سەرچـاوەی بەرنامـەکانیش بـریتین لەمانـە: بەڵگـە ڕاستینەکانی خزمەتگوزار، نـەوارە ڕوونکـەرەوە ڤیدیۆییـەکان، و چـاپەمەنی و زۆر شتی تریش . ئەم کەل و پەل و ئامێرانەش تەنیا لە پەیمانگا و لقەکانیەوە لەکەنەدا و ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەست دەکەون، ولەلایـەن ڕاهێنـەرە خۆجێییەکانـەوە ئاراستەدەکرێن بۆ بەکارهێنانیان .

فریاکەوتنی پێشوەخت لە سەنتەر
(مەلبەند– ناوەند) دا
<u>Center Based Early Intervention</u>

لەم نموونەیەدا . منداڵ خزمەتگوزارییەکانی لەسەنتەر یا لە قوتابخانە پێش کەش دەکرێت. و زۆربەی ئەو خزمەتگوزارییانەش بۆ منداڵانی تەمەن دوو ساڵانە تا (٦) شەش ساڵانەیە.

منداڵەکان دەهێنرێنە سەنتەر، ئەوەش هەفتانە چوار هەتا پێنج ڕۆژ، ڕۆژەکانی قوتابخانەش ماوەکانیان لە (٣) سێ کاتژمێرەوە بۆ (٥) پێنج کاتژمێرە. بە زۆریش سەنتەرە فریاکەوتنەکانی پێشوەخت لەناو شارەکاندا دەبن. جاری وایە خزمەتگوزارییەکانی سەنتەرەکان هەر بۆ دەستە منداڵانێکی خاوەن گرفت دەبێ و بەس، دەشتوانێ خزمەتگوزاری پێش کەشی زۆر دەستەی هەمە جۆری تریش بکا. فریاکەوتنی پێشوەخت لە سەنتەردا زۆر جۆرە خزمەتگوزاری دەگرێتەوە لە بواری گەشەکردنی جیاجیاوە. ئەو خزمەتگوزارییانەش لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە بەهاریکاری هونەروەر یان یاریدەدەری پسپۆڕییەوە پێش کەش دەکرێن. دیارە کە

پسپۆڕەکانیش سوورن لە سەر ڕابەری و ڕێنمایی کردنی دایك و باوکـان و ڕاهێنـان و پشتگیرییان.

لایەنە باشەکانی فریاکەوتنی پێشوەخت لە سەنتەر(مەڵبەند– ناوەند) دا

- تیمێکی پسپۆڕان لە سەنتەرەکاندا کار دەکەن.
- هەل بۆ منداڵەکان دەڕەخسێنێ تا لەگەڵ کەسانی تردا تێکەڵ بن.
- منـداڵ بـەبێ هاوبەشـی دایـك و باوکـانیش لـە ڕاهێنـانی منداڵەکانـدا، خزمەتگوزارییەکانی هەر پێ دەگا.
- پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا خۆجێییەکان، بەوەی کە سەنتەرەکان دەتوانن زۆر پەیوەندی لەگەڵ کەسانی ناو کۆمەڵدا پەیداکەن لەوانەی کە پاڵپشـتی دارایـی و مانەوەی سەنتەرەکان دەکەن، یا لەگەڵ ئەوانەی خۆبەخشـانە کـار دەکـەن، هـەروەها لەگەڵ زۆرانی تریش .

لایەنە خراپ (نەرێنی)ە کانی فریاکەوتنی پێشوەخت لە سەنتەر (مەڵبەند– ناوەند) دا

- گیروگرفتی هاتوچۆ و گواستنەوەی منداڵەکان (پاسـەکان و پاراسـتنیان ئـەرکێکی گرانە و زۆریشی دەوێ)، هەروەها پاسیش ماوەیەکی زۆر بەهاتن و چـوونەوە بـەفیرۆ دەدات لە هێنان و بردنەوەی منداڵەکاندا .
- ئەرکی خانوو و بەرە و پاراستنی.
- هاوبەشی خێزان بە بەراورد لەگەڵ نموونەی فریاکـەوتنی پێشـوەخت لەماڵێـدا، زۆر لاوازە.

فریاکەوتنی پێش وەخت لە هەریەك لەسەنتەر وماڵەوەدا:

Early Intervention Home – and Center Based

ئەم نموونەیە دوو شێوەی سەرەکی لە خۆ دەگرێ:

یەکەم : پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان لەماڵێدا بۆ ئەو منداڵانــەی تەمــەنیان زۆر بچووکە، و لەسەنتەردا بۆ ئەو منداڵانەی تەمەن گەورەترن.

دووەم : دیاریکردنی خزمەتگوزارییەکانی فریاکـەوتنی پێشـوەخت بـۆ منداڵـەکان، هەریەکەی بە گوێرەی پێویستی خۆی. لەم نموونەیـەدا نەرمییـەك هەیـە. ئـەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم نموونەیە لە ئەرێنی و نەرێنییـەکانی هـەردوو نموونـەکانی پێشـەوە دەچن.

فریاکەوتنی پێشوەخت لەڕێی پێشکەش کردنی ڕاوێژ بۆ دایك و باوکان:

Consulation to Parents Model

ئەوە پێچەوانەی فریاکەوتنی ماڵەوەیە. لەمەدا دایك و باوکان لەگـەڵ منداڵەکەیانـدا هەفتانە دێنە سـەنتەر و لـەوێش پسـپۆڕەکان پێشـوازییان دەکـەن و ڕێ و شـوێن و ڕاوێژیان پێشان دەدەن و ڕێنماییان دەکەن و ڕایان دەهێنن وچۆنیەتی جێبەجێ کردنی چالاکییەکانیان لەگەڵ منداڵەکەدا بۆ ڕوون دەکەنەوە.

یەکێك لەلایەنە ئەرێنییەکانی ئەم نموونەیە ئەوەیە، کە دایك و باوکەکان کەسوکار و سەرپەرشتکاری منداڵانی تر لـە نـاو سـەنتەرەکەدا دەبیـنن و پـێکتر ئاشـنا دەبـن،

ئەمەش دەبێتە دەستکەوت و پاڵپشتێکی تری ئەوان. ئەرێنییەکی دیکەی ئەوەیە کە پسپۆڕەکان منداڵ و خێزانەکە هەموویان دەبینن بەبێ چوونە ماڵێ. نەرێنییە سەرەکییەکەش ئەوەیە کە دایك و باوکەکە بەرپرسیاریەتە سەرەکییەکەی فێرکردنی منداڵەکەیان دەکەوێتە ئەستۆ و دەبێ راوێژ لەسەر کاروباری هاتوچۆش بکەن و مشووری بخۆن .

فریاکەوتنی پێشوەخت لە نەخۆشخانەندا :

Hospital – Based Early Intervention

ئەم نموونەیە بۆ پێش کەش کردنی خزمەتگوزاری ئەو منداڵانەیە، کە بارودۆخ و حاڵیان وا دەخوازێ، ماوەیەکی دوورو درێژ لە نەخۆشخانەدا بمێننەوە، یا بەردەوام سەردانی نەخۆشخانە بکەن (وەك تووشبووی نەخۆشی مێشك و ئیفلیجی مێشك و درزی بڕبڕەی پشت). و لە پێش کەش کردنی ئەم خزمەتگوزاریانەشدا پزیشکی منداڵان و نۆشداری چارەسەری سروشتی و فەرمانبەرانی دیکەش هاوبەشی دەکەن.

فریاکەوتنی پێشوەخت لەڕێی هۆیەکانی بڵاوکردنەوەوە:

وەك تەلەفزیون و چاپەمەنی و فیلم و نەوار (کاسێت) و شتی تر، کە بەشێوەی بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا، بە زمانێکی پاراو و سادە و تەندروست، چۆنیەتی کارەکان بۆ کەسوکار و سەرپەرشتیارانی منداڵەکان روون دەکرێتەوە، کە چیبکەن بۆ منداڵەکان. هەرواش باوە کە هەر بەڵگەیەك بۆ بابەتێکی دیاری کراو تەرخان کراوە.

ئامانجی سەرەکی لە فریاکەوتنی پێشوەخت :

(یارمەتیدانی منداڵە بچووکەکان، بۆ گەشەو پەرەپێدان و فێربوون تا ئەو پلەیەی لە توانا دایە و توانای منداڵەکان ڕێ دەدا)، تەمەنە ٣ساڵی و ٦-٨ ساڵیەکان دەتوانرێ لەڕێی ئەم جێگرەوانەوە خزمەت بکرێن :

- باغچەی تایبەتی منداڵان .
- باغچەی سادەی منداڵان .

- کورتـــە دەوامێـــك لـــە باغچـــەی تایبـــەت و باغچـــەی ئاســـاییدا (ڕۆژ یـــا چـــەند کاتژمێرێکان لە باغچەی تایبەتدا بەسەر دەبات و ڕۆژەکان و کاتژمێرەکانی دیش لە باغچە سادەکەدا).

- ساڵێك لە باغچەی تایبەتدا و ئەوەی دیش لە باغچەی سادەدا.

- سەنتەر (مەلبەند — ناوەند) ی تایبەت.

نەخشەی بەرنامەکە :

بە دەوری سێ ڕەهەندانددا دەسووڕێتەوە :

١- کۆکردنەوەو شیکردنەوەی زانیارییەکان لە بارەی منداڵ و خێزانەکەیەوە.

٢- دیاریکردنی پێویستییە تایبەتەکان .

٣- بڕیاردان لەسەر فریاکەوتنی چارەسازی پێویست، بۆ وەڵامدانەوەو بە پیرەوەچوونی پێویستییەکان. *

---

*سەرچاوە : لە Google کراوە بە کوردی

١- موقع متخصص في التربية الخاصة / باشراف د. احمد احمد عولا

الصفحة الرئيسية / التربية الخاصة / التدخل المبكر .

اسم/ نماذج التدخل المبكر لذوى الاحتياجات الخاصة

کاتب / د. موفق سعيد الخطيب .

٢- بە سێ بەش لە ڕۆژنامەی خەبات دا بڵاوکراوەتەوە

— ژمارە (٤٣١٢) بەرواری ٥/٥/ ٢٠١٣ یەك شەممە

—ژمارە (٤٣١٧) بەرواری ٢٠١٣/٥/١٢ یەك شەممە

— ژمارە (٤٣٢٨) بەرواری ٢٠١٣/٥/٢٧ دوو شەممە

هەموو تازەیەك نامۆیە

ن/شوارێ

لە ژمارە (٢٨٨٧) رۆژی یەك شەممەی ٢٢/٦/ ٢٠٠٨ بەناو ونیشانی (تێبینی و سەرنج دەربارەی سیستەمی نوێی بیرکاری) کە مامۆستای زۆر رێزدار و هێژا مامۆستا عەبدوللەتیف شەریف محەمەد لە رۆژنامەی خەباتی ئازیزدا نووسیبووی ... منیش وەك مامۆستایەکی بوارو وانەکە ... هەندێ بەدواداچوون و وردە سەرنجی بیرکارانەم دەربارەی ئەو سیستەمە نوێیەی بیرکاری لەلا دروستبوون، ناچاریان کردم، بۆ سوودی گشتی و هاوبەشی لەکاری هەرەوەزی بیروهزرو زانستیانە منیش بێم هەم لە وەڵامی سەرنج و تێبینییەکانی بەرێزیانەوە، هەم لەلایەنی خستنە رووی

بۆچوونەکانی خۆمــەوە، ئـەو هەنـدە شـتانە بخەمــە ڕوو و هــەر لەســەر لاپــەڕەکانی ڕۆژنامــەی خەباتــەوە وەك عــورفی ڕۆژنامــەوانی بــڵاوی بکەمــەوەو بــەرێزو دەســت بەسینگ گرتنەوەوە داوا لەمامۆستای هێژامامۆستا عەبدوللەتیف شەریف بکەم وەك قوتابییەکی خۆی ئەگەر وردەکارییەکانمی بەدڵ بوو، یـا نـەبوو، بـا هــەر لـێم قبـول بفەرموێ و لێم زیز نەبێ ... کەلە ژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوەدا دەرم بڕیون:

دوای هەڵدانەوەو سەیرکردن ولێ وردبوونــەوە و تــاوتوێکردنی (کتێبــی بیرکــاری بــۆ هەمووان)، باری سەرنجم لە هەڵسەنگاندنێدا کەوتە سەر زۆر لایەنی گونجان و نەگونجان و هەموار کردنی بابەتــەکانی، بەتایبــەتی ئـەو لایەنانانــەی کـە لەگــەڵ بــارو دۆخ و پێویستیە ژیارییەکانی ڕۆژانەی ژیــانی منــداڵی کــورددا وەختیــەتی بــۆ فێربــوون و بەکارهێنانی لەم قۆناغەدا، چونکە هــەر نـەبێ ئـەم کتێبــە کتێبێکــی زانســتیانەی بیرکاری ڕووتەو دەستپێك و سەرەتایەکی یەکجار پتەوە بۆ بزاوتنــی مێشــك و هــزری منداڵانی کورد، و دەتــوانم بڵــێم ئـەم پرۆگرامــە دەبێتــە بــەردی بناغــەی فێربــوونی بیرکارییەکی زۆر سەردەمیانە و تاماوەیەکی زۆر مامۆستا وقوتــابی لــە گیروگرفتــی ئاڵوگۆڕو نوێکردنەوە دەحەسێنێتەوەو ســەرمایەیەکی زۆریــش بــۆ بودجــەی دەوڵــەت دەگێرێتــەوە و هەمیشــە و بــەردەوامیش ســاڵانە لەبەردەســت و دیــدی قوتابییانــدا دەبێ...

چونکە دەرفەتی زیاتر بە قوتابی دەدات کەئاستی توانا و فێربوونیان هەر چۆنێك ولــە هەر ئاستێك دابن لە فێربوونی بیرکاریدا .

پێم خۆشه ئەوەش بڵێم كه لەم پرۆگرامەدا هەموو شتێك روونكراوەتەوە. بـەتێكرایی بۆ خوێندنی ئەم قۆناغەی منداڵانی كورد، كتێبێكی تا بڵێی شیاو وگونجاوە.

- مامۆستای زۆر رێزدار و هێژا مامۆستا عەبدوللەتیف شەریف دەفەرموێ :

(گۆرین لەبەرچی وكەی ؟!)

بێگومان بیركردنەوە ساڵ بەساڵ له گۆڕان دایـە. زۆرجـاران وەبـەر گـوێم دەكـەوت، كەوانەی بیركاری وانەێكی وشكه چ لەلای قوتابی و چ لەلای مامۆستا، بەڵام گۆڕانی پرۆگرامی بیركاری بەم شێوازە نوێیه دەبێته هۆی ئەوەی مامۆستا خۆی ئامادەبكـات و مجێزی بۆ وتنەوەی بابەتەكه زیادبێ، بەحەزو ئارەزووێكی زۆرتـرەوە وانـه بڵێتـەوە. جاران لەبەر فانۆس خەڵك شەوی بەسەر دەبرد ئێستا جۆرەهـا ئـامێری سـەردەمیانه لەماڵەكاندا پەیدابووە . بچووكترین و زۆرترین شـت كەلـه ماڵەكانـدا بـەدی دەكـرێ كۆنترۆڵی تەلەفزیۆنە، منداڵ له تەمەنی سێ سالّی و چوار سالّی و پێـنج سـالّی دا، دەتوانێ كۆنترۆڵەكه بەكاربهێنێ كام كەنالی بییەوێت لەسەری دابنێ. بەر لەوەی بێته قوتابخانه، دەتوانێ بەراوردی ژمارەی سەر كۆنترۆڵەكـه بكـات و ژمارەكـان بناسـێ، هەروەها كۆمپیوتەریش بەم شـێوەیه . جـاران ئەگـەر پاسـكیلك دەچـووە گونـدێك، خەڵكی گوندەكه دەوریان دەدا و دەیان گوت ئەسپی دووپێ هاتووە، خەڵك سادەبوو. ئێستا ئەگەر بەراوردی خەڵكی شاری و خەڵكی گوند بكـەین هـیچ جیاوازیـان نیـە، چونكه ئەوانیش به ئامێرەكـانی سـەردەم ئاشـنابوونە، بـۆ نموونـه موبایـل ئـەویش ئامێرێكه كه بیركاریانه ئیش دەكات. زۆر لەوانەی خوێندەواریشیان نیـە، راهـاتوون لەبەكارهێنانی .

لەشوێنێکی تردا دەڵێ دژی گۆڕانکاری نیم بەڵام بەمەرجێ لەگەڵ واقیعی گەلەکەم بگونجێت ؟؟!!

ئەم سیستەمە بۆچی لەگەڵ واقیعی گەلەکەم ناگونجێت؟. چ شتێکی تێدایە ببێتە هۆی ئەوەی قوتابییان بەرەو هەڵدێر ببات؟، جگە لەوەی کۆمەڵێك شتی نایابیان لە زانستە نوێیەکانی سەردەم فێر دەکات و ئاشنایان دەکات بە کۆمەڵێك زانیاری پوخت لە هەموو بوارەکان، جگە لەوەش بیری قوتابییان فراوانتر دەکات. چاکترین شت لەم پەرتووکە نوێیەی بیرکاریدا، ئەو هەموو شەوق و زەوقەی تێدایە کە سەرنجی قوتابییان بۆ خۆی رادەکێشێ و وای لێ دەکات وردبێتەوە لە بیرۆکەی زانستی بابەتەکان. جاران پەرتووکێکی وشك و سارد و سڕ، کە هیچ گەرموو گوڕییەکی پێوە دیارنەبوو، قوتابی و مامۆستای وەرز دەکرد، مامۆستا نەیدەزانی چۆن بابەتەکە لە قوتابییان بگەینێ زۆر هیلاك و ماندوو دەبوو تا خۆشی بێزار دەبوو لەوەی کە چۆن وانەکە بڵێتەوە. بەڵام بەم سیستەمە نوێیە ئەگەر مامۆستا پسپۆری بیرکاریش نەبێ، دەتوانێ وانەکە بەجوانی بڵێتەوە، چونکە هەموو شتێکی وەکو هێلکە بۆ سپیکراوە. ئەمەش دەتوانین لە ئەلقەیەکی تردا باسی گرنگی هەر یەکە لە پەرتووکەکانی بیرکاری(پەرتووکی مامۆستا) و (پەرتووکی هەڵسەنگاندن) و(پەرتووکی دووبارە فێرکردن) و (پەرتووکی بەرەنگار) و(پەرتووکی قوتابی) و (پەرتووکی ڕاهێنان) بکەین و بەدرێژی روونی بکەینەوە.

- لەشــوێنێکی تــردا دەڵــێ بەمەبەســتی دەستنیشــانکردنی کەمووکورتییــەکان و لەدواییشدا چارەسەرکردنیان، دەپرسین ئایا راپۆرتی لەم جۆرە لەلایــەن مامۆســتایانی بیرکاری بەرزکراوەتەوە؟

بەڵێ چەند جارێـك بەرزکراوەتــەوە لــە گۆڤــاری ئاسـۆی پــەروەردەش بڵاوکراوەتــەوە هەروەها لە هۆلی (ئامادەومەشق کردن) لە کاتژمێر (١٠) ی بەیانی رۆژی سێ شەممە لە رێکەوتی ٢٤/٥/٢٠٠٥، سیمینارێك سازدرا سەبارەت بەبیروبۆچوون و تێبینیەکان دەربارەی هەر شەش پەرتووکی بیرکاری قۆناغی سەرەتایی، دەربرین ئەوە بــوو چــەند ڕاپۆرتێك بەرزکرایەوە، لەوانەش لە ڕاپۆرتێکیاندا واتا بەر لە سێ ساڵ ئاماژە بە خاڵە لاوازەکانی پەرتووکی کۆن کرابوو، هەروەها داوای ئەم گۆرانکاریە کرابوو کەوا ئێستا لەم پرۆگرامە نوێیەدا بــەدی دەکــەم، ئــەوەش جێــی دڵ خۆشــییە نــەك لەبەرئــەوەی سیســتەمە کۆنەکــە کــەڵکی نــەبووە، بــەڵکو لەگــەڵ گۆڕانکارییــەکانی ســەردەمدا نەدەڕۆیشت .

جاری وا هەیە وەزارەت دەست پێشــخەری دەکــات لــەوەی لــەڕێی پەیوەندییــەکانی دەرەوەو دنیای پێشکەوتنی تــازە، دەچــێ سیســتەمی نــوێ و پرۆگــرام و هۆیــەکانی فێرکردنیان و، جۆری بەکارخستن و بەرێوەبــەردنی ئــەو شــتە نوێیانــە، دێنێتــە نــاو بەرنامەو کاری خۆی و کاری پێویســتیان لەســەر دەکــات و بــۆ ماوەیــەك لــە چــەند شوێنێکی تایبەت دا، تاقی کردنەوەی لەسەر دەکات، تــا ئەگــەر زانــی بەراژەیــەکی گونجاو قوتابییانی ئەو قۆناغەی سیستەمەکەی بۆ هاتووە، سوودی لێ دەبینرێ ئــەوا دەیخاتە بەرنامەی کاری قوتابخانەکان و دەخوێنرێ.

- له شوێنێکی تردا بەرێزیان دەفەرموون (ئایا لە کوردستان هیچ کەس نەبووە بتوانێ بەشداری لە گۆرینی ئەو پرۆگرامە بکات، کە بگونجێت لەگـەڵ هـزروبیری منـدالآنی کورد. کوا رۆڵی ئەو هەموو زاناو پرۆڤیسۆرو دکتۆرانەی بیرکاری؟!.

بـەڵێ بـەپێی فرمـانی وەزاری / پێکهێنـانی لیژنـە پسـپۆرییەکان بـەژمارە ٢٠٦٢ لەبـەرواری ٢٠٠٧/٢/١٨ بـۆ دراسـەت کردنـی تاکـەکانی پرۆگرامـی هـارکورت، کۆبوونـەوەیك سـازدرا. هـەروەها لـە بـەرواری (٢٠٠٧/٢/٢٠ و ٢٠٠٧/٢/٢٦ و ٢٠٠٧/٣/٥ و ٢٠٠٧/٣/٦) کـە دانیشـتنی بـەیانی و دانیشـتنی ئێـوارەی تێـدا ئەنجامدراوە، کە کۆمەڵێك مامۆستای پسـپۆرو زانـاو پرۆفیسـۆرو سەرپەرشـتیارانی پەروەردەیی بیرکاری و بـەئامادەبوونی شـارەزای پرۆگرامـەکانی بیرکـاری لـەدیوانی وەزارەتی پەروەردە، هەروەها بەئامادەبوونی ئەندامی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالآ لە پەرلەمانی کوردستان. لەم کۆبوونەوانەدا کۆمەڵێك گۆرانکاری کراوە ئەو بابەتانـە یاخود ئەو شێوازانەی کەلەگەڵ واقیعی ئێمەدا ناگونجێـت لابـراون حیسـابی ژمـارەی زۆری قوتابییان کراوە راهێنانی زۆر کەم کراوەتەوە.

گەلێ جاریش باس لـەوە دەکـرێ کـە ئاسـتی زانسـتی قوتابییـان لـە قۆناغـەکانی خوێندندا رووڵەدابەزینە. ئەگەر ئێمە بێین و باس لە ئاستی زانستی قوتابییان بکـەین هیچ پەیوەندیەکی بەو سیستەمە نوێیەوە نیە.
چونکە ئەم سیستەمەی کە رەخنـەی لێ دەگـری هـەمووی سـاڵێکە تەمـەنی. ئـەو قوتابییانەی لەسەر سیستەمە کۆنەکە فێرکراون کە ئێستا لە پۆلی دووەمی ناوەنـدی (واتا قوتابی پۆلی هەشتەم) وبگرە بەرەو سەرەوەن، قوتابییـەکانی تەنانـەت کـرداری

دابەشی درێژ نـازانن، لـە هـەمووی سـەیرتر قوتابییـەکی پـۆلی دووەمـی ناوەنـدی لەحالەتی وانە ووتنەوەدا لێم پرسی (٢ + ٠ = ؟) وەڵامەکەی بەم شێوەیە دامەوە مامۆستا (٢+ ٠ = سفر) کەچی زۆریش پێ ی دادەگرت کە وەڵامی پرسیارەکەمی بەراستی داوەتەوە کۆمەڵێ شتی لەو جۆرانە، سیسـتەمە کۆنەکـەی بیرکـاری بـەڕای ئێمە هەمووماتی لە قالبێکی تەسـك دا دەهێشـتەوە و نەیدەهێشـت بـە ئـارەزووی خۆمان شتەکان لێك بدینەوە .

بەڵام سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری هەرچەندە لەگەڵتم کە پێویستی بـە زیـادکردنی بینایەی قوتابخانە و کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابییان لە پۆلدا هەیە بەڵام نابـێ ئـەم هۆکارانەش وامان لێ بکات هەنگاو بەرەو پێشەوە نەنێین. بەڵێ وەکـو مامۆسـتایەك کە لەم بوارەدا وانە دەڵێمەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و کەم و کووڕیشی دەبـێ، بەڵام نابێ ئێمە بڵێین سیستەمەکە خراپە. دەبێ هەنگاو بەهەنگاو کەم و کوریـەکان نەهێڵین و هەوڵی چارسەرکردنی وپرکردنەوەیان بدەین .

منیش وەکو بەرێزتان دەترسام لەوەی ئەم پرۆگرامە سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ، بەڵام بەرلەوەی لەسەر قوتابییانی پۆلی یەکەم تاقی بکەمەوە لەسەر منالێکی تەمەن پێنج سالێم تاقی کردەوە. بەبەڵگەشەوە دڵنیات دەکەمەوە کە هەموو شـتەکانی بـەجوانی لێ وەرگرتم لە سیستەمی نوێی بیرکارییەکەوە. هەر سێ ژمارەی (١ ، ٢ ، ٣) فێربوو هەرچەندە تەمەنی شەش سالێش نیە هەروەها بەراوردی نێـوان هەرسـێ ژمارەکـەش فێربوو کۆمەڵەشی دیار دەکرد کە بەچەند زیاترە و بەچەند کەمترە. هەروەها لـەکاتی کردنەوەی خولی یەکەمی بیرکاری لە بەرواری ٦ / ١٠/ تا ٩/ ١٠/ ٢٠٠٧، هەروەها

خولی دووەمی بیرکاری لە بەرواری ٢٧/ ١٠ تا ٢٠٠٧/١٠/٣٠ دا، هەر بۆ دڵنیابوونی مامۆستایان کۆمەڵێك لە قوتابییانی پۆلی یەکەم و پۆلی دووەم و پۆلی سێیەم، لەبەردەم مامۆستایانی خول وانەی مەشقییان لەسەر گوتراوەتەوە، بۆ ئەوەی بزانین ئەم کاتەی دیاری کراوە دەگونجێ یان نا، یاخود قوتابییانی پۆلی یەکەم ئەم سیستەمە لەسەریان قورس نابێ، بە دڵنیاییەوە ئەگەر هەستم بەوە بکردبایە کە ناگونجێ، ئەوامنیش لەلای خۆمەوە بەرێوەبەرایەتی پرۆگرامەکانم ئاگادار دەکردەوە. بەڵام زۆر بەجوانی قوتابییەکان کە بۆ یەکەم جاریش ئەو وانەیان بۆ گوتراوەتەوە هیچ گرفتێکی نەبووە. هەروەها سەبارەت بە پۆلی دووەم و پۆلی سێ یەم لەبەر زۆری پرسیارەکان رەنگە هەندێ کاتی زیاتری بوویت ئەمەش گرفت نیە، چونکە ساڵانە بەرێوەبەرایەتی پرۆگرامەکان بە کەمووکورتی ئەم پەرتووکانەدا دەچێتەوە هەولی چارەسەرکردنیان بۆ دەدات، دەبێ ئێمەش هەنگاو بە هەنگاو بەرەوپێشەوەی بەرین، کەواتە لاوازی ئاستی قوتابییان بۆ چەند هۆکارێکی تر دەگەرێتەوە کە ئەمە باسێکی ترەو بەدەر لە پرۆسەی سیستەمەکەیە.

لەشوێنێکی تردا دەفەرموون ... (پرسیارێك دەکەم ؟ ئەگەر ئەم پرۆگرامە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا ، ئەوە ئەنجامەکەی چی دەبێت و کێ لێی بەرپرسیارە ؟) ئەگەر بەم توندو تیژییە پێشوازی ئەم پرۆگرامە نوێییە بکەین ئەگەر پیاو بۆ خوا قسەبکات پرۆگرامەکە هەروەکو خۆتان ئاماژەتان پێ کردووە :

(ئەگەر بەوردی سەرنجی ناوەڕۆکی پەرتووکە کەبدەین ، دەردەکەوێ هەمان ناوەڕۆکی پەرتووکە کۆنەکەیەو هیچ جیاوازییەکی لە ناوەڕۆکدانیە وەداواش دەکەیت کەسێك هەڵسەنگاندنی هەردوو پەرتووکە کۆن و نوێیەکە بکات).

جا ئەوەتا منیش لێرەدا دەپرسم: ئەگەر هەر هەمان ناوەڕۆك بن چ گرفتێكی هەیە كەواتە لە ناوەڕۆكی كتێبە كۆنەكە لای نەداوە، بەڵام بەرێگاو شێوازێكی رێكو پێكتر روون كراوەتەوە، چ بۆ قوتابی چ بۆ مامۆستا و چ بۆ دایك و باوكی قوتابی. كەواتە هەر ئەوەیە كە شێوازی گەیاندن و فێركردنی قوتابییەكان بە شێوەیەكی نوێتر گۆڕاوە، كە هەر ئەوەشە مەبەستەكە. كەواتە ئێمە هەموومان لە شێوازی فێركردنەكە بەرپرسیارین نەك لە ناوەڕۆكی كتێبە كۆن و نوێیەكە.

لەشوێنێكی تردا دەفەرموون ... (مامۆستایەكی بەناوبانگ و زیرەك، لە قوتابخانەی بەهرەدارانەو وانەی بیركاری لە پۆلی شەشەم دەڵێتەوە، رای خۆی دەربارەی ئەو پرۆگرامە دەربڕی و لە وەڵامدا گوتی: كوڕێكم هەیە لەپۆلی دووەمەو شەوانە هەوڵی فێركردنی دەدەم. بەڵام لەبەر زەحمەتی درەنگ فێر دەبێت).

بەڵێ ئێمە هەموومان ئەوە دەزانین، مامۆستای قوناغی سەرەتایی لەگەڵ مامۆستایانی قوناغی ناوەندی و دواناوەندی زۆر جیاوازە، چونكە ئەو سەبرو ئارامی وخۆراگرییەی لەگەڵ منداڵ لەلایەن مامۆستایانی قوناغی سەرەتاییدا هەیە و بەدی دەكرێ، لەلایەن مامۆستایانی قوناغی ناوەندی و دواناوەندیدا نیە. دەتوانن تاقی بكەنەوە كەوا ئەو بابەتانەی مامۆستایانی سەرەتایی دەتوانن بە رێگاو شێوازی تایبەتی بیگەیەننە قوتابی، جیاوازە لەگەڵ شێوازی مامۆستایانی ناوەندی و دواناوەندی هەروا بە پێچەوانەوەش .

بەڵام خۆ ئەم پرۆگرامە نوێیە هەر قۆناغەو مامۆستای رێبەری خۆی هەیە، ئاخۆ ئەم مامۆستا بەرێزە رێبەری مامۆستای پۆلی دووەمی خوێندۆتەوە تا بزانێ چۆن وانەکە وبە چ شێوازێك بۆ کورەکەی روون بکاتەوە، یا هەروا سەیری پەرتووکەکەی کردووە، تا بەو شێوازەی کە خۆی پێی باشە ئاوا بیگەیەنێتە منداڵەکەی .

کەواتە لەبەرئەوەی خۆی کارەکەی بە تەواوی ئەنجام نەداوە، نەك لەبەر زەحمەتی پرۆگرامەکە، بۆیە بەزەحمەت توانیویەتی منداڵەکەی فێربکات.

قوتابی کە مامۆستای خۆی هەبوو پیویستی بەکەسی تر نابێ، خۆ ئەگەر پێویستیشی بەوە هەبوو کەسێکی تر وانەی پێ بڵێتەوە دەبێ ئەو کەسە (رێبەری مامۆستا) بخوێنێتەوە ئینجا هەنگاوی فێرکردن بنێت.

- مامۆستای زۆر رێزدار و هێژا مامۆستا عەبدوللەتیف شەریف دەفەرموێ :

(قوتابخانەکانی ئەوان (مەبەست هەندەرانە) هەموو جۆرە پێداویستیەکانی خوێندنی تێدا بەدی دەکرێ، لە هۆیەکانی فێرکردن و کورسی دانیشتن و تەختەی نووسین و تەلەفزێون و کۆمپیوتەرو ...هتد.)

لە مامۆستای بەرێز دەپرسین: ئایا لە سیستەمە کۆنەکەی بیرکاری واتە (ریاضیات معاصرة) سیستەمەکە چۆن بوو مامۆستا ئاوا دەقاو دەق بەکاری دەهێنا ؟! یاخود مامۆستا (رێبەری مامۆستای) لە سیستەمە کۆنەکەی بیرکاری کە هەبوو بەکاری دەهێنا ؟ ئەگەر نا ئەی بۆچی ئاشنایی لەگەڵ ئەو رێبەرەدا دروست نەدەکرد، تا لە هەموو کات پێی بێت و لەوەختی خۆیدا بەکاری بێنێ !!؟.

خۆ له پرۆگرامی (رياضيات معاصرة) لـه پـەرتووكی مامۆسـتا روونـی كردبـۆوه هۆيەكانی فێركردن لەچەند جانتايك پێك دێت و مامۆسـتا و قوتـابی دەبـێ جانتـای هۆيەكانی فێركردنی خۆيان هەبێ. بەپێی هەر قۆناغێكی خوێندن بـەكاری بێـنن بـۆ نموونه :

سيستەمە كۆنەكەی بيركـاری بـۆ قوتابييـانی پـۆلی دووم (١٢) جانتـای هۆيـەكانی فێركردنی داناوه و هەريەكەيان كۆمەڵێك هۆيەكانی فێركردنی تايبەتی له خۆ دەگرێ. بەپێی ناوەڕۆكی بابەتەكانی ناو پەرتووكەكه وەكو :

- جانتای (١): كۆمەڵەی بەرجەستەكان (مجموعة مجسمات)
- جانتای(٢):كۆمەڵەی ناوچه رووتەختەكان (مجموعة مناطق مستوية)
- جانتای (٣): كۆمەڵەی چەماوەكان (مجموعة منحنيات)
- جانتای (٤): تابلۆی ئەندازەيی (اللوحة الهندسية)
- جانتای (٥):پارچه دراوه خۆجێيەكان (وحدات النقود المحلية)
- جانتای (٦): پارچه دراوی كەنداوييەكان (وحدات النقود الخليجية)
- جانتای (٧): پارچەكانی دنيز (١) (قطع دنيز (١)
- جانتای (٨): پارچەكانی دنيز (٢) (قطع دنيز (٢)
- جانتای (٩): ژمێرەری ئاسايی (معداد معتاد)
- جانتای (١٠): ژمێرەری لێكدان (معداد الضرب)
- جانتای (١١): هۆيەكانی پێوان (وسائل قياس)
- جانتای (١٢): تەنه ناوچەييەكان (أجزات المناطق)

ئەم دوانزە جانتایەی هۆیەکانی فێرکردن تایبەتن بە پۆلی دووەم بۆ مامۆستاو قوتابی. (٣٦) سی وشەش ساڵە ئەم پرۆگرامە دەخوێنرێ . کێ تا ئێستا ئەم جانتایانەی هۆیەکانی فێرکردنی بەکار هێناوە یا خود بینیویەتی؟ ئێستاش ئەگەر پرسیار لە مامۆستایان بکەین پارچەکانی(دنیز) یانی چی هیچی لێ نازانن، هۆی نەزانینەکەشیان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە بەکاریان نەهێناوە و لەبەر دەستیان دا نەبووە و هەر ناویشیان نەبیستووە. کەچی وێنەکەشی لە پەرتووکی قوتابی دا هەیە و کەسیش نەیزانیوە ئەوە پارچەکانی دنیزە:

کەواتە سیستەمە کۆنەکەی بیرکاری جانتای هۆیەکانی فێرکردنی بۆ قوتابییان دانابوو، واتا دەبوایە قوتابی بۆ هەموو بابەتەکانی خوێندنی بیرکاری جانتای هۆیەکانی فێرکردنی خۆی هەبێ، بۆ ئەوەی لەکاتی خوێندنی هەر بابەتێك قوتابیش وەك مامۆستا جانتای خۆی لەبەردەمی خۆی دابنێ. کاتێ مامۆستا وانەکە روون دەکاتەوە ئاواش قوتابی لەگەڵ مامۆستا کارەکە ئەنجام بدات. بەڵام کەهۆی فێرکردنەکان وەك لەڕابەری مامۆستادا دیاری کراوە و بەکار نەهێنراوە ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، کە نازانین خەتای کێیە !

کەواتە دەپرسین بەکارنەهێنانی جانتای هۆیەکانی فێرکردنیش رەنگە بۆ ئەوە بگەرێتەوە کە نەتوانرا ئەم هەموو جانتایە بۆ قوتابییان و مامۆستایان دابین بکرێ، بەڵام ئێستا لە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا، قوتابی و مامۆستا بە ئاسانی هۆیەکانی فێرکردنی بیرکاریان لە دەوروبەرو ژینگەی خۆیان دەست دەکەوێت و هیچ گرفتێکی وای نیە .

تەنانەت لە سیستەمە کۆنەکەی بیرکاریدا، رێبەری مامۆستاش بەکار نەهێنراو بەدەست نەدەکەوت، ئەگەر بەدەستیش کەوتبا ئەوا بەزمانی عەرەبی بوو کەوا زۆر چاك دەزانین مامۆستایانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەو مامۆستا بەرێزانەی تازە دەرچوون، زۆر چاك عەرەبی نازانن ئەوا وای دابنێین کە ئەوانەی عەرەبیشیان دەزانی، تووشی گرفتێکی تر دەبوونەوە کە (پەرتووکی قوتابی) بە کوردی و (رێبەری مامۆستا) بەزمانی عەرەبی بوو، ئەوەشیان تارادەیەك چارە دەکرا بەڵام لاپەڕەی (پەرتووکی قوتابی) لەگەڵ (رێبەری مامۆستا) کەدا رێکنەدەکەوتەوە، بۆیە:

مامۆستا زۆر هیلاك دەبوو و توانای گەڕانی نەدەما چونکە هەموو کاتەکەی بە دوای دۆزینەوەی لاپەڕەی بابەتەکە لە (رێبەری مامۆستا) دا سەرف دەکرد. تا دەگەیشتە ئەنجامەکەی بەڵام ئەم ماندووبوون و گەڕانە، وای لە مامۆستا دەکرد جارێکی تر خۆی تووشی ژانە سەرنەکا و بە ناچاری دەچوو هەر سەیری لاپەڕەی (پەرتووکی قوتابی) دەکردوو بەو شێوازەی کەخۆی پێی چاك بوو چۆن تێی دەگەیشت ئاوا بابەتەکەی بۆ قوتابییان روون دەکردەوە.

بەڵام ئێستا مامۆستا لە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاری تووشی ئەو وەرەزی و بێزاربوونە نابێ، چونکە لاپەڕەی (پەرتووکی قوتابی) ژمارەی لاپەڕەی یەکسانە لەگەڵ (پەرتووکی مامۆستا) دا وەکو یەکەو وێنەی لاپەڕەکەش لە(پەرتووکی مامۆستا) دا بەشیکارو وەڵامی ڕاستەوە هەیە، کەواتە مامۆستاش دەحەسێتەوە بەبێ دڵە ڕاوکێ وانەکە بەشێوازێکی جوان دەڵێتەوە.

- له شوێنێكی تردا دەفەرموون :

(بۆ هەر پۆلێك ٤ كتێب چاپكراوە ، ٢ بۆ قوتابییان و ٢ بۆچالاكی جگە لە كتێبی مامۆستا پێشتر دوو كتێب بۆ هەر پۆلێك هەبوو، یەكێكیان بۆ چالاكی كە زۆر گرنگ بوو چونكە ٣ جۆر پرسیاری تێدا بەدی دەكرا و بۆ قوتابییە بەهرەدارەكان كەتەنها ئەوان شیكاریان دەكرد، بۆ ئەوەی ئاستیان زیاتر بەرز بێتەوە. جۆری دووەمیش بۆ قوتابییە دواكەوتووەكانە تا بگەنە ئاستی ئەوانی دیكە، سێیەمیش بۆ سەرجەم قوتابیەكانە، كە سەركەوتنی بەدەست نەهێنا. لە قوتابخانەكاندا تەنها یەك كتێب دەخوێندرا زۆر قوتابخانەش تەنها كتێبی چالاكییان دەخوێند).

لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێین :

راستە بۆ هەر پۆلێك چوار پەرتووك چاپكراوە (٢) دوو (پەرتووكی قوتابی) و (٢) دوو(پەرتووكی ڕاهێنان) نەك (دوو) پەرتووكی چالاكی كە بەرێزتان باسی دەكەن. (پەرتووكی ڕاهێنان) لە جیاتی دەفتەر بەكاردەهێنرێ لە پۆلدا نەك وەكو (كتێبی چالاكی)، هەروەها سەبارەت بە بەكارنەهێنانی (پەرتووكی چالاكی) لە سیستەمە كۆنەكەی بیركاریدا، دەبوایە هەموو ساڵێ قوتابی (پەرتووكی چالاكی) وەربگرێ، چونكە ئەم پەرتووكە هەندێك جار داوای لە قوتابی دەكرد، بۆ بڕینی زۆرینەی وێنە ئەندازەییەكان یاخود هەر وێنەیەكی تر مقەست بەكاربهێنێ، یا جاری وادەبوو لاپەڕەیەكیان هەر بەتەواوەتی لێ دەكردەوە. مامۆستا چاوی لێدەكرد و هەڵەكانی بۆ ڕاست دەكردنەوە.

لە ماوەی ئەو چەند ساڵەشدا كەمن مامۆستای ئەو بابەتەم تا ئێستا كتێبی چالاكیم بەدەست مامۆستاو قوتابییەوە نەدیوە. بەڵام سەبارەت بە هەردوو (پەرتووكی قوتابی)

و (پەرتووکی ڕاهێنان)، هیچ قورساییەکی تێدانیە قوتابی لەجیاتی ئەوەی دەفتەرێك بۆ وانەی بیرکاری تەرخان کا و نموونـەی سـەر تەختـەرەش و (پـەرتووکی قوتـابی) نەقڵی سەر دەفتەر بکات . قوتابی دەفتەرێکی ئامـادەی لەبـەر دەسـت دادەبـێ بـێ ئەوەی تووشی وەرەزی و بێزار بوون بێ لەکاتی شیکار کردنی پرسیارەکان و کـاتێکی زۆریش بەنووسینەوە سەرف بکات. ئەوا یەکسەر (پەرتووکی ڕاهێنـان) زۆر بـەجوانی جێگـای شـیکارکردنی پرسـیارەکانی بـەجێ هێشـتووە، قوتـابی تـەنیا وەڵامـی پرسیارەکەی لەسەر دەنووسێ کەواتە ئەرکێکی زۆری لەسەر قوتابییان کەم کردۆتەوە. وە نابێ لەسەرەتاوە حوکوم بدەین کێ ناڵێ هەر دوو (پەرتووکی قوتابی) دەبێ بەیـەك پەرتووك و هەر دوو (پەرتووکی ڕاهێنان) دەبێ بەیـەك پـەرتووك. کـێ ناڵـێ لەبـەر نەبوونی کاتی گونجاو بۆ تەرجەمەکردن، کراوە بە دوو بەرگ تا بە زوویی بگاتە دەست قوتابی و مامۆستا.

- لە شوێنێکی تردا بەڕێزیان دەفەرموون:

(لەلاپەڕە (٢) زنجیرەی پەرتووکە کەدا نامەیەك بۆ کەس وکاری قوتابییان هـاتووە، منداڵەکانیان فێری جووت بوون لە نێوان دوو کۆمەڵەدا بکەن). لێرەدا دەپرسم بەڕێزان کەس و کاری منداڵەکان دەزانن جووت بوون چییە؟).

- خۆ نووسینی ئەم نامەیە بۆ کـەس وکـاری قوتابییـە واتـا کـەس وکـاری قوتـابی لەسەرەتای هەر بەشێك ئاگادار دەکاتەوە، کە لەم بەشەدا قوتابی فێـری ئـەو شـتانە دەبێ بۆ ئەوەی ئەوانیش لە ماڵەوە ئاگاداربن، تا بـزانن منداڵـەکانیان لەسـەر ئـەو شتانە هەڵبسەنگێنن کە لە قوتابخانە وەریان گرتووە تا چەند لەو بابەتە فێربوونە ؟

- هەروەها بەڕێزیان دەفەرموون:

(لەبەرامبەریشدا باوکی قوتابی و کەس وکاری سوودی لێ وەرناگرن، چونکە زۆر بەیان خوێندەوارییان نییە، خۆ ئەگەر خوێندەواریش بن ئەوە بایەخی پێ نادەن. خۆ ئەگەر بۆ مامۆستاش بێت هەمان ناوەڕۆك بەدرێژی لە پەرتووکی مامۆستا نووسراوە، واتە زیادەیە).

ئێمە پێمانوایە: ئەگەر دایك و وباوکی قوتابی نەخوێندەواریش بوون، ئەوا خۆ مامۆستا نامەکە بۆ قوتابییەکانی دەخوێنێتەوە و پێیان واژوو دەکات کە ماڵەوە ئاگادار بکەنەوە. بەڵام خۆ هەموو دایك وباوکەکان نەخوێندەوارنین .

خوێندەواریش هەیە و نیمچە خوێندەواریش هەیە. نابێ خوێندەواری و نەخوێندەواری بکەینە پێوەر. دەبێ تەماشای چەندساڵێکی تر بکەین .

ئەی دەپرسین دەوری سەرپەرشتیارانی پەروەردەو مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان چیە؟ تا بتوانن دایك و باوکی قوتابی لەسەر ئەم سیستەمە نوێیە رابهێنن و ئاگاداریان بکەنەوە، بەتایبەتی لەکاتی کۆبوونەوەی دایکان و باوکانداو باسی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم سیستەمە نوێیەیان لەگەڵدا بکرێ، ئەگەر بۆ کەمێکیش بێت. تا بەرە بەرە ڕادێن. کەواتە نووسینی ئەم نامەیە وادەکا، پەیوەندی نێوان مامۆستاو دایك وباوکی قوتابی و قوتابخانە پتەوتربێ، چونکە دەزانن لە خوێندنی ئەم بەشەدا ئامانجییان چییە؟.

سەبارەت بە جووت بوونیش لەنێوان دووکۆمەڵەدا هەر زۆر ئاسانە، چونکە جووت بوون بەکاردەهێنرێت بۆ دیار کردنی دوو کۆمەڵەی یەکسان لە ژمارەدا. کەواتە ئەگەر قوتابی دوو کۆمەڵەی جیاوازی هێنا، واتە کۆمەڵەی گوڵەکان و کۆمەڵەی گوڵدانەکان

ئەگەر بەقەد یەك بوو ئەوا جووت دەبن ئەگەر بەقەد یەك نەبوو ئەوا جووت نابن. کەواتە زەحمەتییەکەی لەچی دایە .

- لە شوێنێکی تردا بەڕێزیان دەفەرموون:
- (دیسان دەپرسم کەس وکاری منالەکان دەزانن کۆمەڵە چییە؟).
خۆ ئێستا ئێمە لەسەردەمانێکی تردا دەژین پێم وانیە کەس نەزانێ وشەی کۆمەڵە چییە تەنانەت بەرگوێشم کەوتووە کەبەکاریان هێناوە (کۆمەڵێك گوڵ ، کۆمەڵێك پیاڵە ....هتد) کە نەخوێندەواریشە تەنانەت ئەو کۆمەڵگایەی کە ئێمەی تێدا دەژین کۆڵەوارنین، بەڵکو چینی رۆشنبیرو مامۆستاو دکتۆر و قوتابی زانکۆ و فەرمانبەر و ئەوانەمان هەمووی هەیە، خۆ لە سفرەوە دەستمان پێ نەکردووە تا نەزانین کۆمەڵە چییە، ئەمڕۆش هیچ ماڵێك بێ چەند خوێندەوارێك نیە، هەرنەبێ خوێندەوارێکی تێدایە، ئەگەر نەشبوو ئەوا مامۆستا وەك تای تەورداس ڕاوەستاوە.

- لە شوێنێکی تردا بەڕێزیان دەفەرموون :
(چەند قوتابی دەزانێ ژمارەکانی خۆبەش و دابەش چییە؟).
ئێمە دەبێ بپرسین ئایا لە سیستەمە کۆنەکەدا، قوتابییان دەیانزانی ژمارەی دابەش و ژمارەی خۆبەش چییە ؟! ئێستا ئەوانەی لەسەر سیستەمە کۆنەکە بیرکارییان خوێندووە بگرە بەرەو وپۆلەکانی (٧و٨و٩و١٠) و تا کۆلیژەکانیش، تاك تاکە نەبێ دەنا زۆربەی هەرە زۆریان بەتەواوەتی نازانن پێناسەیەکی تەواوی ژمارەی خۆبەش و ژمارەی دابەش بکەن، تەنانەت ئەگەر پرسیار بکەی لەچەند مامۆستایەکیش بڵێی ژمارە (١) دابەشە یا خۆبەشە لەوانەیە هەندێکیان بڵێن خۆبەشە و هەندێکیان بڵێن دابەشە؟

چەند جارێك ئەو پرسیارەم لەگەڵ مامۆستایاندا مناقەشە کردووە. دەربارەی ژمارە (یەك) بەڵام بەداخەوە دەڵێم ناتوانن هۆیەکەی بۆ قوتابییان روون بکەنەوە کە ژمارە (یەك) بۆچی نەخۆبەشە و نەدابەشە.ئەوە لە سیستەمە کۆنەکەی بیرکاری دایە.

بەڵام لەسیستەمە نوێیەکەدا هەروەکو لە ئەلقەی یەکەمدا روونکراوەتەوە کە تەمەنی (پەرتووکی بۆ هەمووان) یەك ساڵە. زۆر بەجوانی ئەم گیروگرفتانەی تێدا روونکراوەتەوە هۆیەکەشی بۆ مامۆستایان دیار دەکات.

- مامۆستای زۆر رێزدار و هێژا مامۆستا عەبدوللەتیف شەریف لە خاڵێکی تردا دەفەرموێ:

(چەند قوتابی دەزانن ژمارەی تاك و ژمارەی جووت چییە؟ چەندیان دەزانن ژمارەی تاك + ژمارەی تاك ژمارەیەکی جووتی دەست دەکەوێت ...هتد)

ئەگەر بێین سەیری (پەرتووکی قوتابی) لە پۆلی دووەمدا بکەین، لەبەشی دووەم وانەی چوارەم لەلاپەڕە (٢٥) دا، هەروەها(پەرتووکی مامۆستا)ش لەلاپەڕە (٢٥) دا، زۆر بەجوانی ژمارەی تاك و ژمارەی جووتی روونکردۆتەوە، کەواتە قوتابی جیاوازی نێوان ژمارەی تاك و ژمارەی جووت لەپۆلی دووەم دا فێردەبێ، نەك لە پۆلی سێ دا. قوتابی لەپۆلی سێیەمدا فێری (بەراوردکردنی ژمارەکان و ڕیزکردنی ژمارەکان و نزیکردنەوەی ژمارەکان) دەبێت. جاران لە سیستەمە کۆنەکەی بیرکاریدا قوتابی لەپۆلی پێنجەمدا فێری تاك وجووت و کۆکردنەوەی دوو ژمارەی تاك، یا کۆکردنەوەی ژمارەیەکی تاك لەگەڵ ژمارەیەکی جووت یا کۆکردنەوەی دوو ژمارەی جووت ویا ژمارەی خۆبەش و دابەش دەبوو. لەپۆلی چوارەمیشدا فێری نزیك کردنەوە و بەراوردکردنی ژمارەکان دەبوو. واتا پێش ئەوەی بزانێ ژمارەی تاك + ژمارەی تاك =

ژمارەیەکی جووت. کەواتە لە سیستەمە کۆنەکەی بیرکاری دا، قوتابی لەپۆلی پێنجەم دا فێری ژمارەی تاك و ژمارەی جووت دەبوو .

دەپرسین زۆر درەنگ نیە تا قوتابی لە پۆلی پێنجەمدا فێری ژمارەی تاك و ژمارەی جووت بێ؟ ئەو هەموو قۆناغە ببڕێ تا دەگاتە پۆلی پێنجەم ئینجا بزانێ ژمارەی تاك و ژمارەی جووت چیە؟! ئێستا بیرۆکەی فێرکردنەکان یەك بەدوای یەکدایەو قۆناغ دوای قۆناغە و لەسەر شێوازێکی رێك وپێك و نوێ قوتابی فێردەکات .
خۆ ئەگەر بەرێزیشیان مەبەستیان لەفێرنەبوون و نەزانینی ژمارەی تاك و ژمارەی جووتی پۆلی سێهەمی ئەمساڵە، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەم پۆلی سێهەمە زووترلەپۆلی دووەم دەرباز بووە و چۆتە پۆلی سێهەم و بەسیستەمە تازەکە رانەگەیشتووە تا فێری ببێ ... خۆ ئەگەر قوتابییانی پۆلی دووی سیستەمە نوێیەکە بگەنە پۆلی سێهەم، ئەوا مامۆستا دڵنیا دەکەمەوە کە تاك و جووتێکی زۆر پوخت ونەخت دەزانن. هەروەها هۆی تریش هەن وەك: خراپی شێوازی گوتنەوەی فێرکردنەکە کە بەتەواوی نەگەێنراوەتە قوتابی، نەك خراپی سیستەم و پرۆگرامەکە.

- لە شوێنێکی تردا بەڕێزیان دەفەرموون:
(لە پەرتووکی (بیرکاری بۆ هەمووان)دا، بەشێوەیەکی یەکجار فراوان بایەخ بەدراو و کات دراوە، کە ئەم دوو بابەتە منداڵان پاش ماوەیەکی کەم فێری دەبن، چونکە هەر دووکیان لە ژیانی رۆژانەیدا مامەڵەی پێدەکات لە فرۆشگای قوتابخانەو دەرەوەیدا).
منیش لەگەڵ ئەو بۆ چوونەی بەرێزیانم کە قوتابی ئەم دوو بابەتە بەماوەیەکی کەم فێردەبێ. بەڵام خۆ فێربوونەکەی جاران کە لە سیستەمە کۆنەکەی بیرکاریدا فێری دەبوو جیاوازە: ئێستا قوتابی بەگوێرەی ئەم سیستەمە نوێیەی بیرکاری قوناغ بەقوناغ

فێردەبێ، واتا بە شێوازێکی زۆر زانستیانەو ورد، هەموو بەشەکانی خوێندنەوەی (کات ژمێر) فێردەبێ کە جاران بەو جۆرە نەبوو. راستە قوتابی فێر دەبوو بەڵام چ فێربوونێك تەنانەت پاش نیوەڕۆ و پێش نیوەڕۆی جیا نەدەکردەوە نەیدەتوانی چۆنیەتی نووسینی کات، بە کاتژمێر بنووسێ.

جاری وا هەبوو فاریزەی دادەنا لەبری ئەوەی (:) دوو خاڵ لەسەریەك دابنێ بۆ نموونە:

ئەگەر بمانگووتبایە بۆمان بنووسە (کاتژمێر سێ و پانزە خولەکە) بەم جۆرەی دەنووسی ٣,١٥ ئەوەش هەڵەبوو. چونکە بەوقوڵییەی کەئێستا دەخوێنرێ ئاوا نەبوو. لە سیستەمە کۆنەکەی بیرکاریدا، بەشەکانی کۆتایی پەرتووکەکە باسی کات و فێربوونی کاتژمێری دەکرد، یانی کەوتبووە بەشەکانی دواوەی کتێبەکە. ئەوە بوو هەندێ قوتابخانە بەوەڕانەدەگەیشتن کە ناوەڕۆکی پەرتووکەکە تەواو بکەن، کەواتە قوتابی لە فێربوونی کاتژمێردا بی بەش دەبوو. بەڵام ئێستا قوتابی فێردەکات بەو شێوازە بنووسێ (٣:١٥) سێ و پانزە خولەك پاش نیوەڕۆ. کەواتە قوتابی فێردەکات بە کاتەکەوە پێش نیوەڕۆ و پاش نیوەڕۆ بزانێ.

مامۆستای بەڕێز: ئێستا شێوازی یەکجار زۆ بەکار هێنراوە بۆ فێربوونی کات کە لە پۆلی یەکەمەوە بۆ پۆلی دووەم و لە دووەمەوە بۆ پۆلی سێیەم دەگۆڕێ .

قوتابی لەپۆلی یەکەمدا بەشەکانی کاتژمێر دەناسێت و خوێندنەوەی کاتژمێر لەسەر کاتژمێرەکە فێردەبێ و چۆنیەتی نووسینی کاتیش بەکاتژمێرەکە.

بەڵام لە پۆلی دووەمدا قوتابی فێری خوێندنەوەی کاتژمێر بە چارێکەك، زانینی کاتەکانی پێش نیوەڕۆ و کاتەکانی دوای نیوەڕۆ دەبێت. خوێندنەوەی ڕۆژژمێر، نواندنی گوژمەی دراو بەڕێگای جیاواز، دۆزینەوەی کات بە کاتژمێر و نیو کاتژمێر.

بەلاَم لە پۆلی سێیەمدا قوتابی فێری خوێندنەوەی (کاتژمێر) بە خولەك و دۆزینـەوەی دەمـی نێوان دووکات بە خولەك، گۆرینی دراو لەنێوان پارچە جیاوازەکان و کاغەزە دراوەکاندا.
بەلاَم لە پۆلی چوارەمدا قوتابی فێری خوێندنەوەی دەم بەچرکە، دۆزینەوەی کـات بـە بەکارهێنانی (کاتژمێر)، کۆکردنەوەی دراو ولیَ دەرکردنیان دەبێت .
کەواتە فێربوونی لەسـەر شـێوازی سیسـتەمە نوێیەکـەی بیرکـاری، فێربـوونێکی پوخـت و زانستیانەیە، قوتابی فێری هەموو خوێندنەوەکانی کاتـژمێر دەکـات بـە بەشـەکانی کـات و نووسین و خوێندنەوە ونیو چارێك و چرکەو خولەکەوە، بەلاَم هەنگاوبەهـەنگاو نـەك لـەپۆلێك هەمووبەشەکانی کاتژمێری فێربکرێ .کەواتە فێربوونەکە بەگوێرەی هزری قوتابی دەبێ.

هەروەها سەبارەت بـە دراویـش، بـەم شـێوەیەی کـە کاتـژمێری پـێ روونکراوەتـەوە قوتـابی هەمووبەشەکانی دراو فێردەبێ و بەراوردی نێوان دراوەکان و ئالَوگۆرکردنیان و کەمترو زۆرتر و لێ دەرکردن و کۆکردنەوەیان فێردەبی (دەکات). بەرای ئێمەش ئـەم جـۆرە فێربوونـە فێربـوونێکی زانستیانەی رووت و پوختە، کە قوتابی فێردەبێ و لەبەری دەحەسێتەوە، چونکە ئێستاش ئەوەی بەسیستەمە کۆنەکە فێرکـراوە چـرکەو خولـەك وچـارەکە تێکـەلَ وپێکـەلَ دەکـات، هەشمانـە نەخوێندەوارە بەلاَم دەزانێ کاتژمێر بخوێنێتەوە بەلاَم بەم شێوازە زانستیانە نا.

- لە شوێنێکی تردا بەرێزیان دەفەرموون:
(چەند قوتابی دەزانێ هاوجێ بوون چییە؟)
سیستەمە کۆنەکەی بیرکاری زۆر بەجوانی روونی نەکردبۆوە، کە هاوجێ بـوون چـیە، کە قوتـابی لـەپۆلی شەشـەم دا وەری دەگـرت زۆر بـەگرانی فێـری دەبـوو، چـونکە روونکردنەوەکەی روونکردنەوەیەکی وانەبوو بۆ مامۆسـتا تـا قوتـابی بـەجوانی فێـر بکات.

بەڵام ئێستا لە سیستەمە نوێیەکەی بیرکاریدا لە پەرتووکی پۆلی دووەمدا، زۆر بەجوانی لە بەشی حەوتەم بەرگی یەکەم لەلاپەڕە (٩) دا، باسی هاوجێبوون و جووت بوون دەکات، هەروەها لە لاپەرەی(٩٩) ی (پەرتووکی مامۆستا) شدا، روونی کردۆتەوە کە چۆن هاوجێ بوون لە قوتابییان دەگەیەنرێ وبۆچی فێری ئەم بابەتە دەبن؟ هێڵی هاوجێ بوون بەکاردەهێنرێ بۆ دابەش کردنی شێوەیەکی ئەندازەیی بۆ دووبەشی یەکسان.

هەروەها لە پێشینەی بیرکاری دا هاتووە .

شێوە ئەندازەییەکان جووت دەبن، ئەگەر هەمان شێوەو هەمان پێوانەیان هەبێت. هەروەها جووت دەبن ئەگەر یەکێکیان بخرێتە سەر ئەوی تریان. شێوە ئەندازەییەکان هاوشێوە دەبن ئەگەر هەمان شێوەیان هەبێت، وە سەرنجی قوتابییان ڕادەکێشم بۆ هێڵی هاوجێ بوون کە لاکێشەکە دەکات بەدوو بەشەوە، ئەو هێڵەش شێوە ئەندازەییەکە دەکات بە دوو بەشی جووت بوو. جووت بوون کاتێك دەبێت کە شێوە ئەندازەییەکە دەنوشتێنیەوە بەپێی هاوجێ بوون. مانای ئەو دوو بەشەی هەمان شێوەو هەمان پێوانەیان هەبێت.

هەروەها لە(پەرتووکی بەرەنگار) (٧- ٢) لە لاپەڕە (٣٧) کە پیتەکانی ئینگلیزی هێناوەتەوە، زۆر بەجوانی هاوجێ بوون و جووت بوون دیار دەکات. کەواتە ئەگەر بەو شێوازەی روونکراوەتەوە، مامۆستا بەجوانی بیگەیەنێتە قوتابییان، چۆن قوتابییان نازانن هاوجێ بوون چیە.

- لە شوێنێکی تردا بەڕێزیان دەفەرموون :

لەلاپەڕە (١٨١) هاتووە: سالار (٤٨١) کارتی لایە، (٢١٨) کارتی لێ فرۆشت. (١٥٦) کارتی تری کڕی، سالار چەند کارتی هەیە ؟

بۆ تێ گەیشتن بە ئاسانی لەم پرسیارە، شیکار کردن و یاخود روونکردنەوەی بۆ قوتابییان، دەبێ وابێ کە لە نموونەی ئاسانەوە بۆ تێ گەیاندنی قوتابی بچین، ئینجا دەست بکەین بەشیکار کردنی پرسیاری لەم جۆرە، ئەوەش دەبێ بە روونکردنەوەیەکی چاك لە لایەن مامۆستاوەو بەستنەوەی بابەتەکەوە بێ بەژیانی رۆژانەی قوتابییانەوە.

کەواتە بۆ ئەوەی سەرنجی قوتابی بۆ پرسیارەکە راکێشین. یەکێك لە قوتابییەکان بانگ دەکەین. دەڵێین ئەحمەد پێنج دەستەبنێشتی پێیە، پاشان دەڵێین ئەحمەد سێ دەستەی لێ فرۆشت، پاشان چوار دەستە بنێشتی تری کڕی، ئەحمەد چەند دەستەبنێشتی پێیە؟ تا لە مانای پرسیارەکە بەتەواوی تێ بگەن، ئینجا بۆ خۆیان دەست دەکەن بەرێگاو شێوازی شیکارکردنی چۆنیەتی پرسیارەکە.

لەشوێنێکی تردا هەر لەسەر هەمان پرسیار دەفەرموون:

(کە قوتابی نازانێ پرسیارەکە بخوێنێتەوە، ئەگەر بشیخوێنێتەوە ئەوا پچڕ پچڕو برگە برگەیە، تەنها ئاگای لەوەیەکە پرسیارەکە بخوێنێتەوە ، دەنا لەماناو داواکاری پرسیارەکە ناگات).

جارانیش لە سیستەمە کۆنەکەدا، قوتابی دەگەیشتە پۆلی شەشەمی سەرەتایی و یەکەمی ناوەندی، نەیدەتوانی پرسیارە چیرۆکییەکان بخوێنێتەوە یاخود لەمانای پرسیارەکە بگات. بەڵام لەم سیستەمە نوێیەدا، هەر لە سەرەتاوە قوتابی فێری دایەلۆگ دەکات و فێری پرسیاری چیرۆکی دەکات. جاران قوتابی ئەگەر پرسیارێکی چیرۆکی دەهاتە پێشی (١٠) جاریش بیخوێندبایەوە، نەیدەزانی کۆکردنەوەیە یاخود کەم کردنەوە یا لێکدان یا دابەشە. جا نەك هەر قوتابی تەنانەت جاری وا هەبوو

مامۆستاش له دارِشتنی پرسیارەکه نەدەگەیشت و ناچار پرسیاری لەم ولەو دەکرد ئەوەش چەند رۆژێکی دەخایاند. هەندێ جاریش که مامۆستا خۆی لە پرسیارەکه نەدەگەیشت شیکاری پرسیارەکەی بەجێ دەهێشت و نەیان دەخوێند.

بەلاّم ئێستا مامۆستا پێویستی بەوەنیه پرسیار لەم ولەو بکات یاخود بشلەژێ، یەکسەر پرسیارەکه بۆ قوتابییان روون دەکاتەوە ئەوەش مامۆستا دەتوانێ رێ نیشاندەر بێ، چەند جارێك پرسیارەکه بۆ قوتابی بخوێنێتەوە تا رِایان بهێنێ، پاشان پرسیار له قوتابییان بکات که تا چەند له پرسیارەکه گەیشتوون و بۆی بگێرِنەوە. بۆ ئەوەی مامۆستا لەوە دلّنیابێت کە قوتابییەکانی لەمانای پرسیارەکه گەیشتوون ئینجا دەست دەکەن بەشیکارکردن. مامۆستاش پشت ئەستوورە بە (پەرتووکی مامۆستا) که پرسیارەکەی بەجوانی تێدا شیکار کراوە، کەواتە دەستە و وەستان نابێ و قوتابیش رِا دێ وله گرفتی زانینی خوێندنەوەو نەخوێندنەوەو پچرِپچرِی رزگاری دەبێ.

لێرەدا ئەوەندە ماوە بلّێم ئەگەر حەز بە تەمبەلّی نەکەین و تۆزێك لەگەلّ (پەرتووکی مامۆستا) دا خەریك بین و بخوێنینەوە سیستەمەکه زۆر بەجوانی دەرِواو گرفتی نابێ. بەلاّم ئێمە وا رِاهاتووین بێ بایەخ پێدان کارەکان ئەنجام بدەین و بێ ئەوەی خۆ ماندووبکەین. بە دلّنیاییەوە ئەمەش نەخۆشییەکی گوشندەیە رووبەرووی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بۆتەوەو دەبێتەوە و تائێستاش هەر بەردەوامە . ♥

♥بە سێ بەش له رۆژنامەی خەبات دا بلاّو کراوەتەوە .

١- بەشی یەکەم له بەرواری ٢٠٠٨/٩/٩ ژمارە (٢٩٦٦) لاپەرِی کاروباری کۆمەلاّیەتی

٢- بەشی دووەم له بەرواری ٢٠٠٨/٩/١٠ ژمارە (٢٩٦٧) لاپەرِی کاروباری کۆمەلاّیەتی

٣- بەشی یەکەم له بەرواری ٢٠٠٨/٩/١٦ ژمارە (٢٩٧٣) لاپەرِی کاروباری کۆمەلاّیەتی

* تێبینی/ ٢٠١٣/٦/٩ دیزان و پیت چینینەکەی تەواوبووە / شوارێ.